کامیل ژیر

هۆنراوە

# کوردایەتی

# و

# جوانی



کامیل ژیر
jeerkamil@yahoo.com

# کوردایەتی و جوانی

کۆمپوتەر:
چاپخانەی بابان / سلێمانی / 07701444000
تیراژ:
ژمارەی سپاردن:
مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە

# بێ پێشەکی

بۆ ئەم هۆنراوانەی، پێشکەش و پێشەکی نەنووسی. وتی:

- هۆنراوە، خۆی خۆی پێشکەش بە هەوادارانی ئەکات.
- پێشەکیش، ئەوە کاری ڕەخنەسازانە.

بەڵام ئێمە جێگەو بەرواری هۆنراوەکانمان بەپێویست زانی بۆ ئەوەی بزانرێ هەر هۆنراوەیەك لەکوێ و لە چ تەمەن و لە چ بارودۆخێکدا وتراوە، یا بلاّوکراوەتەوە، یا خوێندراوەتەوە، تارەخنەسازان و خوێنەرەوەش لەو ڕوانەوە هۆنراوەکان بنرخێنن. بەتایبەتی لەڕووی باری دەروونی و کاردانەوەو بوێریی هەستیارەوە.

بۆ نموونە: گرنگی بیست و حەوت ساڵەکەی بێکەس لەوەدایە کە لەسەردەمی دەسەلاّتی ئینگلیز و رووبەڕووی ئدمۆنز خوێندییەوە. بۆ ئەم هۆنراوانەش، هەر بۆ نموونە، گرنگە بزانرێ: هۆنراوەی گورگانە شەوێ ساڵی 1986 ڕووبەڕووی پیاوانی ڕژێم خوێندۆتەوە. هۆنراوەی بۆ کچێکی مهابادی کەناوی پێشمەرگەی تێدا هاتووە ساڵی 1985 لەگۆڤاری نووسەری کوردا بلاّوکردۆتەوە. هەروەها هۆنراوەی ئۆپەرێتی نازە لەهەمان ساڵی ئەو گۆڤاردا. هۆنراوەکەی بۆ شاکیر فەتاح ساڵی 1989 لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بلاّویکردۆتەوە. بەشی یەکەمی هۆنراوەی گوندەکان و ساڵی 1988 وتوویەتی و ناردوێتی بۆ پاسۆك لەشاخ. لەساڵی 1958 دوە گاڵتەی



بەبرایەتی داگیرکەران و کورد کردووە وەك لە هۆنراوەی کۆمیدیای برایەتیدا دیارە. لەپەنجاکانی چەرخی پێشووەوە بانگەشەی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆیکردوە وەك لەهۆنراوەی عەولەسیسەی قارەماندا دیارە. ساڵی 1989 هۆنراوەی لەبیرەوەرییەکانی ساڵانی دێرینی لەگۆڤاری بەیاندا بلاّوکردۆتەوە ساڵی 1957 هۆنراوەی بەهاری کوردستانی لەتەمەنی 23 ساڵیدا وتووە کاتێ کەلە ئەبوغرێب دوورخراوەی سیاسی بوە و هۆنراوەکەش پلەی یەکەمی وەرگرتووەو...هتد. بەوجۆرە هۆنراوەکانی دیش کەزۆریانی لەڕۆژەهەرە ڕەشەکانی ڕژێمی بەغدادا وتووە. بەبێ سلکردنەوەو ترس.

لەگەڵ ڕێزی:

محەمەد عەتا ڕەشید عەبدولڕەحمان

چاپخانەی بابان

سلێمانی 1/ 9 / 2009

# هەمان سوارەم

من لە و بیرە پەڕگرانەم
بەگژ هەموو جەردەکانا چوونەتەوە
من لەو سوارە سەرچڵانەم
لەهەڵمەتا بوون بەئاگر بۆنەتەوە
ئەشێ ئەستێرە رامابێ لەوەی ماوم هەتا ئەمڕۆ
لەناخیدا گومانیبێ لەتوانام و بپرسێ بۆ!؟
نەخێر یاران
من هەر هەمان ئەو ئاگرەی هەرزەکاریم، کلپەسەندووم
وەکو جاران
بۆ کوردەکەی بێ مافەکەم باج و دیاریم، من نەمردووم
ئەی ئەستێرەی پرس و گومان من وەکو تۆی تەماشاکار
دانانیشم دەستە ئەژنۆ هیچ لەبارا نەبووی لاسار!
ئەسووتێم تا ئەبمە ژیلەو
لەگۆڕیشدا ئەبمە مینی لەچاڵنانی ناجۆرانم
تاکو ئاڵای سەربەخۆیی
ئەدا مژدەی کامەرانی بەسەرتاپای کوردستانم

سلێمانی: 2007



# لەمەزادێکی ئاشکرادا

ملپێچێکی
دادڕاوی پۆپەشمینی موو وەریوی
ماندێلایان بەدەملیۆن لیرەی جاران
لەمەزادا هەڵسەنگان و
نرخیان بڕی
★
کاشانێکی
تازەباوی ئاوریشمینی دەسچنیوی
باڵانرخی عەرەفاتی تیرەی خۆمان
بەبڕێکی کەم نرخان و
کەس نەیکڕی!

سلێمانی: 2008

# هذا من فضل ربي

سامانێکی کتوپڕ

هی پیاوێکی پڕی خڕ

کۆشکی زۆری هەوادا

بێگوێدانێ بەواتا

یاڕێزێ بۆ ڕەوشتێ

خۆڕاگرتوو بەپشتێ

دوایی نووسیی بەعەرەبی

هذا من فضل ربی!

سلێمانی 2008



# سەرانی کورد

کە پرسییان:

سەرانی کورد

بەکام پێوەر گەلێ مەزن؟

بلێین بەوەی کەوا دوژمن

بەخوێنی وان

دەسی نەخشان

ئەوانەی مان!

سەرنجیاندەن بەچاوی ترس

هەتا مێژوو

ئەیانبێژێ

ئەیانکێشێ

بەئامێری گومان و پرس

سلێمانی: 2008

# بێبارانی

ئەمساڵ پایزم فرمێسکی نەڕشت بۆ کارەساتی نەمامی هەتیو
زستان سەرپۆشی ڕێزی نەپۆشی بۆ پرسەی گەڵای بەلێشاو
وەریو
ئەترسم دیسان
بەهاریش وەکو پایز و زستان
نائاسایی بێ، بێ بۆنی خۆشی
جۆگەی هاوینیش خەمی بێ ئاوی بگرێتە کۆشی
★★★
تۆ بڵێی یاران
ئەمساڵ خواوەندی بزورگی باران
ئەویش وەك ئێمە دڵی رەنجابێ
لەوەی ببینێ بوار گونجابێ
بۆ سەربەخۆیی و بۆ سەرفرازی
کەچی شوانکارەی لەیەك ناڕازی
ڕێز لەبەڵێن و پەیمان نەگرتوو
تەنیا بۆ دراو، بۆ سەروگیانی یەكتری ماندوو
شوانی نادانی ناپەرۆشی پەز
گوێ نەداو بەوەی سووتێنەری رەز
وەك جاری پێشوو
بماندا بەشووا؟

سلێمانی: 1999



# پەژارەی نامۆیی

پەپوولەی ئارەزووی ویستم بێ سرەوتە
لەدووی هیوایەکی بەرزی دوورەدەستە
کاتەکانی هەموو ژینم
بیرو بازوو و گوڕ و تینم
لەپێناوی مژینی شیلەی گوڵێکا
لەهەر شاخێ، بنی بەردێ، یاگڵێکا
بەبێ ئارام
بەبێ ئاکام
ئەکێڵێ بۆ رەگی ونبووی گوڵی ئاوات
بەبێ هوودە وەکو چاری بەسەرچووی کات
ئەڕۆم و وێڵ و ئاوارەم
مەلی نامۆی سیا چارەم
هەنگی کارم بەجێماوە لە شاهەنگی
لەجیاتی گوڵ ئەچێژی ژاری دڵتەنگی
بەئەشکی سوور لەسەر بەردو چەوێڵ و دار
ئەکێشم هێڵی روخساری گەشی شاکار
سەرووی باڵای لەئاسمان و زەوی و ئاوا
ئەچێت و دێ لەبەرگی بووکی رازاوا
ئەڕۆم و لێو بەبارێکم
دەسی بەسراوی چارێکم
لەڕێی تاکانەکەی ونبووم

سەری سەودا سەری تینووم
هەنسك و كوڵپی گریانم
خوڕەی ئەسرینی چاوانم
دەنگی ناڵەی دەروونی پڕخەم و ئازار
چڕینێكن لەشێوەی شیوەنی هۆزار
نەگریاوم، نەبەردی تۆف و زریانم
بەمشتۆی ناو هەمانەی خۆمە گریانم
ئەڕۆم و ئەسپی شاهانەم ئەئاخێنێ
بەهای كاتم بەلای چەپدا ئەچەرخێنێ
كەژاوەی ژین تروسكەی تیانەما تۆزێ
نەفریادێ، نەچاوێكی گەشی سۆزێ
ئەڕۆم و بیری ئەم كارەم
سەری سوڕماوی ئەم بارەم
ئەڵێم و خەڵكی تێم ناگەن
لەڕێگادام و پێمناگەن
ئەڵێی وردەی تواوەی مس لەگوێیانە!
جنۆكە و خێوی ئەفسانە لەڕێیانە!
ترازووی كێشی واتا لارو لاسەنگە
نەبوونی داد و ئاكارە، رەوا نەنگە
گوڵم خەڵتانی خوێنی تیغی ناپاكە
لەجیاتی ئەو، برە و بۆ خارو خاشاكە
شكستی بیرو كاڵایە



دەروونم پڕ سكاڵایە
بەكورتی مۆتەكەی ئەم راز و ئازارە
لەدەوروبەر، نەبوونی هۆشی هوشیارە
چ دەورێكە!؟ هەتا ناخی نەزانینە
بەهاریشی، خەزان و شیوەن و شینە
ئەڕۆم و شۆرەسواری راگوزارێكم
لەسۆراخی هەلێكی ڕێگە چارێكم

سلێمانی: 2008

# بوون و چوونم

کەژاوەی راگوزاری ژین، بەرەو دادێری کۆتایە
هەموو ڕۆژانی رابردووم، وەکو پووشێکی دەم بایە
تەمەن پڕیە لە داستانی جەوامێری و بەگژداچوون
نیە دەستی جەوامێرێ تەوژمێدا بەمان و بوون
لەڕیزی پێشەوەی کۆڕی خەباتا گیان لەسەر دەستا
ئەبوو زووتر بچوومایە، کەچی بێ هۆ ئەچم ئێستا!
هەمیشە روو لە راژەی گەل، بەفریادی کەسی داماو
بەداماویش دەسی کورتم نەهاویشتە دەسی ناپیاو
هەتا توانیم وشەم داڕشتە تۆمار و پەڕەی مێژوو
ئەگەرچی بێ کەس و بازاڕ و کڕیارە لەلای نوستوو
گەلێ ئەستۆم لەپەت لادا وەکو پارێزەری دادێ
بەبێ پارێزەرێ بەرگی سپیی چوونم بەبەردادێ!
وتەو کردار و رەفتارم، نموونەی گەوهەری بیرە
بەپێی کام بەندی یاسایەك دەسی چوونم لەمل گیرە!؟
ئەڵێن مافی مرۆڤە! گەر وەهایە بۆ بەبێ تاوان
ئەبێ بەندێکی تەنیابم، نەرووناکی نە ئاوو نان!؟
چ مافێکە!؟ لەڕێگەمدا هەموو ساتێ زەنگی ترسێ
نەبۆ بوونم، نەبۆ چوونم، سەوایەك، یا دەنگی پرسێ
وەهابێ فەلسەفەی بوونم! دڵارامی لە چوونایە
ئەشێ، ناوێ، لەپاشی ژین، ببێتە سێبەر و سایە

سلێمانی: 2007



# هزری کوردایەتی

لەناڵەی نائومێدیما
لەسەرهەڵدانی شادیما
لەسەر شاخێ، لەناو هەردێ
لەگومێ یالەناو وەردێ
لەخۆشیما، لەگەڵ دەردێ
لەژێی هەستم بدا مەردێ
وەکو نیازێکی بێگەردێ
لەپێناوێ کە چەن بەردێ
بهاوێژینە نامەردێ
بەرەی داگیرکەری کوردێ
گەدای هزرێکی لەوجۆرەم
وەها بووم و وەها رۆڵەم
هەمان بیر و دەسوبردم
ئەبێ وابم کە من کوردم

سلێمانی: 2008

# کێ وەکو من..

کێ وەکو من شۆڕە سواری نادیاری ڕێ ونە؟
ڕەنجی بێوەر
گەنجی بێبەر
کەشتیوانی گۆمی پانی بێ کەناری هێمنە؟

کێ وەکوو من ڕۆژی کاری نالەباری واڕەشە؟
لانەوازە و
بێ نەوازە و
خانەخۆڵی دووره شاری ڕێگە خاری بێ بەشە؟

کێ وەکوو من باخی ماڵی پڕ لەچاڵی بێبنە؟
شێری بێشەی
تووشی کێشەی
ئاژەڵانی گێژووێژی چارەلێژی ئۆینە؟

کێ وەکوو من وێڵی گەشتی دووره دەشتی ڕێڕەوە؟
هەرزەکانی
چاوەڕوانی
کۆنەبیری هەندەرانی لێ نەزانی پێڕەوە؟
کێ وەکوو من دوی ژیانی پاشی مانی کەوتووە؟



وابەخەستی
وابەمەستی
چاوی کوێری باری سوێری نیشتمانی خەوتووە؟

کێ وەکوو من تا کەناری، تابناری ئاگرە؟
دەرئەچێت و
هەر ئەچێت و
کووره جۆشی ئاسنێکی گاسنێکی چاترە؟

کەس نەڵێ پێم نابەکاری شێت و هاری سەرکەشە
کێ وەکوو من
لاشە ئەنجن؟
بۆرە: یاری، زۆرە: باری، تووشە: چاری. هەر هەشە؟؟

من مەلێکم گەرچی، هاڵی خۆرە، باڵی کردووە
وەك دژانم
ڕێ بزانم
پێ، بەسانا بەردەبازی چارەسازی گرتووە.

سلێمانی:1976
لەگۆڤاری بەیاندا ساڵی1992 بلاّوکراوەتەوە

# پایز

خۆراوابوو
پایزی خەم سەرپۆشێکی زەردی پۆشی
خۆراوا بوو
کوڕ و کاڵان بادەی خەفەتیان ئەنۆشی
هەوڵدانی
بەردەوامی ئەو ڕۆژەیان، وەکو ڕۆژان
نەیگرتە خۆی
باوەشی فەڕ، نەیگرتە خۆی کۆشی وچان.
کوڕ و کاڵان
کە هاتنەوە ئەستێرەکان بێ جریوە
خۆراوا بوو
هێلانەکان داڕوخاوو بێ قریوە
ئەو شەوەیان
هەتا بەیان بەبێ ئارام، بەبێ وەنەوز
چاوی خەمیان
لەدرەخت و لەبێستان و لەباخی سەوز
کەبەیانی
سپێدەیەك بەهێمنی دای لەکەژان
کوڕ و کاڵان



ڕەوویان کرد و گەلاوێژی گەشیان هەژان
ئەو ئەستێرە
خانومانەی بووکی ئاسۆ لەو بەرزەوە
دڵی ڕەنجا
دوویان کەوت و بەوهەژین و بەو لەرزەوە
لەگەڵ ڕەوی
کوڕ و کاڵان ونبوو لەچاو، بەری ئاسمان
ڕەش داگیرسا
هەورێکی چڕ، دایە ناڵە، دایە گریان
بەزریانی
پایزی خەم گەڵا وەری، سەوزی نەما
پەپوو بەستەی
مەرگەساتی تێ چریکان، کەوتە سەما
کوڕ و کاڵان
بەوداخەوە گەڕانەوە بۆ پەپووی شەڕ
بۆ جووت و تۆو داوەشاندن بەڕۆژانی پایزی تەڕ

سلێمانی: 1988
ساڵی1989 لە گۆڤاری بەیاندا بلاۆمکردۆتەوە

# پیتگەلی نامۆ

هورووژمی پیتی بەکوردی نامۆ

لەگەڵ شاڵاوی غەزا و ئەنفالا

بەلێشاو هاتن

بەزەبری شیر و رمی پێخاوس

بۆ داگیرکاریی سەروسامان و

زمان، هاوکاتن

★★★

وەك سن و کوللە دایان لەهەردوو:

سەرخان و ژێرخان

کوشتنی بیرو کەلتوور و باوەڕ

جەردەی زەوی و کان

★★★

دەسیان نەپاراست لەکەفتەکار و

ساوای سەربێشکە و ئافرەتی دووگیان

ئاگر لەجەستە و پەڕاوی پیرۆز

سەرجەم خانەی خوا هاتە داروخان

★★★



ئەی هزر و بازوو

رابن، ژێردەستی شەرمەزارییە

کەی گەردنی کەچ

بارو ئاکاری کوردەوارییە!؟

رابن لە ثی و حێ، ذال و صاد و ضاد

طێ و ظێ و عەین و قاف، نۆ هێڵی لارن

هاتوونە ریزی پیتگەلی نەژاد

ناجۆر، ناڕەوا، ئاژاوەکارن

★★★

رابن لەوشەی بەو پیتانەوە

چارەگرانە

پیتی زڕەبەر هەر لەریشەوە

خاری زمانە

★★★

کوردی، زایەڵەی:

ساز و ئاوازە، چۆپی و ئاهەنگە

بەو پیتانە، وەی:

باری سەرشانە، کێشی لاسەنگە

بۆ گێڕانەوەی بەشێ لەماڵ و

ملکی خاوەن ماف

حێ بەهێ کەن و عەین بە ئەلف و

کاف لەجێگەی قاف

ئەو شەشەیتریان بێ مەرج و سەوا

دەرهاون لەماڵ

یا شەبەیخوونی بێگانە بەدەر

یاراپێچی چاڵ

سلێمانی:2008



## کێن لەقەندیلن!؟

ئابەم زستانە
سەهۆڵبەندانە
کێن لەقەندیلن!؟
بازی ئازادن، یاکەوی دیلن؟
وردو گردیلەن؟ یاوەکو فیلن؟
زێدی باکوورن؟
یاهی باشوورن؟
★★★
هەور گرمانی
زەوی نالآنی
بەفر هاتە کوڵ، ئاو هاتە هەژین
شەپۆلی لافاو کەوتە کەفچڕین
هەموو بەیەك دەنگ
وتیان بۆ مێژوو خۆ ناکەین بەپەنگ
ئێمە ناپرسین لەناسنامەیان
لەهەلکەوتن و لەناوونیشان
هەرچیبن، کوردن
ڕەسەن و مەردن
گیانلەسەر دەست و خۆنەویستانە
رووگەش و ئاڵن
لەهەرجێیەکی ئەم کوردستانە
خاوەنی ماڵن.

سلێمانی:2008

# گەریلا و غوریلا

ئافرەتێکی رووسووری کورد
شالاوی برد
ویستی وانەی فیداکاری
بۆ دوو دژی نەتەوەکەی بکا بەپەند و بەدیاری
***
یەکەم وانە: بۆ پاشماوەی ئەتاتورکی گورگە بۆرە
ئێوە گەرچی تۆپ و فرۆکەتان زۆرە
بەڵام کەشەڕ یەخەی گرتین
ئێمەش ئەبین
بەگەریلای لەخۆبوردوو
وەکو پووشوو
ئەتانکەینە ئاگرێکی بێ خۆڵەمێش
لێتان ئەبین بەزام و ئێش
لەهەر جێیەك جۆرێ ئەتانخەینە ناو داو
ئەنکەرەشتان وەك تونجەلی لێئەکەینە توونی گەرماو
دایکی هەر شەهیدی کوردێ، چل و چوار سەربازی پڕچەك
بەخۆیەوە ئەستووتێنێ و ئەڵێ کوتەك
وەڵامی زۆرداری پێیە
ئەزانێ قوناغ لەکوێیە!
***
وانەی دووەم: بۆ هەندێ کورد



ئەو کەسانەی شەهیدانیان کردۆتە پرد
بۆ ڕێڕەوی ئاودیوکردن
بۆ داهاتی میللەت بردن
ئێوەی پێ سوور بۆ بەو چەکە لەکورد ئەدەن؟
یابۆ ئەبێ کارێ نەکەن
مووی سمێڵی رسواییتان بکڕنەوە وەکو پیاوێ
وەك ژنێکی رووسووری ڕۆڵە کوژراوێ؟
ئەو شاژنەی وتی دایکم بۆگشت شەهیدی کوردستان
شوورەییە دابنیشم دەستەوستان
وتی تۆزێ شەرم ئێوە، هێشتا لەچاخی بەردینان
وانەی بەرزی گەریلایی لەمنەوە ئەگاپێتان
خەجاڵەت بن هۆ جەردەکان لەگرووپی رێکخراوا
ئەی ئەوانەی دەسی باڵان لەکورد کوشتنی ناکاوا
تۆزێ شەرم لەمن بکەن
سامانی کورد بۆ کوێ ئەبەن
تۆزێ شەرم، هاکا لەپڕ
ژنێکیکەش خۆی کردە گڕ
چووە گەنجینەی دراوی ناڕەواتان
ئێوەی غوریلاشی سووتان!

سلێمانی: 1996

# کاری نەهات

کامە هێمای هەڵگرێکی باوەڕو کارامە ڕێیە؟
بۆ نەوەی نوێ ڕابەرێکی ڕێگەچاری نامە پێیە؟
با ئەوانەی بۆ دراوی ناڕەوایی بوونە بەندە
چارەنووسی میللەتێکیان خستە بەستێکی کوشندە
دابنیشن، کەی کەسانی دەستەوستان ئەبنە رابەر
رابەری بۆ بیری چاك و دەستی پاك و هێنەری بەر
نیوە هۆشێ، بانەوەی پێغەمبەریبێ، کارەساتە
بیکەیە شوانی ستانێ، کاری وا کاری نەهاتە
ئەو کەسەی کەسبێ ئەزانێ کێ فریشتەی پاك و جوانە
ڕێگە والاکەن هەتا بێ ڕابەرێ، گەل چاوەڕوانە

سلێمانی: 2008



# کۆڵ و باری ڕۆژگارت بۆچیە!؟

تۆ کەتێر و دەوڵەمەند و پێشەوا یا رابەرێبی
نان و خوانی ناکەسانت بۆچییە؟
باسەرێ یا ئەفسەرێبی، بۆ دژانت نۆکەرێبی
ناوو ئەستێرە و نیشانت بۆچییە؟

گەر لەکۆڕێکی سەرانا، سەرنەوی یا دابڕابی
تۆپ و لافی خانەدانیت بۆ چییە؟
پارە هەر بۆ پارەبێ، ئێشکگریبی، تاکو مابی
بێ دراوی، پاسەوانت بۆچییە؟

مەی کە سەرخۆشت نەکات و بۆ خەم و ئاشووب و شەڕبێ
پێکی تاڵی ژاری مارت بۆچیە؟
کۆچ و بارت بێ کەسێك و دوورەخاك و بۆلەوەڕبێ
ساز و تاری راگوزارت بۆچیە؟

★

باوەڕێ نەتخاتە سەر ڕێ ورشەداری مایەخەمبێ
ئاگری ئەو بیرە تووشەت بۆچیە؟
نازەنینێ دڵ نەبەخشێ، خاتو زینی کاکە مەمبێ
ئاوەڵێتی بووکەشووشەت بۆچیە؟

★

بێ دەسێکی ئاوەدان و بێ دەمێ ناوت بهێنێ
ماڵی زۆری بێ شومارت بۆچیە؟
کەم بژی تۆ کەڵ بژی تا یادگارێکت بمێنێ
کوڵ و باری ڕۆژگارت بۆچە؟

★

بێ بەرامە و بۆنی سینەی، باهەواری سەرچڵیبێ
شاگوڵی دەستی نەیارت بۆچیە؟
بارەگاکەت باڵەخانەی (بابل) ێبێ
بێ (ئومێد)ێ لالەزارت بۆچیە!؟

سلێمانی:1978

---

بابل: مەبەست لەباخچە هەڵواسراوەکانی بابلە
ئومید: ئەو ئافرەتە کوردەبوو کە پاشای بابل خواستی و باخچەهەڵواسراوەکانی بابلی بۆ کرد.



# هیوا

بلێسەی ئاگرێکی چڕ لەناو کوورەی دڵمدایە
سووتانە، ئازار
لەڕێبازی نشێویدام وەکو هەورازەڕێ وایە
هاوارە هاوار
نەهێزی پێ، نەپشتێك و نەهەستێك و نەبینایی
تاریکە ڕێگام
نەهاوکارێ، نەدۆستێك و نەدەستێك و بەتەنیایی
ئاوارە ئاسام
بەدووچاوی گەشی هیواوە تائێستاکە واهاتووم
سانایە کارم
کەخۆری دیدەکەی گیرا، بژیم ونا، لەڕێداچووم
شێواوەبارم
ژیانی چی کەهیوا چوو، جیهانێکی وەها رسوا
وێرانە وێران
بەهەشت و دۆزەخ و دنیا، نەبوون وبوون، بەبێ هیوا

یەکسانە یەکسان
لەهیواوە وزەو توانا، بناغەی کار، بەهاری ژین
ڕووناکە دەم کەل
بەهیواوە هەموو گیانێ ورەی بەرزو بزەی شیرین
ئامادە بۆ هەل
هەتا ئێستا لەئاگردا کەماوم چاوەڕوانێکی
هیوامە، هیوام:
لەئاسۆوە وەکو تیشکێ بدا مژدەی ژیانێکی
بێ ژانی ئارام
دەسا بابێ هەناسەی فێنکی بۆ ناخی کوورەی دڵ
بۆ چارەسازی
دەبا ساتێ هەموو دنیا لەخۆشیی ئەو بپۆشێ گوڵ
پڕبێ لەنازی.

سلێمانی: 1999/3/31



# تەمەن!

تەمەن وەك خۆرە چنگ و نینۆکی لەئاودامانی هەبوونا گیرە
بەیاسای جەنگەڵ
گوڵاڵەی ژیان ئەژاکێنێت و دەسی تاوانی کەوان و تیرە!
★
تەمەنی نادان لەدەرگای داوم ئەشێ نامۆبێ نەزانێ هێشتا هەمان هەڵچوونی نەمامی لاویم
سەری بەفرینم گڕی ئاگری ئەوین و ئامانج ئومێد و بیرە
بڵێن بەتەمەن سەری بێ هیواو دڵی بێ ئەوین دەمی جوانیشی بتێکی پیرە
★
دڵی بێ ئارام دڵی دووکەوتەی وەنەوشەو نێرگز
گڕی هاوین و شەوی تاریکی هەموو پایز و سەهۆڵی زستان
ئەلاوێنێت و بەهیوای هاتی بەهارێکی نوێ
ونی ڕۆژی کار شەوی تەگبیرە
★
دەبا تەمەنی نەیاری گوڵ و پەپوولەی دەوری چرای ئازادی
لەڕێگەم لادا بەرێی ئەوینی یەکەمجارەوەم
لەکوێمە هێشتا تەواوی نامەم بگاتە ئەنجام
فریشتەی هیواو مەبەستی بیرم مەلی یەخسیرە!!

سلێمانی:2007

# ونبوون

لەوەرزی پایزدا نێرگزە جاڕێکی نوێ
رووبەری ڕێگامە، ئەم ڕێیە ئەمبا بۆ کوێ!؟

قۆناغێ نشێوە، قۆناغێ سەرەو ژوورە
سەرابە نایگەمێ!؟ یا ڕێگا ونە و دوورە؟

تۆ بڵێی خەو نەبێ، ڕۆژانی گەڵاوەرین
بەم جۆرە بارگەی هێز بخاتە جووڵە و لەرین

ئەم ڕێگا ئاوایە کە ئێستا تیایا ونم
ئەمبا بۆ پرسیارێ : ئاخۆ من هێشتا منم!؟

ونبوونیش پێویستە بۆ کەسێ ڕاکێشراو بێ
دیوێکی ئاگر بێ، دیوێکی گۆمی ئاو بێ

راوەستان بۆ ئەوەی پێکراوە وەك ئێستای من
ئەیباتە ناو خانەی سفرەوە بێ سەروبن

بێ پەروا نەبزوێ، ناسووتێ، یا ناخنکێ
بێ سووتان، یا خنکان، پەرستن: ڕێزی ئەشکێ

ونبوونم لەوەرزی پایزدا، بەهارێکە
بۆ نەچم لەڕێدا، کۆتایی کە جارێکە!؟

سلێمانی:1986



# دووریی ئازیز

**لەبەزۆربردنی**

**جگەرگۆشەیەکمدا بۆ شەڕێکی ناڕەوا**

من نەمئەزانی کە ڕۆژێ دادێ پێوانە تیایا ناوی ئەزرێ
شەوگاری هاوین بەبێ ئەستێرە، ئاسۆ لەتیشکی خۆر دائەبڕێ
من نەمئەزانی دووریی ئازیزم لەبۆتەی دڵا ئەبێ بەئاگر
لەناو دەماری پاکی جەستەما کۆتەرە و پشکۆو ژیلەی ئەگرێ
من نەمئەزانی (کەوانە)ی تاسەت بەپێچەوانەی بۆشایی نێوان
تاکراوەبێ تیری کوشندەی کاریگەرترە و زیاتر ئەبڕێ
من نەمئەزانی بازی جگەرم لەپێکراویشا بەبێ پەڕو باڵ
بەئاسمانەوە بێ پسانەوە بەدووی ئازیزا باڵا ئەفڕێ
من نەمئەزانی کە هەر ترپەیەك، هەر ڕاچەنینێ لەبێ تۆییدا
وەکو ئەتۆمێ دڵ ئەهەژێنێ، پەردەی هێمنی و ئارام ئەدڕێ
من نەمئەزانی پەپوولەی سۆزم لەخۆر بەگوڕتر ڕێگە تەیئەکا
هەزاران هەزار قۆناغ و مەنزڵ بەهەناسەیەك ئەکا و ئەبڕێ
من نەمئەزانی ساباتی فەڕت لەنزیکەوە نامۆیە بەمن
کراسی خەمی ڕۆژانی دووریت بەشان و باڵای منا ئەبڕێ
من نەمئەزانی ڕۆژێ لەڕۆژان، نەهەر پێکەنین، یا نیگای گەشت
ئارەزوو: شەڕ و مان و تووڕەیی و ژان و لەرزین و تاشت ئەکرێ
من نەمئەزانی پەپوو ناڕەوا بۆ وێرانکاریی دیواری ورەم
لەدووریی تۆدا بەبێ بەزەیی بەسەر کەلاوەی دڵا ئەچرێ

من نەمئەزانی بەنادیاریت (ناتەبا) دیار و یاری نگینە
بەم کۆچ و بارە نائاساییەت، یاخەنی ئەبێ، یا هەڵ ئەگرێ
من نەمئەزانی دووریت وەهایە کە تەنیا سووسەی هەواڵێکی لێڵ
ئارامی ئەدا و ئەسرینی چاوی جۆگە ئاساییم ساتێ ئەسڕێ
من نەمئەزانی وزەم بەژانی پارچەیەك هەناو وا هەرەس دێنێ
توانای بیستن و دووانم لاواز، ئامێری بینین خەوی ئەزڕێ
من نەمئەزانی ئاگری جگەر وا سووتێنەرە، ئازیزم چارێ
دەسەو ئامێز و بای هەناسەیەك، خەریکە هێز و توانام ئەبڕێ
من نەمئەزانی وێنەت لەتاسەم بەهیچ شێوەیەك جیا نابێتەوە
ئای لەو چرکەیەی بینایی چاوم مژدەی دەرکەوتن ئەدا لەپڕێ!

سلێمانی: 1990



# بیرت ئەکەم
# لە دور کەوتنەوەی جگەر گۆشەیەکمدا

بیرت ئەکەم نازدارەکەم
بیرت ئەکەم ئەی پەپوولە ئاوارەکەم
بیرت ئەکەم لەناخەوە
بیرت ئەکەم بەدەم هەنسك و ئاخەوە
لەهێمنی و لەهەژانا بیرت ئەکەم
لەسرەوت و لەپەژارەو ئێش و ژانا بیرت ئەکەم
لەئاشتیا، یا لەجەنگدا
لەگێژاوا، لەبارو دۆخێکی مەنگدا
لەهەر سۆزی ئاوازێکا
لەگەڵ سووسەی چپەی دەنگی هەر سکاڵا و هەر ڕازێکا
بەرامبەر هەر پێکەنینیێ
هەر هاوارێ، یا زایەڵەی کۆڕی شینێ
بەداخێکی زیاترەوە بیرت ئەکەم
شۆڕ ئەبمەوە بۆ دامێنی نشێوی خەم
بەو بیرەوە هەزار جەخار
خەوم ئاڵۆز، خۆراکم لێ ئەبێ بەژار
ئەی پەپوولە ئاوارەکەم
ئەی فریشتە خۆشەویستە نازدارەکەم
هەموو کاتێ

بەهیواتم وەکو داخوازی و ئاواتێ
من دووکەوتووی جێگە پێتم
ئێشکگری شەوو ڕۆژی چەقی رێتم
بەدووی تۆدا بەربڵاوم
لەڕێبازی هات و نەهاتا کشاوم
وام لەدەشتا، لەناو دۆڵا، بەسەر هەردو سەرشاخەوەم
بەوێنەی رەوەندی هەجیج بەکۆڵێ خەم و داخەوەم
من شەپۆلی دەوری زەویم بۆ سوراخت ئەخولێمەوە
لەبۆشایی ناکامیدا گێنگڵ ئەدەم، ئەتلێمەوە
هەموو جارێ
بەقووڵایی گۆم و رووبار و دەریادا ئەچمە خوارێ
بەبێ ئەنجام
لەو کەناری سەرسامیەی کە ئێستا تیام
خۆم و خەم و نائومێدی ئەبینمەوە
بێ پرسیارێ لەوەی کردەم هی ژیانە یا هی خەوە!؟
نازدارەکەم
ئەی پەپوولە ئاوارەکەم
هەر ئەڕۆم و ناگەمە ئاستی سەرابت
دەمی تینووم نادا لەجامی شەرابت
خۆشم ئەوێی گوڵی ونبووم
بیرت ئەکەم، بیرت ئەکەم لەو ساتەوە کە جێت هێشتووم!

سلێمانی: 1991



# جیابوونەوە
## پێشکەشە بە هاوسەری ژیانم

جارە ناجارێ بەداخێکەوە ئەتلێمەوە، وەها هەستەکەم
بەجێم بهێلی، جیابوونەوەی زین لە جیهانی مەم
ئەم ئەندێشەیە دەمارەکانم وەکو ژێکەوان دێنێتەوە یەك
لەهەر جێگەیەك
تووشی کاتێکی رەشبینیم ئەکا
وەکو لاواز و دەستەوستانێ ئەڵێم خوانەکا
بای خەزان بدا لەخونچەی ئازیز
بەهاری ژیان بکاتە پایز
من هۆگری تۆم
هەر لە ئێستاوە ئەو خەمە ئەخۆم
بەو خەمە ماوم
شاد و گەشبینم، رووناکە چاوم
ئومێدەوارم ئەو خەمە زۆرە
ببێتە خۆرە
لەگیانم بدا
کۆچی من پێشی کۆچی تۆ بخا

سلێمانی: 1988

# الافتراق
## هدية الى شريك حياتي

ترجمة محمد البدري

بين آونة واخرى
اتلوى هم من الهموم
اتخيله سيفارقني
مثل افتراق - زين -
عن عالم - مم -
وهذا الالم
يشد اعصابي مثل وتر القوس
في اي مكان
يجعلني في ساعة تشاؤم
ومثل ضعيف اقول،
عسى الله ان لا تصب نسائم خريف العمر
البراعم العزيزة
لتجعل من ربيع الحياة خريفاً
انا نديمك
ومنذ الان مهتم انا
وباق بسببه
فرح ومتفائل،
عيناي مشرقتان
واتمنى ان يظل ذلك الهم الكبير
يأكل من جسدي
ويجعلني اموت قبلك..!

جريدة العراق ليوم 15/حزيران/1989



# بۆ جەژنی پەنجام

گوڵی سوورم بۆ مەهێنن
دیاریم ناوێ بۆ ئەم جەژنەم
جەژنی خەزانی لاویمە
جەژنی پەنجا، پایزی خەم!

چارەنووسم چارەی رەشە
گەردوون دژە، بەختم نەیار
بۆ ئەم دەردەم زەوی و ئاسمان
دەستەوستان، دەردی بێچار!

ئەشێ بۆ جەژنی پەنجا ساڵ
شیوەن و کۆتەڵ بگێڕم
سکاڵاو ڕازی دەروونم
بەکوڵ بۆ کۆمەڵ بنێرم

ئەی برایانی هاودەردم
وەکو من دوچاری بارێ
وەرن بارووی ژاکاوی مۆن
بکەینە بازاڕی شارێ

تەمەن تیایا باوی نەبێ

کەمتر نەبێ لەپەنجا ساڵ
تا برینمان نەکولێتەوە
بیرەوەریش نەخەینە چاڵ!

ئەی دولبەر و دڵخوازەکان
ئێوەش ئەم جەژنە لای منبن
جەژنی پەنجامە نۆجەژنە
دەستە ئەژنۆ بن، هێمنبن
وەرن ئەمشەو شەوی شینە
پێشەوای کاروانی ئێوە
دوا وشەی شادی ئەنێژێ
ئەڕوا و ئیتر نایەتەوە!

وەرن بیکەن بەڕۆ ڕۆیەك
بەبای هەنسکی گریانتان
پەنجا مۆمی ژیانی من
بکوژێننەوە و تاریکسان
بەتاریکی لەگەڵ شینا
بیرەوەری پەنجا ساڵەم
بکەن بەبەیتی هۆنراوەی
پرسەی شۆڕی تەمەنی کەم
بڵێن هەیڕۆ، لاوێتی ڕۆ



کاروانی داستانی جوانی
کۆستی کەوێ، کێ بەرێیکا
بەهۆنراوە و بەگۆرانی
بڵێن تەمەن بەلاوێتی
نەبێ، نەبێ، نەبا پیری
بەسەر چاوا بدا ڕەشی
ئاوی سپی، ناوی کوێری
دەسەو داوێنی لاوێتی

رابوەستن بەتکاوە
بڵێن تووبی ئاوەڵێتی
چیە تاوانی ئەم لاوە؟!
لێی مەتۆرێ، بەسزاوە
ئەم مرۆڤە جێمەهێڵە
کەبەبێ نازی ئامێزت
رێ تووش و بینایی لێڵە
ئەی لاوێتی بایەخی ژین
بەهای سەرمایە و سامانم
هەرچیم هەبوو لەم ژیانە
لەگەڵ تۆدا وا دۆڕانم!!

سلێمانی: 1984/12/20

# گوندەکان و هەڵەبجە و ڕاپەڕین

ئەو گوندانە مەڕووخێنن
ئەو گوندانە مەسووتێنن
بەبێ ورە، لەدووکەڵی ئەو گوندانە زیڕە مەکەن
لەبەر بوورە، تۆپی دەستی نامەردانە ئاگر مەدەن
ئەو گوندانە جوان و دڵگیر و ڕازاوەن، بێ زیانن
ئەو گوندانە فریشتەی ئەم سەرزەمینەن، بێ زمانن
ئەو گوندانە بەهەشتێکی پیت و فەڕن
دەسی تاوانیان نەگاتێ، دوورەشەڕن

***

ئەگەر سزای ئەو گوندانە سووتاندنە،
چونکە گوندی جۆرە خەڵکێکی نەبەردن
کوڕەکوڕەی ئەو گوندانە، وان لەچیا، ئەڵێن ئێوە ئەگەر ئازان، ئەگەر مەردن
وەرن ئێمە جەنگاوەرین، دروستکەری ئەو گوندانەین، وەرن وەرن

ئێمەین گیان و چاوو دەستی ئەو گوندانە، یەخەی ئێمەی لەسەر بگرن
وەرن لەمەیدانی جەنگدا دەرئەکەوێ کێ سوارەیە، کێ پیادەیە
کێ لەسەر مافی نەتەوەی، لەگەڵ ئێوەی ترسنۆکا، یەك بەدەیە

***



ئەگەر کێشەی ناڕەواتان، دەسەو یەخە، لەمەیدان و کۆڕی جەنگدا
لەگەڵ ئەو خاوەن گوندانە، یا لەتاوان دەسهەڵگرتن، ئەنجام نەدەن
ئەوا لەجێی ئەو گوندانە، ئەو مەردانە، کە دەستێکیان پیادا هێنان
لەکەللەی سەری پەڕیوتان، گوندی جوان و ڕازاوەتر، دروست ئەکەن

تائێرە: 1988 وتراوە

***

گوندیان ڕووخان، شاریان سووتان، هەڵەبجەیان توانەوە
مرۆڤیان کوشت، بێجیاوازی، بەگەرمیان و کوێستانەوە
گوندیان سووتان لەناکاوا، بێبانگەواز، بێئاگاو پرس
گوندیان ڕووخان بەشۆفڵ و بەنارنجۆك، بەتۆپی قورس
گوندیان ڕووخان بەسەر تەڕو بەسەر وشکا بەبێ جیایی
هەڵەبجەیان گڕ تێبەردا بەئاگر و بەبەنزین و بەکیمیایی

گوندیان ڕووخان بەسەر ئاژەڵ و ناومالا
گوندیان سووتان بەسەر قوتابی و منالا
بەسەر کەفتەکار و پیرا
بەسەر بێچار و یەخسیرا
بەسەر ژنی زەیستانا
بەسەر ساوای بەرمەمکانا

***

گوندیان ڕووخان، قرچە قرچی ئێسکی شکاو

گونديان سووتان، بۆ چرووكی لەشی سووتاو
بارەی ئاژەڵ، زریكەی مەل، نركەی نەخۆش، زیرەی منالّ،
گریانی ژن
كاریان نەكردە تۆزقاڵێ لەبەزەیی و لەویژدان و دڵی دوژمن!
نەك هەر ئەوە، درندەكان پێش ئەكەنین، بەدەم هۆسە و
هەلهەلەوە
بەدەم كرداری دزین و داوێنپێسی و راووڕووتی بەپەلەوە
ملی ژنانیان ئەپەڕان بۆ ملوانكە و گەردانەیەك
قاچی منالّیان ئەقرتان بۆ بردنی پاوانەیەك
كاتێ كە نووزەی منال و كۆرپەی ساوای سەر بێشكەكان
لەمیزاجی شەڕ ئەنگێز و لەزەوقی بێزەوقیان ئەدان
لەجیاتی تۆزێ بەزەیی لەجیاتی شیر، لەجیاتی نان
ریزە گوللە و سونی و قەمەی ژاراوییان لەدەم ئەنان
***
بەبێ گوێدان بەوەی كامە دژ و كامە بەرەی دۆستە
بەبێ پرسیار لەوەی ئاخۆ ئەنجام هەتا چەنێ كۆستە
دەسی رەشی هەتا مەچەك سووربوو بەخوێن
ئەبرایەوە بۆ خێزانی شێخ و مەلا و مسكێن و بەگ
دەمی پیسی پڕ لەلیك و لەتف و جوێن
ئەكرایەوە وەكو لوورەی گورگی هار و وەڕینی سەگ!
***
ئەنفالەكان!! ئەنفالەكان!!
نەیەك بوون و نەدوان و سیان
نەگوندێك و نە ناوچەیەك
نەهۆزێك و نەپارچەیەك



زیاد لەدەیان لەئافرەت و لەمندالاّن
زیاد لەسەدان بگرە هەزاران هەزاران
لەلاوو پیر
لەپیاوی ژیر
وەك رانەمەڕ پێش خۆ دران
كەس نازانێ بۆ كوێ بران
لەكوێ دەماریان ئەگرتن بۆ خوێنی ئالّ
دوایی بە كۆمەڵ كوشتن و زیندەبەچالّ
***
كەسێك وتی لەعەرعەردا گوێم لەهاواری ژنێ بوو
وەكو نالّە و سكالاّیەك، دەنگی هەبوو، رەنگی نەبوو
ئەیوت ئێستا لەم زیندانە تاریكەدا من نازانم دنیا رۆژە یاخو
شەوە
من نازانم ئێرە كوێیە، ئاخۆ ئەمە كاتی ئاگا و هۆشمەندیمە،
یاخود خەوە!؟
من نازانم كوڕ و مێرد و خۆشك و برا و كەسم ماوە!؟
كچۆڵەكەم بەكام میری ولاّتی نەوت فرۆشراوە!؟
من نازانم گوندەكەمان ئێستاكەش هەروەكو جاران
باعەی مەڕ و بارەی بزن سەدای دێ كاتی ئێواران!؟
من نازانم ئاخۆ ئێستا كانیی ژنان چ پێ و پل و پۆستالێكی تیادا
ئەشۆن!؟
بەچ شەرم و بەچ روویەك لەبێستان و رەزو وەرد و باخی ولاّتی
من ئەخۆن!؟
من نازانم كە پاوانەی مندالّەكەم لەپێی پەتیی كام مندالّی
بێ باوانا خرنگەی دێ!؟

من نازانم زەنگڵەی ملی کارژۆڵەکەم لەبەر ملی کام وشتری
بیابانا زرنگەی دێ!؟
خۆزگە کەسێ بۆی ئەپرسیم سەرپەرچەم و مێخەکبەند و
هەیاسەکەم
نەبراوە بۆ ژن و کچی (ئیبن حەرام) وەکو کەواو کراسەکەم!؟
ئەترسم ئێستا سنووقی هەشتەرخانی بووکێنیەکەم شکێنرابێ
سووتەمەنیی ژێر مەنجەڵی قسعەی چێشت و کترێی چا بێ
ئەترسم شانی ئەسپە کوێت لەژێر باری مەینەتا بێ
ئەترسم قاز و مراوی و هەرچی هەمانە برابێ!؟
دەی باوابێ، سەرسەلامەت، سەری سەد و هەشتا هەزار خەڵکی
دێهات
کە وەکو من بێ سەرو شوێن، کەس نازانێ بۆ کوێ بران، چیان
لێهات!
★★★
لەپاڵ دروشمی ئەنفالا بێ ئەندازە سامانیان برد
تاتوانیان لەپەك کەوتە و دەستەوستان شکاریان کرد
سامانی زۆر، هەرچی هەبوو، هەمووی برا بەڕادەیەك تاچەن
ساڵی دوای کارەسات، لەدوای هەرا
تاکە سۆڵی ئافرەتی کورد لەپێی پەتی و پێخاوسی ژنی ئەوانا
ئەبینرا!!
★★★
گوندیان رووخان، گوندیان سووتان
زۆری تیاچوو، بەهەزاران
ئەوەی مابوو، لەپیاوی کەڵ، لەکوڕی چاك
ئەوەی مابوو، لەشاژن و لەکچی پاك



بەفەرمان و بەپیلانی بارەگای دژ کرانە کۆمەڵ و بەش بەش
بۆ هەر بەشێ جۆرێ نەخشە، جۆرێ پیلان، جۆرێ سزا و
ئەنجامی رەش
بەشێ بران بۆ سەرسنوور لە هەرزەکار، لەکوڕ و کاڵ
خوێنی لەشیان لێ دەرهێنان، ئنجا هەموو زیندەبەچاڵ!
بەشێکیتر ئافرەتانی لەکەس و کار، لەمناڵ و لەپیاو بڕاو
کرانە گوڵدەست و دیاری بۆ بەرمێزی میرەکانی نەوت و دراو
گوندیان ڕوخان، گوندی نازدار
گوندیان سوتان، گوندی هەژار
بەڵا وەك تەرزە ئەباری، ساڵان هات و ساڵان ڕۆیی
خەڵکی هەموو چاوەڕوان و تینوی تۆڵە و سەربەخۆیی
لەپڕ ڕۆژێ لەڕۆژانی دوا زستان و گورەی هەڵچونی نێرگزدا
شارو چیا، چەخماخەکەی راپەڕینی گەلیان لێدا
شێر لەلانە.. کورد راپەڕی
بەرگی ژێردەستی دادڕی
لەیەك ریز و یەك بەرەدا، وەکو یەك گیان
قۆڵی راست لەقۆڵی چەپا، هەموو بران
گەل راپەڕی درشت و ورد، بەخەڵەتاو، بەباشەوە
بەتەنانەت برینداری دەس و قاچ ورد و خاشەوە
لەهەڵۆ و باز بەهەڵمەت تر
لەشێر بەهێزتر و پتر
دەستی مەردانەیان وەشان
بارەگای دژیان هەڵوەشان
★★★
کوردستانی رازاوەی جوان، کوردستانی بووکی زەوی

پشتی ڕەقی ئەژدەهاکی چەرخی بیستی تیادا نەوی
جەندرمەکان، ئەوانەیان
کەبووبوونە دەسی تاوان
ئەوانەیان ڕۆڵەی کوردیان بەڕیز و بەکۆمەڵ ئەکوشت
لەبۆسەدا دەستیان بڕا لەئەژدەهاك، بێ پەناو پشت
ئەوا ئێستا لەنەورۆزی ڕزگاریدا شەق لەلاشەو سەریان ئەدەن
لەقاچ و دەستی پەڕیوو کەللە سەریان،
گوندی جوان و ڕازاوەتر دروست ئەکەن
هەڵەبجەکەی گەورەکچی شارەزووری شۆخ و شەنگی سەربڵندی کوردستانم
ئەڵێ تاکورد چەکی تۆڵەی لەشانا بێ، من نامرم، منی شەهید ئاوەدانم

تەواوکراوە 1991



بەڕێزەکان:
ئەوە مێژووی مەرگەساتی گوندەکان و هەڵەبجەی شاری ڕووسوورە
ئێستا هەڵەبجە و گوندەکان، وەك شەهیدێ، جێگەڕێزی کورد و گەلانێکی دوورە
کەچی هێشتا دراوسێکانی ناتەباو دژ بەیەکتر، وەك مابێتیان کاولی کەن
بۆ ئێمە کۆك و تەبان و بەپای پیلان شەڕی ناوخۆ لەناومانا ئەنجام ئەدەن.
بەڕێزەکان:
خۆمەکەنە مەلای خەتێ و موشیر ئاغاو یەزدان شێری ئەم سەردەمە
کاری ئەم کوردە دژوارە، بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی، چەنێ یەك بین هێشتا کەمە
با هەڵەبجە و گوندەکان و ئەوانەی بە پۆل و کۆمەڵ بۆ کورد مردن
بکەین بە (وانە)ی پیرۆزی برایەتی و بەبەردەبازی یەکگرتن
لەیەکبوونا کۆتایی دێ بە برسێتی و گەڕانەوەی لانەوازان
لەیەکبوونا کوردستانم ئەبێتەوە یەك قەوارە و یەك نیشتمان

کۆتایی 1994

# دوانزە سوارەی مەریوان

دوانزە سوارەی مەریوانم بوون بە سیانزە و جارێکی تر ژیانەوە
ئەمجارەیان لەشاری قوربانیدان و لەپایتەختی بابانەوە
ئەمجارەیان لەنێوانی هەوای سەختی پیرەمەگروون و ئەزمڕدا
لەبەر بای رەشی ئەزموونی کەڵەمێردی جەوامێر و شێرەکوڕدا
دایان لەتەپڵی شەڕێکی بەئارام و دەسەویەخە وەستانەوە
دوانزەسوارەی مەریوانم بوون بە سیانزە، بەبیست و پێنج، هەستانەوە
بوون بە پەنجا، بوون بەسەد و، بوون بەهەزار
بوون بەهەموو نەتەوەکەم، داراو هەژار

***

گیانی دوانزە سوارەی مەردی مەریوانم ژیایەوە
وەکو بۆمبا لەکوردستان و گێتیدا دەنگ و زایەڵەی دایەوە
مۆرکی تاوان ئەنێن بەڕووی بزڕکاوی دیکتاتۆری بەغدادەوە
ئاگر ئەنێن بە بەستەڵەکی ویژدان و بەخێوی خەوی دادەوە



***

ئێمەی مرۆڤی تێکۆشەر، ئەی خەڵك و خوای ئەم دنیایە
چیمان ناوێ زیاتر لەوەی بۆ گەلانی تر رەوایە
ئێمەش تەنیا ئەمانەوێ بە ئارامی تامی ئازادی بچێژین
نەمامی سەربەخۆیی بۆ کوردستانی دابەشکراومان بنێژین
ئەمانەوێ گوڵی گەشی دیموکراسی لە یەخەو پەرچەم و سەردەین
دەسی ئاڵاو لە کوشتاری نابەچاری و بە زۆر سەپێندراوبەردەین
ئەمانەوێ بە ئارەقی ناوچەوان وبە بیری رۆشن و بەتین
ئێمەش بەشداری کەژاوەی شارستانی جیهانی ئەم سەردەمە بین

***

ئێوەش ئەی هەموو ئەوانەی کە تازە کوورەی فاشستین
ئێمە لە مردن کۆنەکەین , ئێوە و ئاگرو ئاسن چین؟
گەلێ نەوەی ئەژدادێ بێڕوخێنەری تەخت و تاراجی ئەژدەهاك
سەری سەدان دیکتاتۆرو هەزار فاشی ئەنێتە ژێر پێڵاوو خاك

***

سوارچاکەکانی ئەمجارە بە شمشێرو رمی ورەو پێداگرتن
ئەدەن لە جەستەی ئەوانە کە تەنیا هەر بەناو کوردن
کوردی جەربەزەی مەیدانی دزی و بازی بەرزەفڕی راووڕووتن
شۆڕەسواری دەوری خوان و هەڵۆی ئاسمانی هەڵمەتی تیکەوقووتن
شێری ڕۆژانی بەهاری دەرکەوتن و ڕێویی پایزی خەزانن
پاسەوانی سەرسنووری پاراستنی باخەڵی پڕو گیرفانن

ئەی جەردەکان خەجاڵەت بن لەمێژوودا، ئێوە دەروون سووك و کەمن
ئێوە بەخوێنی شەهیدانی کوردستان، سەرخۆشی مەیخانەی خەمن
سوارچاکەکانی ئەمجارە بەپەنجەی هێمای براوە
ئەدەن لەدەست و مەچەکی ئەو پێنووسەی والەدواوە
ئەو پێنووسەی لەگەڵ گورگا لەشایی و هەڵپەڕینایە
لەپرسە و شیوەنی مەڕا دەنگی نووساوی دەرنایە
ئەو پێنووسەی نووکی تیژە لە خۆشیانی کوردستانا
هەلاتووی هەندەرانی دوور لە وەیشوومە و لەزستانا
ئەی پێنووسە لەرزۆکەکان، هەرچی بۆیە و تەپڵ و دەهۆڵی دنیایە
راستی ناشێوێنێ تاسەر، بیری تیژ و چاوی جەماوەر بینایە
***
ئەی گیانی کاوەی قارەمان
ئەی دوانزەسوارەی مەریوان
دڵنیابن ئێوە وەجاخی پیرۆزتان، روون و گەشە
چیاکانی بەجێتان هێشت، ئێستاش بڵند و سەرکەشە

سلێمانی: 1993



# بۆ کچێکی مەهابادی

## دیارییە بۆ هەموو خوشکێکی تێکۆشەر

بەم گوارە شۆڕەوە، جوانی، نێرگزە جاڕی بەهارە
جاران لادێ، ئێستا گوارە مۆدەی پەریزادی شارە
بەم گوارە شۆڕەوە سەری ئەلەرزێنێ و سەری بەرزە
خۆی لەتەل داوە، رازاوە، بووکی جەژنی سەری وەرزە
بەم گوارە شۆڕەوە بەرگی هەمووی هەر پوولەکە ڕێژە
ورشەی پوولەکە تێکەڵی ورشەی ئەگریجەی درێژە
بەم گوارە شۆڕەوە لەشی پەرداغ، دەوری چاوی ڕشتوو
بەکلی رەش، برۆ هەرڕەش، پڕو پەیوەست، هەڵنەگرتوو
بەم گوارە شۆڕەوە دەست و پێی بەخەنە سوور و نەخشە
پانیبەرزی پوولەکەچن، بەسەرپێوەی پڕ لەورشە
بەم گوارە شۆڕەوە خشڵی داوە لەخۆی، بەڵام کەمێك
پاوانەی پێ و مێخەکبەند و تاکێ بازن، سەرپەچەمێك
بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ: واتایەکی گەلێك وردم
گوڵی گەشاوەی بەهارم، کچە کوردم، کچە کوردم

بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ من جوانیەکەم هەر لەش نیە
مرۆڤ تەنیا بەبەرگەوە وێنەی گوڵێکی گەش نیە
بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ من باوەڕم، من پیرۆزم
من پەیکەری کوردایەتیم، چرۆی داستانی نەورۆزم
بەم گوارە شۆڕە جوانەوە ئەکشێتەوە لەرەش بینی
بزەی دێت و پێئەکەنێ، چاوی پڕە لەگەش بینی
بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ من ئەوینم بۆ کوڕی کورد
بۆ پێشمەرگە هاوبیرەکەم،لاوی ئازای بەدەستوبرد
بەم گوارە شۆڕە جوانەوە ئەڕوا لەسەر نووکی پەنجەی
ئاهەنگێکە، چۆپیی نوێیە بزواندنی لەش و لەنجەی
بەم گوارە شۆڕەوە شایی بەشێوەی شەنگی شاکارە
پێشەوای کۆڕی هەڵپەرکێ، سەرچۆپی کێشی ناودارە
بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ: من وەك جوانم نیازیشم پاك
سەرچاوەی بیرو فەلسەفەم خۆماڵیە و کردەوەم چاك
بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ: لەجوانیدا تاکم نیە



من پەروانەم، بۆ رووناکی لەمردنیش باکم نیە
بەم گوارە شۆڕەوە نیگا بەچوار لادا ئەپرژێنێ
دڵی دژ دائەخورپێنێ رەنگی دڵداری ئەڕژێنێ
بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ: لەوەش زیاتر خۆشم دیلم
بەڵام شادم چونکە بەهەست کچە کوردی وریا و ژیرم
بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ هەرچەن لەسەر ڕووی ئەم ئەرزە
لەسەر خاکێك ئەژیم پێشێل، بێ دروشمەو بەبێ مەرزە
بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ: کەمن هەستم هەبێ و نەمرێ
ڕۆژێ ئەبێ داری ئێمەش بەری ڕەنج وگەنجی بگرێ
بەم گوارە شۆڕەوە ئەی جوان، ئەی کچە کورد، ئەی شۆخ و شەنگ
بەقوربانی بەری پێت بێ هەزار سەری بۆش و دەبەنگ

سلێمانی: 1985
لەگۆڤاری نووسەری کورد ژمارە 3 بڵاوکرایەوە

# داستانی ئەوینی کوردستان

خۆشەویستەکم لەم دەوروبەرەیدا
لەسەر ڕەوا بوو کەلافی لێئەدا
ئەیوت من گەورە کچی ڕۆژی ئارام
ئەستێرەکان تێر نابن لەتەماشام
لەرووی مندا: پەری باوی ئەسینێ
ڤینۆسی جوان قژی خۆی دائەهێنێ
سەرسام وەستاوە گەلاوێژی شەرمن
بەرامبەر شێوەی روخساری روونی من
من ئاورنگی روومەتم هەندە پەرشە
هەموو ڕۆژێ گوڵاوپرژێنی ورشە
ئەپرژێنێ بەسەر مێرگ و باخمدا
بەسەر بەرگی سپیی لوتکەی شاخمدا

***

بەم وشانە چەن بەختیار بوو چەن شاناز
خۆی ئەبینی ئاسوودەیە و سەرفراز
زیاتر بەو هۆیەوە بەخۆی ئەنازی
وایئەزانی دەوروبەری لێیڕازی
بەڵێ وابوو، گوڵەکانی هەمەڕەنگ
لەخۆشیدا هاتبوونە قسە و دەنگ
بەڵام چیبکەم هەزار ئاخ و هەزار داخ



لەکاتێکدا کەوتبوونە سەر دەماخ
بەو ورشەیە و بارانی زۆری پەڵە
لەو کاتەدا تێیان ئاڵا گیا کەڵە
ئنجا خۆشی، دەزگیرانم، کەوتە دەس
سێ و چوار دێو وجنۆکە و خێوی ناکەس
هۆ هەستێکی ناسکۆڵەبوو، دڵی پاك
هەموو کاتێ نادا ئەنجامێکی چاك
ئیتر ئەو گەورە کچی ڕۆژە بێ ناز
گوڵەکانی پێشێل، گەرووی بێ ئاواز
ئێستا ئەو ناکۆك و دژانە: یەکن!
لەئاستی دەزگیرانە جوانەکەی من!
یەکەم پیا ئەنووسێ وەکو شێت و هار
دوەم ئەیداتە بەر جوێن و لیس و دار
سێهەمیشیان بە قەپاڵی دێوانە
ئەیڕەتێنێ بێبەزەیی و پێوانە
بەجووکە جووکی جنۆکانە چوارەم
ئەڵێ ئەبێ ببی بەمن ئیستەرەم!
ئنجا هەمو: گوڵی باخی ئەڕنن
نەمامەکانی ساوایە ئەیبڕن
ئاگر لەماڵی باوانی بەر ئەدەن
دەس لەکلتوور و سامانی وەرئەدەن
ئیتر دەمیان وا ژەندۆتە خوێنەکەی

مەبەستیانە کوێریکەن جێو شوێنەکەی

★★★

ئای لەم بارە ناهەموارەی من و ئەو
نەخواردنمان خواردنە، نەخەومان خەو
ئەو بەو جۆرە و منیش وێڵ و دەربەدەر
دڕندەکان لەمنیشیان ئەوێت سەر!
ئەی خەڵك و خوا مرۆڤەکان: لەلاتان
ئاشکرایە دەستی درێژی تاوان!!
دەری بێنن دەفتەری رەش کراوە
بەو وشانەی گوایە هی ئێوەی پیاوە!
کوا مافی مرۆڤی چەرخی ئەستێرە؟
کوا چارەنووسی ئەو خەڵکەی لەژێرە؟
خۆشەویستەکەم، ئەو شاگوڵە شەنگە
ناوهێنانی لەلای ئێوەش بۆ نەنگە!؟
چونکە بەناوهێنانی ئەو، دڵی دێو
دائەخورپێ و ئەڕەنجێ جنۆکە و خێو؟!
ئەی ئافەرین پشت و پەنای لاوازان!
بۆ قسەی رووتی بێکردار کە ئازان!!
نەخێر ئێوەش دێو و خێوێکن تەواو
گورگە بۆرەن بەپێستی مەڕ داپۆشراو!
منی رەجاڵ خەڕۆ نابم بەئێوە
ڕێڕەوێکتان هەیە ئێوەش هی دێوە



لەلای من داربێ یا پەردوو یەکسانە
دۆستایەتی لەلای ئێوەش سامانە

★★★

پێڕەوی ئێوە خەڕەکی سواوە
بەپینەی ئاگر و ئاسن وەستاوە
ناوی ئەنێن زانستی زانستەکان
خەڕەکێکە ناوی زل و دێی وێران
زانستی چی ئامێرێکی ناسازە
سەرەتای لەگەڵ ئەنجامدا جیاوازە
ئەو خەڕەکە شکاوە بۆچی بێنم؟
زەڕ بدەم و بەندایەتی بسێنم!!
من ناترسم لەدەلەسەی هەڵبەسراو
ڕێ ناگۆڕم بە بریسکەی چاوو ڕاو
من ئەنجامی کارم لەلا مەبەستە
وشەی بریقەدار، درۆ و هەڵبەستە!
دەزگیرانم لەسەربەستی بێبەش بێ
بەمن چی دێو سوور یا سپی یا رەش بێ؟
دێوم ناوێ، خۆشەویستم، رووی سوورە
بەرگە گرتووی سزادانێکی دوورە

★★★

ئێستا دڵی بریندارم وا تۆزێ
ئەکرێتەوە و لێوم بزەی تێئەزێ

تۆوی گوڵزاری باخی دەزگیرانم
سەوز بۆتەوە و ئەمجارە بەگیانم
ئەو گوڵانە ئەپارێزم لەچقڵ
لەپێشێلی جنۆکەکان، کرمی گڵ
من بیرۆکەیەك بۆ خۆم ئەڕەخسێنم
لەسایەیدا تۆوی هیوام ئەچێنم
بەرهەمێکم باتێ، خۆشەویستەکەم،
جارێکیتر نەخاتەوە دەریای خەم
من ئاوازێ ئەڵێم لەئاواز بچێ
لەگرمەی دێو، جووکەی جنۆکە، نەچێ
ئاوازێکی پڕ بەگوێی کوردەواری
شیاو بۆ خشەویستەکەم بۆ دیاری
بەو ئاوازەوە گۆرانیی سەرکەوتن
بەنۆرە جارێ ئەو بیڵێ و جارێ من

***

ئەمجارە کاری خۆشەویستم کۆکە
هەڵناخەڵەتێ بەخێو، بەجنۆکە
ئێستا وریایە، چاوی کراوەیە
بەبیری رەسەنی خۆی براوەیە
ئیتر بەزوڕنای خەڵکی هەڵناپەڕێ
جارێکی تر بەدەستی کەس ناگەڕێ
ئیتر دوژمنی دوژمن شکێن ناکا



بەهەڵدانێ چاکی بۆ بەلادا کا!!
دەرسی دادا تێهەڵدانی زەمانە
روو ناکاتە دۆستایەتیی گورگانە
ئیتر ماری شێخ هۆمەر هەڵناگرێ
گەرمیکاتەوە و دوایی قاپی گرێ!
گیاکەڵەکان بژار ئەکا لەباخدا
جەستە ئەسووتێنێ لەتۆڵەی داخدا
هەرچی ناوی جنۆکە و دێوو خێوە
هەڵنەیەن، ئەخرێنە ژێر دەست و پێوە
ئاکامی ئەم ئەوینە خاوێنەمان
ڕۆشنە وەك ڕۆژی دایکی دەزگیران

***

ئەمرۆ بیری رەسەن لەپشتی هێزە
هێز بەفەلسەفەیەکەوە بەپێزە
کەمن خاوەنی بیری خۆمبم ناچم
دەس بدەمە دار و پێمەڕە و پاچم
شانازییەکانی خۆم هەروا بشکێنم
باوە کوشتەم بەپێکەنین بهێنم!!
کەمن فەلسەفەیك بوو بەڕێنمام
ڕێش تاریکبێ، بێباکم، دەس بەچرام
ئەبمە خاوەنی پێوانە و ترازوو
هەڵناخەڵەتێم وەك جاری جاران زوو

هەموو دیاردەکانی کۆمەڵ و ژیان
بۆ خۆشەویستم دێنە کێش و پێوان
ڕەش و سپی لەیەك جیا ئەکرێنەوە
وەڵامەکان بەراستی ئەدرێنەوە
ئیتر خۆشەویستم بەبەزەیی و سۆز
لەدەستی نادا هەل و مەرجی پیرۆز
لەسەر بنچینەیەك بڕیارەکانی
ئەنەخشێنێ: چارەنووسی ژیانی
کە من فەلسەفەی خۆم و باوەڕم بوو
ئەیدۆزمەوە هەڵەکانی رابوردوو
هەر بەو فەلسەفە و بیروباوەڕەوە
بەتەنێکی لاوازتریش و لەڕەوە
گرەو لەشەیتانەکان ئەبەمەوە
نەورۆزێکی باڵاتر ئەکەمەوە
درەفشی کاویان ئەدەمە دەستی
دەزگیرانم بۆ نیشانەی مەبەستی
بۆ چارشێوی رووی نازپۆشین لەیاری
بۆ تارای بووکی ئەنجامی دڵداری

سلێمانی: 1976



# بۆ خاوەن شەهید

ئەی ژنی شۆخی ڕەشپۆشی خەفەتبار
ئەی دەسی خەم لەژێرگرتووی چەنەی لار
ئەگەر خوشکی شەهیدی، ڕۆڵە گوژراو
ئەگەر خوێنی دەزگیرانت ڕژێنراو
ناڕەوایە چاوت دابێ بەگریان
ئەو گۆنایە بژاکێنیت بەلێدان
ئەم نیشتمانە دێرینە لەمێژە
گلۆڵەی بەختی نەهاتی لەلێژە
ئەی ژنی شۆخی ڕەشپۆشی خەفەتبار
نەبەرگی ڕەش چارەسازە نەخەم کار
هەتا گۆشتی کوڵمەکانت هەڵکەنی
دوژمنت زیاتر ئەکەی شاد و خەنی
وامەزانە دەستەوستانی خەمی
تۆ مرۆڤ و تۆ فریشتەی بەرهەمی
نیشتمان چاوی لەتۆیە بۆ ڕۆڵە

لەجێگەی یەك دەی بدەیتێ بۆ تۆڵە
بەگەشبینی لادە فرمێسکی چاوان
منالی تر بێنە بۆ ڕیزی لاوان
بە باوەڕی کوردایەتی گۆشیکە
بۆ ڕێبازی ئەو شەهیدە خۆشیکە

ئەی ژنی شۆخی ڕەشپۆشی خەفەتبار
نا شەهید ئەمرێ لەجێدا دەردەدار
خەم و بەرگی ڕەش فڕێدە فریشتە
شەهید جێگەی دڵی ئێمە و بەهەشتە

سلێمانی: 1987
لەکۆڕێکی وێژەییدا لەدهۆك خوێنرایەوە



# رازی مەڕی شار بۆ مەڕی کێوی*

برای باشی مەڕی ئەم چیاو چیام
وانەزانی من لێرە لەخۆشیام
خاوەن ئەم هەموو گۆشتەم
تێر و تەسەل و پۆشتەم
ئیتر ئەبێ زۆر شاد و بەختیار بم
بۆ هەموو کارێکی ڕەوا لەبار بم
نەخێر ئەژیم بەپەستی
دوور لە چێژی سەربەستی
بەڵێ مەڕی شارستانی لەمافی
لەشانازی، یا لەلاف و گەزافی
هەتا بڵێی بێ بەشە
کەساس و چارە ڕەشە
بۆ ئەو ناشێ باسی ڕۆژانی دێرین
نەبا سەگی خوێڕیی لێبێتە حەپین
★★★
پێی بڵێ دەمارگیرە

* (مەبەست لە تێکۆشەری شارو پێشمەرگەی شاخە)

هەزار پشتی لەبیرە!
بیگەزێت و قەسابیشی لێپڕکا
ئەوەندەی تر گوزەرانی لێشڕکا
★★★
برا ئاخۆ ئەزانی
کەمەڕی شارستانی
گەر بێت و کارێکی تایبەت بۆ هۆزی
ئەنجامبدا ئەیشکێنن قەپۆزی
ئەڵێن بیری چەن تەسکە
بەرهەمی کاڵ و کەسکە!
ئیتر بیانوو پەیدا ئەبێ بۆ کوشتن
بۆ کەوڵی پێست، سەربڕین و خوێنڕشتن
چەقۆ ئەنێنە بینی
ئەڵێن مەڕی شۆڤێنی
تۆ بۆ دەس ناگری بەپێستی لەشتەوە
ناترسی بەدەم زریانی وەشتەوە
خوریی لەشت نەمێنێ
(با) بیبات و بیهێنێ!؟
ئەوە ناشبێ بڵێ من هەرچیم هەیە
بۆ خۆم نییە هەمووی هەر بۆ ئێوەیە
ئەگینا خاڵی گومان



ئەسوڕێنرێ بەتاوان
ئەخرێتە ناو دەفتەری ڕەشکراوە
بەشی تەویلەی تار ئەبێ تاماوە
هەر ساتێکی مردنێ
یا بۆ کوشتن بردنێ
★★★
ئێستا ئەوانە بەهەرجا بێگانەن
ئەمانەی خۆمان کە مشتۆی هەمانەن
بەڵێ مەڕە لاتەکان
لێناگەڕێن.. ڕێنمان
ئەوانیش فێربوون گەر ناویان بهێنی
لێت ڕاست ئەبنەوە و پێت ئەڵێن شۆڤێنی
منی خاوەن بیری چاك
ئەکەن بەمەڕی ناپاك!
دەتوخوا وەرە مەمرە لەداخانا
مەڕە لاتەش ڕێت پێبگرێ لەبانا
من کە ئەمە حاڵمبێ
ئەمە ژینی تاڵمبێ
کێ نازانێ شۆڤێنێتی بۆم نابێ
مەگەر کەسێ نەزانێ لەچ بابێ
لەسەر ئەو زەوییە دێمە

کەوتۆتەوە بۆ ئێمە!

بۆ کاوێژی ئەو وشانەی دوژمنم

چەقۆی تیژیان پێئەنێتە گەردنم

ئای لە مشتۆی هەمانە

لەسیخورمەی مەڕانە!

***

کاکە یاخوا بەدی روو نەکاتە کەس

دەردی من هەر مەڕەلاتە نیە و بەس

من داخ و دەردم زۆرە

بۆت باس ئەکەم بەنۆرە

والەئاستی منی بێپەناو پشتا

لەژێر گرمەگرمی هەوری بارڕشتا

مەڕە مشنی کەرباب

بۆتە نۆکەری قەساب

نابارێنێ، لەبەهارا ئەزەڕێ

نابارێنێ، بەخێوی خۆی ئەوەڕێ

بەمشەمش مڕو مووش

بۆ دەنکێ جۆ، چڵێ پووش

دەوەرە هەمدیسان مەمرە لەداخا

بەرامبەر کەو قەل بخوێنێ لەشاخا

مەڕە مشەی کۆڵەوار



لێمان بۆتە سەگی هار!

***

ئینجا کاکە بۆ منی زۆر بێبەختێ

جار بەجارە لەکاتێکی ناوەختێ

مەڕێکی تری چڵمن

ئەبێ بە کەری جرپن

باڕەی وەك زەڕینی گوێدرێژی دێز

نەسۆزی تیا هەیە و نە ئاواز و پێز

باڕە باڕ و زەڕە زەڕ

بۆ زیانی رانە مەڕ

هەتا خۆشی ئەتۆپێ هەر ئەزەڕێ

بەبێ هیچ بەهارێ، یا بێ لەوەڕێ

کەچی لای هەندێ نەزان

نابێ بەپەندی زەمان

***

جا برای مەڕی ئەم چیا و ئەوچیام

ئێستاکە زانیت من چەن لەخۆشیام!؟

خۆزگەم بەخۆت کە شادی

برسیشبی خۆ ئازادی

راستە من ئاخوڕم پڕە لە ئاليك
ناچێژم گەرما و سەرمای شەوی تاريك
تۆش دوور لەشارستانی
مەڕی چيا و كێوانی
بەسكێ تێر، دوو سك برسی، دەربەدەر
بەڵام تاجی جەوامێريت وا لەسەر
ئەوەی مار و دووپشكە
لەئاستی تۆدا مشكە
بانەمێنێ ورگی تێری ژێر دەستی
گەشەداربێ برسێتی بەسەربەستی

سلێمانی: 1984



# ئۆپەرێتی نازە

نازە:
من نازدارم نازەنينم لەبەر نازپێم ئەڵێن نازە
ناسك وەكوو پەڕەی گوڵم لەجوانيدا بێ ئەندازە
داخوازيی خۆم بەئاسانی نادركێنم من بەنازم
پێناسەی خۆی با پيشاندا ئەوی ببێ بەداخوازم
لاوبەگ:
نازە نازە من لاوبەگی گوندی خۆمم، كوڕی بەگم
خانەدانم، ئاغای زەوی سامانی زۆر، خاوەن چەكم
بەژن و باڵات لەسەر تاپێ ئەكەم بەپەيكەری ئەڵماس
پيرۆزتبێ خانمێتی و ژيانی نوێ ئەی بووكی خاس
نازە:
من خۆم نادەم بەزەوی و زێڕ خۆم ئەڵماسم، خۆم سامانم
من هەواڵی بەگ و ئاغا و سەرمايەدار هەر نازانم
لاوجوان:
ئەی نازەنين نازی جوانی ئەبێ جوانێ هەڵيگرێ
هاوشانی جوانيەكەی تۆ بێ تا بتوانێ دڵت بەرێ
من هيچ ناڵێم خۆت ئەمبينی چ لاوێكم، ئەشێ ئەوين
لەگەڵ مندا بسازێنيت ببين بە مەم، بەخاتوو زين
نازە:
جوانی تەنيا بەلەش نيە نەبۆكچان نەبۆ كوڕان

تەنیا جوانی کەڵکی چییە بۆ منی بێ ناوو نیشان
لاوبیر:
ئەی نازداری شۆخ و شەنگم ئەزانم تۆ ڕۆشنبیری
شەیدای کوڕی خوێندەواری جیهان دیدەی وریاو ژیری
من لەوانەم بڕوا نامەی بەرزم هەیە، خاوەن پایە
هەڵبەت ژیان لەگەڵ مندا واتایەکی بەرزی تیایە
نازە:
بڕوانامە و ڕۆشنبیری و خوێندەواری من لەگەڵیام
بەوەش کارم تەواو نابێ ئای لەم بارەی منی واتیام
لاوتێر:
منیش ئەڵێم جوانیی نازە سامانێکە هەندە زۆرە
بەلایەنێك تەواو نابێ ئێوە لاچن، بۆمن نۆرە
من جوانیشم، بازوو پتەو هاوتەمەن و خوێندەوارم
پایە بەرز و خانەدان و بەناوبانگ و ساماندارم
نازە:
ڕێزم هەیە بۆ هەمووتان بابەتی من رووکەشنیە
من کێشەکەم کێشەی خۆم و بەختی سپی یا ڕەشنیە
من دایکێکم هەیە هەرچەن زۆر گەورەیە و تەمەن درێژ
بەڵام ئێستاش شاجوانێکە شانی ئەدا لە گەلاوێژ
ئەو دایکە جوانە نازدارەم هەر چوار پەلی شکێنراوە
هەرچی ڕۆڵەی ئەوبێ وەك من یا دەربەدەر، یالێدراوە
لاوتیمار:



من پزیشکم هەزار دەست و قاچی شکاو ئەکەم تیمار
نازدارەکەم، وەرە ئەی جوان ببین بەهاوسەر و بەیار
دایکێ کچی وەك تۆی هەبێ دیارە ئەبێ هەر شاکار بێ
چۆن ئەگونجێ دایکی نازە کەفتەکار بێ، بەبێ چاربێ!؟
نازە:
بریندارە دایکی نازە برینەکەی بەداودەرمان
چارە نابێ، زامی سەختە خاك بەسەرم، هەش بەسەرمان
لاوکار:
من ئەزانم چەن خاوێنە چەندە بەرزە هەستی نازە
ئەم نازدارە ئەم گەڕانەی بۆ لاوێکی پیشەسازە
چاك ئەزانێ پیشەسازی ئەمانباتە دواهەم نهۆم
نازدارەکەم: کرێ کارم ئەندازیارم، ها دڵی خۆم
نازە:
جارێ سامان با هەر خاوبێ پیشەسازی کاتێ سازە
بەری پیشە نەکرێ بەدار بۆ لێدانی دایکی نازە!
لاوچاك:
کچێ نازە، کچێ نازە کۆتایی بێنە بەم ڕازە
ئەم گۆڵمەزە لێرە لادە نازانی من ڕێم هەورازە؟
نازە:
ئەرێ لاوە تۆ بۆ سەری ئەم جیهانەت لێگیراوە؟
من پێناسەی تۆشم ئەوێ مەبەستم کێشانەی پیاوە
لاوچاك:

بڕۆ نازە، بڕۆ نازە ترسناکە پێناسەی من

بەسووتاویش خۆڵەمێشم ژیلەیە بۆ چاوی دوژمن

نازە:

باشە لاوە پێم ناڵێی تۆ دڵی ڕەقت بەردە یادار

هەستت هیچی گرتۆتە خۆی لەدڵداری، لەوشەی یار؟

لاوچاك:

نەخێر نازە، من چیم داوە لەم گێژاوە، منیش دوچار

دایکێکی جوانی بریندار چیبکەم لەیار، چیبکەم لەیار

نازە:

ئەرێ لاوە تۆ ئەزانی من لەبیرم وا گەڕاوە

من و تۆ لەیەك نزیکین تۆ پێم ناڵێی چی روویداوە

وادایکی من دراوسێی دژ لێی ناگەڕێن، دەوریان داوە

ئەی دایکی تۆ چی لێی داوە بەچی دەست و پێی شکاوە؟

لاوچاك:

نازە تەنیا بەدراوسێ دایکم دەست و پێی نەشکاوە

دایکم مشتۆی هەمانەکە لەهەناوو دڵیداوە!

نازە:

لاوە لاوە: تێی گەیشتم ئەوەش دەردی دایکی منە

بەمشتۆی هەمانەی خۆمان دایکی منیش پشتی کونە!

لاوچاك:

نازە نازە: ئێمە یەکین ڕێمان یەکە، ڕێ هەورازە

بێنە دەستی هەرەوەزی وەرە بگرین ڕێگەی تازە



نازە:

لاوە بەوەی لەم جێیەدا یەکیخستین، ساهەرچییە

دەستم نادەم تاپێم نەڵێی ئەو دایکەی تۆ ناوی چییە

لاوچاك:

نازە وسبە، دارو دیوار گوێیان هەیە، کار بەمەنگی

نیشتمان خان دایکی منە تۆش پێمبڵێ، بەبێ دەنگی

نازە:

دایکی منیش هەر وای ناوە لاوە دڵمان لەیەك پاکە

هەر خۆم وتم بۆ سەرنجی راکێشام ئەم لاوە چاکە!

لاوبیر:

ئەی لاوینە: یەکگرتنی نازە و لاوە ڕاستە و تەواو

لەبیرتانە نازە وتی ئەگەڕێ بۆ کێشانەی پیاو!

دەی خۆ ئێمەش لاوین پیاوین بەسەربەستی لەدایك بووین

ئەی بۆ ئێستا کەڕو لاڵ و دەستە ئەژنۆ لێی دانیشتووین؟

دەسا وەرن بایەك گرین هەرچی دایك پەلشکاوە

لەدووی نازە، لەدووی لاوە ڕۆژی لاوە، ڕۆژی پیاوە

ئەوانی تر:

هاتووین، هاتووین، ئێمەش هاتووین ئێمەش لاوین، ئێمەش پیاوین

ئێمەش کوڕی شاژنێکی   سەرو دەست و پێ شکاوین

نازە:

ئەی لاوینە: جێی سوپاسن شایانی رێز، بۆ ئێمەی ژێر

یەکێتیمان ئەبێ لەسەر بنچینە بێ، بنچینەی بیر

یەکێتی گەر بەرئەنجامی هەڵچوونێکی لەپڕ بێ و بەس
وەکوو بەفری زستان، بەهار ئەتوێتەوە و دێنێت هەرەس
لاوگێرە:
کەی وەهایە، کەی وەهایە! چینێ لەگەڵ چینێ جیایە
بەگی چاوچنۆکی غەدار چۆن ئەگونجێ لەگەڵ جوتیار
یا چۆن ئەبێ سەرمایەدار ببێ بەهاورێگەی هەژار!؟
کەی وەهایە کەی وەهایە چینێ لەگەڵ چینێ جیایە
نازە با ئەم جیاوازانە دەست هەڵگرن لەم هەرایە
چۆن لاوبەگ و تێرو تیمار ئەبن بەهاوڕێگەی لاوکار؟
دایك ببێ، نەبێ، چییە؟ گێتی سەرتاپا کەسەو کار
بەرەی ئەم دایکە پیرەمان قۆناغێکە هەر دێ لەبن
لاوکارانی ئەم جیهانە رێگەی هەتا هەتای یەکن!
لاوبیر:
لەراستیدا نە ئەم بەگە نە لاوتێریش سەرمایەدار
کوانێ زەوی، کوا کارخانەی پۆڵا و ئاسن، کوا کرێکار!؟
جگە لەوەش بۆچی دوو دژ ڕۆژانێ بوو یەکیان ئەکوشت
ڕۆژانێکیش بۆ ناوکۆیی ئەبوون بە هاوکار و بەپشت
بۆ نابێ هاوڕێگەی یەك بن ئەو لاوانەی لەیەك پشتن
لەپێناوی کۆتایی بە مەرگەساتی دایك کوشتن
لاوگێڕە:
کەی وەهایە کەی وەهایە چینێ لەگەڵ چینێ جیایە
بیری زانستی وائەڵێ لەوبیرە لانەدەن بەبست



رێ نەگۆڕن بە وتاری لاوبیرێکی کۆنەپەرست
لاوبیر:
ئێمە تاکەی بەدەهۆڵی دوورە وڵات سەماکەر بین
باری ناهەمواری خۆمان چارە نەکەین، چاو لەدەربین!
هەر کۆمەڵێك بارو دۆخی تاڵ و سوێری خۆی ئەچێژێ
هەر جێگەیەك نێو نەمامی بەپێی کەشی خۆی ئەنێژێ
لاوگێرە:
کەی وەهایە کەی وەهایە چینێ لەگەڵ چینێ جیایە
لاوبەگ:
بڕۆ لاوەی گێرە شێوێن کەس نازانێ ئێوە بۆ کێن
لاوتێر:
ئەشێ لاوەی شەن و گێرە تۆ نەزانی ئێستا لێرە
چڵێتێکی دژی ناکەس بەهەموومان خڕو فێرە؟
نازە:
بڕۆ لاوەی گێرە شێوێن کەس نازانێ ئێوە بۆکێن!
ئەم جیهانە هەموو بەستە بۆ دایکانی خۆیان ئەڵێن
لاوچاك:
لاوەی گێرە ئەم ئاوازە بۆ ئێمە ناشێ، ناسازە
بەستە و گۆرانیی یەکێتی ئاوازی سازوناوازە
نازە:
یەکێتی بیر، یەکێتی بیر دەوڵەمەندین، یا هەژارین
لەخاڵێکدا هەموو یەکین هەموو دایك بریندارین

لاوچاك:

ئێستا کاتی ئەوەمانە هەموو بگرین ڕێگەی تازە

ئەو ڕێیەیە چاری دایکی من و ئێوە و دایکی نازە

بیرۆکەی ئەو ڕێبازە زۆر گران نیە، خۆماڵییە

بیرۆکەی تر هی خۆ نەبێ ئەنجامی دەسبەتاڵییە

لەم بیرەدا گرێی دەروون ئەکرێتەوە، کەسایەتی

دەرئەکەوێ، نابین بەپێ‌خۆری شەڕی برایەتی

لاوبیر:

ئەمە ڕاستە، کەمن هەستم بەخۆم کرد و زانیم کە هەم

فریو ناخۆم بەسامان و پلەو پایە و بە قاڵەی دەم

لەمێژوودا دەرئەکەوێ مشتۆی هەمانە و پوازە

بوونەتە هۆی شکاندنی دایکی ئێمە و دایکی نازە

نازە:

دەی با هەموو یەکەم وانە مێژووی خۆمان باش لەبەرکەین

پەند لەهەڵەی ئەوسا و ئێستا وەرگرین و چییتر نەکەین

لاوکار:

ئەگەر نەمامی تەمەنمان بەرێ نەگرێ چقڵ بۆچی؟

ئەوی شایانی ڕێز نەبێ بێز لەبەرچی لەدوای کۆچی؟

لاوجوان:

کەسێ گوڵی گەشیش نەبێ ئەتوانێ خۆی نەکا بەخار

لەم ڕێیەدا گرێ نەبێ ئەبێ بەپاڵپشت و بەیار

هەموو:



بژی نازە، دایکی نازە ئیتر ئەمە ڕێگەمانە

باکەس نەبێ بەدێز، پواز یا بەمشتۆی ناو هەمانە

لاوبەگ:

لەم بیرەدا یەکێتیمان لەسەر بنچینەی باوەڕە

زەمینەی ئەم بیرۆکەیە وێنەی کێڵگە و زەویی تەڕە

لاوتێر:

ئەم باوەڕە ئیتر باوە هەرچی کەسیش پێی خزاوە

ئەتوانێ بکشێتە دواوە دەرگا لەکەس دانەخراوە

لاوچاك:

نازە کێشانەی داناوە نیازی بەراوردی پیاوە

ئەوی گوڕێکی تیا ماوە بابێت، ڕێزی لەسەرچاوە

هەموو:

هاتوین، هاتووین، ئێمە هاتووین ئێمەش لاوین، ئێمەش پیاوین

ئێمەش کوڕی شاژنێکی سەرو دەست و پێ شکاوین

لاوگێرە:

پەشیمانم، منیش هاتم جێم مەهێڵن، لەگەڵتانم

منیش ڕۆڵەی خاك و خوێنم پشت و پەناو جگەرتانم

لاوتیمار:

بژی نازە و پێوانەکەی ئەم نازدارە گوڵی گەشە

ژیان بۆ دایکە جوانەکەی دایکی نازە هی ئێمەشە

لاوبیر:

ئەی لاوینە بەردەوامبن ئێستا یەکین، ئێستا سازین

دوژمن ئیتر خۆی ناگرێ هەموو پشت و پەنای نازین

هەموو: (چەن جارێك نازە بەرز ئەکەنەوە و ئەڵێن):
بژی نازە، دایکی نازە سەرفرازە بیری تازە
ئەم هەورازە، ئەم رێبازە بەم ئاوازە کۆك و سازە

سلێمانی: 1986
لەگۆڤاری نووسەری کورد ژمارە 5 بڵاوکراوەتەوە



# بۆ جوانێکی هەنگاری

لەدیسکۆکانی[1] بۆدابست[2] کۆڕی ئاهەنگ گەرم و گوڕە
سەرشانۆی جوانی رازاوە، پڕ لە کچە پڕ لەکوڕە
هەموو شەوێك ئەستێرەکان بەرێ ئەکرێن بەچاوبڕکێ
پێشوازی لە شەفەق ئەکرێت بە گۆرانی و بە هەڵپەڕکێ
تا بەیانی ئاواز و ساز، زڕەی پیاڵە، چریکەی دەنگ
راز و ژوان، ماچی ناودەم، گوشینی دەست، کەمەری تەنگ
شەوێك جەژنی سەری ساڵبوو لەناو ئەو هەموو جوانەدا
(ئەدید)[3] جوانێك بوو بێ وێنە، ئەدید زیاتر رووی بە مندا.
وتم فەرموو بۆ سەمایەك بەبێ وەستان وتی (ئیگان)[4]
لەدوای جۆپی و یەکترناسین بۆ خواردنەوە چووینە سەرخوان
وەك سەرەتای دڵدارییەك بەرێزەوە قسەی ئەکرد
بۆ مەبەستێك باس و خواسی دانیشتنی شەوی ئەبرد
وتم ئەی جوان، ئەی پەری زاد، ئەی رووناکی شەوی جەژنم

[1] دیسکۆ: جێگەی سەما، دانس
[2] بودابست: پایتەختی هەنگاریا (مەجەڕ)
[3] ئەدید: کچێکی هەنگاری
[4] ئیگان: بەڵێ، باشە بەزمانی مەجەڕی

هەرچەند من ئێستا پێکراوی، قژی زەرد و باڵا و بەژنم
بەڵام من دوورم لەتۆوە، من ڕێبوارێکم، من کوردم
لانەوازم کێشە ئاڵۆز، تۆ بۆ وازوو دڵت بردم؟
وتی من و تۆ نزیکین، تۆ دەربەدەر، من دەم بەسراو
دڵم بەجۆرێك لێئەدات، جۆرێکیتر ئەبینێ چاو
جگە لەوەش بەراستت بێ، یا ڕواڵەت مەڵێ (وازوو)
نایەتەوە هەر چرکەیەك، لەم ژیانە کە لەدەست چوو
وتم ئەدید ئەی کچۆڵە، فریشتەی ئەم راگوزارەم
وتی ئەی لاوی ئاوارە، هەڵبژاردەی ئەم دیدارەم
وتم بابێ پەرداخی مەی بەچاوی گەشی تۆوە نۆش
وتی (ئەگێش)[5] ئنجا سەمای زۆر، (کۆسەنەم)[6] جەژنێکی خۆش

بۆدابست: شەوی 1982 / 1983
لە دیوانی جوانیدا 1983 بڵاوکراوەتەوە

---

[5]ئەگێش: نۆش بە زمانی مەجەڕی
[6]کۆسەنەم: سوپاس بەزمانی مەجەڕی



# نامەیەك بۆ ئەدیدی هەنگاری

ئەدید فریشتەی بۆدابستی خۆش مەجەڕی هەستاو بەرووی ستەما
ئەدید نموونەی ڕۆشنبیری هۆش چەپەری وەستاو لەڕۆژی تەما
ئەدید ئاوازی ڕۆژانی پەنای ژانە سەریم و ناوادەچوونم
ئەدید شابازی هۆزانی سەمای روو لەدەریم و بێ چارەبوونم
ئەدیدی هاوناز پەیکەری جوانی
ئەدیدی هاوڕاز ئایە ئەزانی؟
منیش ژیلەمۆی ناو ئاگردانی تەمەنی لاویم وەکو جارانی هێشتا بەتینە
منیش چڵ و پۆی بن تاوێرانی رەوەزی کێویم لەکۆسارانی ئێستاکە شینە
لەو کاتانەدا ئاواتی دوورو بیرۆکەی پەتیم بەبێ بوونی خەش پێشێل ئەکرا
لەوساتانەدا ئافاتی سوور و پەپوولەی سپیم بەپێنووسی رەش ئەکرانە برا

لەودەمانەدا لەدەوری گوڵا کە خار ئەڕوا
لەو شەوانەدا لەجەوری دڵا جەخار ئەپوا
نەمامی برِوام ملی کەچ ئەکرد
لە شانازیدام کە ئەبوومە پرد
بۆ پەرینەوەی ئاوێرەکانی باخی وڵاتم
بۆ تەقینەوەی تاوێرەکانی شاخی بەهاتم

***

ئەدیدی وریا تۆ لای خۆتەوە
ئەدیدی فریا من لای خۆمەوە
باڕازێ بدەین بەو گوێچکانەدا کە هێشتا کەڕن
باسازێ بدەین بەو ڕێچکانەدا نموونەی فەڕن
شکا کەناری مەتریالیستان لەهەنگارستان بەکاری بەرزی نەتەوایەتی
رما دیواری لەدەوری ویژدان بەدەستی ئینسان دیواری مەرزی مرۆڤایەتی
بەڵێ دیوارێ کە ژێری بۆشبێ چەن خاکەسار بێ ئەکەوێ ئەنجام
بەڵێ نەیارێ خراپە گۆشبێ چەن پایەداربێ ئەنەوێ ناکام
ئەی هاوبیرانی ڕۆژانی بەرگەی دەنگی مانەوەی تاکە چارەکەی باوەڕی رەسەن
ئەی لاوژیرانی زۆرانی جەرگەی جەنگی نانەوەی گاڵتەجاڕەکەی (ئێوەنین و هەن)[7]!
ئەم پەندە ئیتر بابڕێ چاتر وەکو نیازی پاك ئەو وانەیامان بەبیرخاتەوە:
هەرچەندە پتر باوەڕێ لاتر لەپیرۆزیی خاك لەو سایەیەمان بەدوورخاتەوە
ئەنجامی هەرەس لەماوەیەکی کەمترا رمان
ئەی باڵی هەوەس لەچامەیەکی زیاترا زمان
بفڕێنەرە لای ئەدیدی کۆشش

[7] ئێوە نین و هەن: ئاماژەیە بۆ باڵۆرەی: کورد هەیە بەڵام ئوممە نیە!



بۆ ناو کودەتای مەجەڕی شۆڕش
نەمامی بەژنی بگرە لەوشەی ئەندێشەی ئاڵۆز
لەیادی جەژنی ئەو شەوە تووشەی دوو کێشەی پیرۆز
بوونە شەوچەرەی نۆشینی بادەی دیسکۆی ئەستۆریای ئاوازی مەستان[8]
رێ بەسەربەرەی کۆڵان و جادەی بەرساردی و سەرمای دانووبی زستان[9]
پێی بڵێ ئەی شۆخ ئەوانەی کەبوون بەداری دەستی مۆتەکە و هاڵی
باڵی سەربەستی بەبێ بەهانە بۆ نیوە چەرخێ
ئێستە کێشەی دۆخ سەبارەت دەرون لەباری پەستی ساڵەهای ساڵی
چاڵی بەردەستی لەلای ئەوانە چۆنی ئەچەرخێ!؟
بەڵێ ئەوانەی ئازادییان کوشت بێ ئەوەی گەدەی چەوساوە پڕکەن
بەڵی ئەوانەی ئەکرانە پاڵپشت بۆ ئەوەی نەوەی ئەو ناوە سڕکەن
ئەوانەی بوونە ڕێبەری رەشی دەبابەکانی حەفتا هەزار خوێن
ساڵی پەنجاو شەش
ئەوانەی چوونە سێبەری خەشی بەرپاسەوانی چەوساوە ترسێن
بوونە پەردەی رەش
لەسای سێبەری لافی گۆڕان و هاشەی زانستا مێژوویان وەستان
لەپای پێوەری تافی لاوان و گاشەی لامستا پێشوویان پەستان
بوونە پێشکەوتەی پاشکەوتن خوازی
بوونە ئاشکەوتەی بەرئەنجام وازی

[8] ئەستۆریا: ناوی هۆڵێکە لەبودابست
[9] دانووب: رووباری دانووبە لەبودابست.

ئەوانەی ژەنگیان لەبیر هەڵئەسوو فەڕیان ڕانەخست
ئەوانەی دەنگیان بەتیر بەرنەبوو سەریان دائەخست
ئێستا لەکام بەر سەرچۆپی کێشن!؟
هێشتا ئەوان سەر، فرمێسکەڕێژن!؟
ئای لەئازاری ڕەنجی بێوەری!
وای لەهاواری گەنجی بێسەری!
هاتەدی ئەوەی پێشبینی ئێمەی ڕۆشنەچاوی خاوەنی ڕێیە
بائیتر نەوەی ئەم ڕۆژە روونەی هەڵخەڵەتاوی ئەڵقە لەگوێیە
بێنەوە هۆش و ژیان و مردن بۆ خاکی ئەژداد ئینجا بۆ جیهان
ئا بەوە گۆش و پراوە کردن خۆراکی فریاد تێکرا بۆ گەلان
ئەدید ڕەشەبای ژێری شاراوەی بیروستڕویکا
پەنا بەسەدای خێوی ئاژاوەی ناچیزە نادا
ڕەشمان لێبکا بەبەفری کوێستان
خەشمان پێبدا بەدەفری دۆستان
ئەدید سەرکەوتن بۆ بەرەی گەلە
ئەدید بەرکەوتن چاوەڕێی هەلە
یەخەو گەردنی هەموو جیهانە
ئەدید کەوتنی ستەمکەرانە
ئەدید ئەمجارەش بۆ ڕێگە و کاری بازوو جوڵاندن ئەدا گوڕ بەهۆش
ئەدید ئەمجارەش بۆ کونیڤتاری بیرو بزواندن ئەگێش واتە نۆش[10]

سلێمانی: 1990

[10] کونیڤتار: سەربەستی. ئەگێش: نۆش.



# درەختی کوردایەتی

تۆوم وەشان بەنهێنی، لەمەترسیی شەوی تارا لەپاسارا
تۆوم وەشان بەئاشکرا، لەناو گڕی گوند و شارا لەجەخارا
تۆوم وەشان لەسەر شاخ و لەپێ دەشت و لەپای هەردا بەناو وەردا
تۆوم وەشان بەناو خار و بەناو دارو بەناو بەردا بەناو دەردا
تۆوم وەشان تۆوی بیرو باوەڕێکی بەرین و ورد پاکژ و گرد
تۆوم وەشان بەبێ پەروا، بەبێ ئارام، بەدەست و برد بۆ نەوەی کورد
تۆوم وەشان لەکێڵگەی نیشتمانێکا، تابڵێی جوان بەدڵ و گیان
تۆوم وەشان بۆ مەبەستێ، بەبێ کۆڵدان، بەبێ وچان لەکوردستان
تۆوم وەشان بەپایزی بێ بای وەشت و بەبێ باران بەبێ یاران
تۆوم وەشان کۆمەڵانێ، هەر لەخۆمان، دژم وەستان دژم هەستان
تۆوم وەشان چەکەرەی کرد، گیاکەڵەکان ویستیان بیبەن یا وشکی کەن
وتیان تۆ نیت تۆ خەیاڵیت، تۆ بەتاڵیت، ئەتکەن بەپەن ئێوەکەی هەن!؟
تۆوم وەشان چونکە تۆوم تۆوی نەژاد و ڕەسەن بوو بەرژەوەن بوو
خۆی ڕاگرت و گەڵای کرد و نەمامێکی بەهرەمەن بوو پەرەسەن بوو

درەختێکی لێ پەیابوو، چڕو پڕ و قەشەنگ و قۆز بەرز و
پیرۆز
رەگی داچوو بۆ رۆژان و بۆ داستانی کاوە و نەورۆز بزوێنی
سۆز
پەلی هاویشت بەئاسمانی سەرتاسەری کوردستانا بەجیهانا
بەناو هەستا بەدەروونا، بەناو بیرا، بەویژدانا بەژیانا
ئێستا شنەی ئەو درەختە سرودێکی بەئاوازە تەلی سازە
ریشە و رەگی بەر لەئێستای بۆ داهاتوو چارەسازە بەردە بازە
قەد و باڵای هەڵکشاوی ستوونێکی رێك و جوانە پایەمانە
باڵی راستی میللەتێکی خۆڕاگر و قارەمانە سایەمانە
لقەکانی بۆ تێکۆشەر ڕێنمایە و هێڵ و پردە رێگەی مەردە
گوڵەکانی گوڵی یەخەی شۆڕەسواری ئازای کوردە کەنەبەردە
گەڵاکانی سوور و زەرد و سەوز و سپی، ئاڵامانە باڵامانە
بەڵگەنامەی خوێن و خۆر و خاك و بەفری کوردستانە کاڵامانە
سێبەری بۆ هەموو کورد و کوردستانە بەیەکسانی بۆ ڕۆژانی
ئازادبوونی مرۆڤی کورد لەسەر خاکی نیشتمانی باپیرانی
بەری تەڕی ئەو درەختە، برایانی هاوبیری خۆم منیش نەیخۆم
شانازیمە وەکو ئێوە لەبەرهەمیا هاوکار و کۆم هەوێن و هۆم



تۆوم وەشان ئەوەی جاران لەڕێگەمدا بوو بەبەربەست بێ هۆش و
هەست
ئەمڕۆ ئەویش لەگەڵمایە، خاوەنی ڕێ، خاوەنی هەست کۆك و
پەیوەست
تۆوم وەشان بوو بە خۆرە و چووە گیانی داگیرکەران
لەکوردستان
تۆوم وەشان بوو بە بارووت بۆ بارەگای دژ و تاوان هەڵیتەکان
سەدان سەری ستەم تیایا بوو بە کۆڵوو، بەکۆی زووخاڵ رەگەزی
تاڵ
نەخشەکانی وەکو لاشە و هیواکانی، شیتاڵ شیتاڵ نرانە چاڵ
تۆوم وەشان شانازیمە بەرووبومی وا لەڕوا ئاسا ئەڕوا
شانازیمە لەناو ناخی قووڵی بیرا تۆوم ڕوا بوو بەڕوا
بڕوایەکی وەها پتەو، ئازاد بوونی کوردی تیایە لەم دنیایە
کوردستانی سەربەخۆیی و سەرتاسەری پێ ئاوایە بەو بڕوایە
ئەی درەختە پیرۆزەکەی کوردایەتی خوێنی گەشم گیان و لەشم
پێشکەش بەتۆی بیرو بڕوام، هی تۆیە و من، گەرچی هەشم، لێی بێ
بەشم

سلێمانی: 1991

# مرۆڤایەتی

**لەیادی چل ساڵەی کۆچی دوایی مێژوو نووسی کورد ئەمین زەکی بەگدا**

ئەی پایە بەرزی مێژوو نووسەوەی کورد و کوردستان
چل ساڵ لەمەوبەر چۆنت بەجێ هێشت کۆمەڵەی ئینسان
وەکو خۆی ماوە بگرە کەمتریش مرۆڤایەتی
لەئارادایە ناتەبایە، دژ، بە کوردایەتی
یا ئەشێ بڵێین کوێرە پیاوێکە مرۆڤایەتی
یا لەڕێگەدا سوێرە ئاوێکە مرۆڤایەتی
ئێستا ناوێکی بەبێ ناوکە مرۆڤایەتی
هێشتا لاوێکی بەبێ باوکە مرۆڤایەتی
بووکی موغازەی شۆخ و قەشەنگە مرۆڤایەتی
دەنگ و ئاوازەی بێ بۆن و رەنگە مرۆڤایەتی
شمشاڵی دەمی جادو گەرانە مرۆڤایەتی
ئاوات و خەمی بێ خەبەرانە مرۆڤایەتی

***

بەواتەی خەڵکی تاك و تەنیایە مرۆڤایەتی
کچی ئاسمان و بووکی دەریایە مرۆڤایەتی
لەخشتە براو یا خەڕۆیەکە مرۆڤایەتی
لەبۆسەنراو یا درۆیەکە مرۆڤایەتی
چەکی دووفاقی دژی ئێمەیە مرۆڤایەتی



بەر و ئاکامی رق و کینەیە لەکوردایەتی
سەرم سوڕماوە لەو گێلە پیاوو هەرزەکارانە
بەبێ بینینی بێ بۆنی خۆشی ئەو پەریخانە
دڵداریی گەشی کاکە مەمێکی لەگەڵدا ئەکەن
یا پەردەی رەشی تازە خەمێکی بەسەردا ئەدەن
وێنەی دەروێشی نەدیدە شێخی هەی ئەلآیانە
شێوەی سەرخۆشی کولاوە رێشێ کفری خوایانە
ئەم تەپڵە بۆشە ئاوازی ڕۆژە یاهی شەوانە
ئەم مژدە خۆشە! پاداشی زۆرە یا خەم و ژانە؟
گریمان ئەمبێ مرۆڤایەتی یا ئەوی تریان
هەتا ئێستاکێ لەڕێکەوتیشا نەیدی کوردستان

***

نەیدی شۆخی وا نیگای چاوێکی لێوە ببارێ
یا بزەی دەمی بەرەو رووی ئێمە جارە نەجارێ
گێلە پیاوەکان هەرزە باوەڕی وتاری پەتی
کی بەمن یاتۆ ئەبەخشێ فەڕی مرۆڤایەتی
هەتا ئێستاکەش لەناو تورکانا خۆ بەکورد زانین
سزای قەستی لەش لەڕێگە و بانا یا پەتە و بۆبین
کەمافێ نەدەن موستەزعەفانی میرانی ئێران
بەڵێنی قەبەی دوا ڕۆژی فانی ناچێتە گیرفان
کام برایەتی لەگەڵ عەرەب دا، ئەو هەر دژم بێ

نیشتمانەکەم لەژێری پێیدا، باوان کوژم بێ
مافی نەتەوەم لەکوردستانا قەلاچۆ نیە
من کە نەمێنم لە نیشتمانا مافم بۆچیە!؟
ئەی پایە بەرزی مێژوونووسەوەی ئەم نیشتمانە
چل ساڵ لەمەوبەر چۆنت بەجێهێشت هەروا وێرانە



# هەڵوێستەیەک

تاکەی لەسەر فەلەستین و لەسەر جۆلان
نیوەی گێتی بکەینە دوژمنی خۆمان
بەمەرجێ خاوەنی جۆلان، هی فەلەستین
بەئێمە ئەلێن ئیسرائیلی دووهەمین
واتا کوردستانیش مڵکی دایکیانە
ئەشێ ئێمە گیانداری بین بێ لانە!
ئەی پێنووسە لەرزۆکەکان تۆزێ شەرمکەن
بەرتیلی قسە ملتان رزگار ناکات لەبەن

سلێمانی: 1991

# رازی باخەوان

ئەو خونچەیەی رەنجم بۆدا
بەتەمابووم بکرێتەوە و بۆنی بکەم
نەمدی زەردەی، نەیدا بۆنی
قەلێکی شووم دڕندانە ڕۆژانی تەم
هەڵیوەران!
ماڵی وێران!
نەخونچەما، نەگوڵی گەش، نەبۆنی خۆش
ئای لەجگەر! لەڕۆژی رەش! لەزامی هۆش!
ئەی خونچەکەم
هەرچەندە خەم
ئەیسەپێنێ بەسەر منی باخەوانا بەکوڵ بگریم
رەنجی بێوەر ئەمهەژێنێ لەداخانا بەدڵ بگریم
بەسەر چڵی لەژێر پێدا شکێنراوت
بەسەر پەڕی لەسەر رێدا دڕێنراوت
بەسەر بۆنی لەهەوادا فڕێنراوت
بەسەر لقی بەسزاوە کڕێنراوت
بەکوڵ بگریم بۆ تاڵاوی قڕەی قەلی بەنزاوە
ئەبارێنرا بۆ سەر هەست و بۆ بیرو گوێت
بەدڵ بگریم بۆ گوڵاوی شادەماری بەسزاوە
رائەکێشرا بێ دەربەستی بۆ خوێنە خوێت★
بەڵێ ئێستا ئەگەرچی کەس لەم تاوانە



ناڕەوایە ئارام نابێ تەلی قوڕگی
لەڕاستیدا ئەشێ نەگریم، لەویژدانا
تۆ ئەمێنی، سەرفرازی، تۆ بزورگی
ئەوی دەستی ستەمکاری ئەبا بۆ گوڵ
یا بۆ خونچە نامەردانە لەمەیدانا
ترسنۆکە بەڕەفتاری، گومانی دڵ
لەکرداری ئەیشێوێنێ لەڕێ و بانا
با قەلی رەش پێبنێتە باخی گوڵ و بیوەرێنێ
با هێلانەش لەپەپوولە بشێوێنێ، بیتەرێنێ
تۆوی تازەی گوڵەکانم جارێکی کەش دەردێنەوە
پەپوولەکان لەئەنجاما بۆ گوڵی گەش هەر دێنەوە
هێلانەکان لەسەر پەڕی قەلی کەوتوو لەنووکەوە رازاوەتر ئەکرێنەوە
گرەوەکان بەبڕواوە، بەتواناوە، لەبوارا بۆ دواجارە ئەبرێنەوە
جەستەی قەلی شملّی شەڕی لەخۆبایی،
نەتۆوێکی ئەژێتەوە، نەئەبێتە خاوەنی ماڵ
مەلی هیواو خۆشەویستی گوڵی تازە،
لەدێرەوە، ئەژدەهاکی خێوی قەلی ناوەتە چاڵ

سلێمانی: 1988

لەگۆڤاری کاروان ژمارە (86) بلاّوکرایەوە

★ئاماژەبە بۆ ئەنفالەکان کەپێش کوشتنی گیراوەکان خوێنی لەشیان دەرئەهێنان!.

## بزێوی

## تابلۆیەك لەڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجەدا:

هەندێ منداڵ بزێون
وەکو باڵندەی کێون
لانە ناگرنە خۆیان
لەدەشتن یا لەکۆڵان
بەڵام ئەفراوە هارە
ناویان نابوو کۆلارە
زیاتر لەوان بزێو بوو
روو لەچیاو نشێو بوو
ڕۆژێ هەروەکو ڕۆژان
کارژۆڵەکەی لەوەڕان
کارژۆڵەی پێشی خۆیدا
روویکردە رێگەی چیا
کارژۆڵەی زەنگۆڵە لەمل
هەڕای ئەکرد خلە خل!
قەپێ لەمبەر رێگەی شاخ
قەپێ لەوبەر رێگەی شاخ
ئەویش وەکو ئەفراسیاو



بزێوو دانەسەکناو
بەجووتە بۆ سەر چیا
رایان ئەکرد دڵنیا
لەپڕ هەورە بروسکە
کەوتە گرمە و تروسکە
کارژۆڵەکە و ئەفراسیاو
تێڕائەمان ناوبەناو
ئەم گرمە و ئەم بارانە
کەی وەکو هی جارانە؟
شتی زل زل ئەبارێ!
بەلێشاو دێتە خوارێ
بۆنێکی وەکو لیمۆ
باشە بۆنی وەها بۆ؟

★★★

لەو گرمە و ناڵە ناڵە
ئەو ئەفراوە مناڵە
هەتا دەمی ئێوارێ
نەیوێرا بێتە خوارێ
کە تاریکی ڕووی لێنان
ئەوەندەیتر پەشۆکان
کارژۆڵەکەی لەترسا

ئەفراسیاویش لەبرسا
ناچار بەرەوماڵەوە
بەرەنگ و بۆی تاڵەوە
لەگەڵ ئێش و ژانە سەر
ملی ڕێیان گرتە بەر
ئەفراسیاوی زیتەڵە
بینی بارانی پەڵە
لەبەهارا گرانە
گوڵ و گەڵا ڕێزانە!
***
هەڕای کردەوە چیا
لەبەر خۆیەوە گریا
کاتێ هاتەوە سەرخۆ
لەخۆی پرسی ئایا بۆ
وەری گوڵ و گەڵای شار
لەباخ و ڕێگە و کەنار
کەچی لەکەژ هەر ماوە
وەڵامی خۆی واداوە؟
ئەشێ هاری و بزێوی
ژیانی وەکو کێوی
هی گوڵی باو باپیران



لەناو شاخ و دارستان
بۆ مانەوە و ژیانبێ
هۆی ڕەنگی ئاڵ و جوانبێ
ئیتر ئەفراوی وریا
بڕیاری خۆی وەهادا
***
هەر لەوێدا بمێنێ
تا تۆویتر بچێنێ
ئینجا ئاوڕی دایەوە
کارە وابەلایەوە
دەستیان کردە ملییەك
کارە و ئەفراوی زیرەك

سلێمانی: 1988

*دوای کیمیا بارانەکە، ناردم بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری، بڵاویاننەکردەوە.

# تاسەی گەشبینی

ئەو دەست و پەنجە بلوورینە
لادە لەژێر چەنەی خەفەت
کەی تۆ هی خەمی!؟
ئەو تێڕوانینە تاریکبینە
بۆ تۆ ناشێ، تۆ نموونەی،
باوی سەردەمی،
وامەزانە تۆ بێ نگینی
دڵنیا بە ئەستێرەکەت
گەشە لەئاسۆ
ئەوەی نەیارە، بادژیشبێ
لەناخیدا سەرسامەبە
بەهرەمەندیی تۆ!
بێرەوە ئارا تۆ هەمیشە
گوڵی گەشی، بێ بوونی تۆ
مەل بێئاوازە
ئەی نازدارەکەم کەتۆ نەبی
سروشت وشکە، ئاو لیخنە
چیا بێنازە.
کە تۆ بزربی، پێوانەکان
ئەئاڵۆزێن، ئەوەی سووکە
ئەبێتە گران



هەتاو ئەیبەستێ لەهاوینا
بەفر گەرما و گڕە دێنێ
بەچلەی زستان
ئەو بەرگە ڕەشە دابماڵە
تا سەی کێشی لارو تاسەی
سوخمەی سورمەتم
منی ئەویندار دڵم تەڕە
لەگەڵ کەوای پوولەکەدا
تاسەی شێوەتم
ئەو بەرگە رەشە دابماڵە
خشڵەکانت بدەرەوە
لەخۆت بەبێ خەم
من بیری بزەی لێوی ئاڵ و
بیری قاقای پێکەنینی
شەوانت ئەکەم
تۆ نامەیەکی مژدەبەری
تاکە هیوای، ڕەوێنەری
تاریکی و تەمی
ئەو دەست و پەنجە بلوورینە
لادە لەژێر چەنەی خەفەت
کەی تۆ هی خەمی!؟

سلێمانی: 1989

# باوەڕ و بەرگە

ئەو بەئازار و بەبرینەوە
ئەم بەڕووی گەش و پێکەنینەوە
ئەو لەشەوێکی تاریکا وەستا
ئەم چرای گەشی باوەڕی پێدا
ئەو بەماندوێتی ئارەزووی وچان
ئەم گوڕ و تین و شالاوو تەکان
ئەو وای دانابوو ئەستێرەی کشاو
ئەم مانگی تازەی ئەخستە بەرچاو
ئەو ئەیوت تازە کێ دووی ئەکەوێ
ئەم ئەیوت هاتوون ئێمەیان ئەوێ
ئەم مشت و مڕی خەیاڵ و بیرە
زۆرانی سۆز و ئامێری ژیرە
ژیرێتی ئەڵێ: بەئەشکەنجەدان
هەندێ تێڕامان، هەندێکیش خزان
هەندێکیش وەکوو ئەزمڕی ڕووسوور
نەڕووخان، وتیان ئەڕوانینە دوور

سلێمانی: 1987
لەپاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق ژ 75 بلاوکرایەوە



# هەندێك راستی

گوڵ لەدوورەوە ئەوینی ئەبێت
بەجوانیی شێوەی، رەنگی سەرپۆشی
لەنزیکەوە ئەوین ئەگۆڕێ
بەتامی شیلەی، بەبۆنی خۆشی
شەرابی خەستی گەڕاوەی دێرین
بەهای زیاترە گەر لەکووپەوە
بکرێتە پیاڵە، ئنجا بەدەستی
پڕ لەخرۆشی یارێ بینۆشی.
خۆشەویستەکەت چەنێ شیرینبێ
لێت ئەبێ بەژار، بەخەم و ئازار
بەبێ ئەنجامی بەیەکگەیشتن
یا بەبێ جوشی باوەش و کۆشی
بەرهەمی رەنجت: دراوی لێشاو
بەدەمتا نەچێ، نەشیدەیتە کەس
لەبەرچی ئاوا تا دوا هەناسە
بۆی تێئەکۆشی، بۆی بەپەرۆشی؟
لەڕێ و بوارا کە جارێك و دوو
دەستت کەوتەڕوو، بەجەزبەی درۆ
بەئاوی پەتی کێ بڕوا ئەکا
کۆنە دەروێشی، یا تۆ سەرخۆشی؟

بڕوانامەکەت هەرچەنێ باڵا
ڕێژەی زانیاریت ڕادە بەدەربێ
ئەگەر نەنووسیت بۆ هاوزمانت
ترسنۆك تۆشی، یاخود نەخۆشی
دیوی ناوەوەت بەبێ ناوەرۆك
چەنێ فشوو فۆڵ، ئاڵوواڵا بی
یا لاریت هەبێ لەڕۆژانێکی
بێوەژن کۆشی، دەهۆڵی بۆشی
فەیلەسووفێ بی یا پاڵەوانی
یەکەمی جیهان، کە بۆخۆت نەبی
بۆ کەسی تربی، لای من و ئەویش
تۆ خۆفرۆشی، بێ هەست و هۆشی
ئەشێ نەزانی بۆچی لەپێشا
نەڕە شێرێ بووی ئێستاکە ڕێوی؟
ئەوسا تۆ بۆخۆت، ئێستا بۆماڵی
خەڵکی ئەکوشی، داماوو دۆشی

باوەڕ و ویژدان، خاکی نیشتمان
نەتەوایەتی، مرۆڤایەتی
کاتێ لێت ڕازین، جێگەی شانازین
کەبیان پۆشی، نەیانفرۆشی

سلێمانی: 1988



# شانۆی ژیان

ئەم ژیانە لەسەر پەنجەی کۆمەڵێ دەستی پەنهانی
وەکوو بووکی دەسی منداڵ ئەبزوێنرێ بەئاسانی
سەما و یاریی بێ پێوانە و بەسەرهاتی بێ سەروپێ
سەر گروشتەی دوێنێیەتی، داستانی کۆن، چیرۆکی نوێ
کاری گێڕو نالەباری، نەرێتی چەوت و دیاریەتی
دەمێ شادی دەمێ پەستی هاوسەر و دۆست و یاریەتی
ئێمەی مرۆڤ هەموو چوونیەك پێکهێنراوین لە خۆشی وژان
هەموو ئەکتەر بەبێ ئاگا لەسەر شانۆی پانی ژیان
ڕەش و سپی، کورت و درێژ، پیرو منداڵ، دەبەنگ و ژیر
گاڵتەجاڕی پەنهانێکین جێی پلار و توانج و تیر
کە دەروازەی باوو برەو ئەکرێتەوە بۆ لەگامێك
خوشی نازانێ لەبەرچیی پێی ئەڵێن خاوەن پەیامێك
کە هاتی بوو، جنێو فرۆش ناوی ئەبرێ بە قسەخۆش
واتەکانی وتاری بۆش فەرمایشتی زانای بەهۆش
لەهەر ژیرێك، هەر توانایەك ئەو دەرگایە کلیل بدرێ

ئەشكێتەوە، تێی ناهێنێ ئەگەرچی شێر بەگوێ بگرێ
بەڵای زۆر و گرێی کوێر و کۆستی گران روویتێئەکەن
لێی ئەگۆڕێ ڕۆژی بەشەو، فریشتەکەی بەئەهریمەن
مرۆڤە چاوچنۆکەکان بەچاوی تیل و ئاوەژوو
سەیری ئەکەن، ئامادەن بۆ هەزار بەڵگەی درۆو دوو ڕوو
تەنیا رێگە و تروسکەیەك کە بەرهەڵستی پێبکرێ
ورەی بەرزو کۆڵنەدانە ئەشێ کەڵکێ، سوودێ بگرێ
من ئێستاکە لەو کەسانەم پەیژەی بەختم وەرچەرخاوە
بۆ پێشەوە هەنگاو ئەنێم، هەنگاو هەنگاو دێمە دواوە
دەستی کورتم هیچ ناگرێ، دۆستەکانم بوونە دوژمن
روخسارێ نابینم بزەی ئاراستەکا بەرامبەر من
پاچی دەستی نائومێدی کۆشکی شادیم ئەڕووخێنێ
چیای بەرزی هیواکانم لەخۆیەوە هەرەس دێنێ
پشتەکانم پشتی گاڵتە و پشتی تۆرانم تێئەکەن
بۆ بیانووی ئەم هەڵوێستەیان ئەچن کای کۆن بەبا ئەدەن
منیش وەك بووم ئەگەر پشتم بشکێ و پشتم دوولەت ببێ
سەری بەرزم نەوی ناکەم، پشتی کۆمم با هەر نەبێ

سلێمانی: 1988



# بێبازاڕی

لەجیهانا
جیهانی باوی زانست و
سەردەمی جەنگی ئەستێرە
لەژیانا
ژیانی ئەم ڕۆژە تووشەی
ماف و ڕەوا تیا لەژێرە
گەلێ شت هەن
بەفیزەوە سەرئەکەون
وەکو هاڵاو، وەکو دووکەڵ
هەیشە بەدەم رەشەباوە
روو لەژوورە
وەکو تەنی سووك و پووچەڵ
هەندێ شتی بێبایەخیش
لەبەرەوەن
وەکو خار و، وەکو پووش و،
وەکو دەوەن
شتیش هەیە
خێراتر لە گوللەی تفەنگ
سەرئەکەوێ
وەکو نرخی بازاڕی جەنگ
کەچی ئەوەی

ئەبێ روو لەژوور و روو لە
سەرکەوتن بێ هەموو کاتێ
چاوی شەرم و
دەسی گەرم و دڵی نەرم و
دەروونی پاکی بگاتێ
نەهەر تەنیا ڕاوەستاوە
یا بێ نازە
روو لەنشێو، پشتی باوی
لەهەورازە!
وەك نەمامی
بیابانی بێئاوی سیس
هەتا ئەبێ

ئەداتە باریك و بنیس
بەڕسوایی
دائەبەزێ، ئەبێ بەپەنگ
بێ بەرگری
بێ داکۆکی، بێ باس و دەنگ
ئەویش نرخی من و تۆیە
نرخی مرۆڤی ئەمڕۆیە!!

سلێمانی: 1989



# لەبیرەوەرییەکانی ساڵانی دێرین

جاران سوێندی ناچاریمان بەڕیشی مەردانەی جووبوو
سوێندخۆری ئەو ناچارییەش دەروونی نیوە مردوو بوو
لەلای پیاوێکی پیاوانە
نەبیانووبوو نەبەهانە
بۆ پێخزان
لەڕێگەوبان
بۆچوونە پاڵ
رەگەزی تاڵ
★★★
لەبیرم دێ بۆ ئیمزایەك بۆ پاکانە[11] گەڵێ گەڵێ سزا درام
لەوەڵاما نەکو سزا، یاخو بەندی خنکاندنیش چاتربوو لام
تێکۆشەرێك  نینۆکی ریشە کێشکرا
پشکۆی ئاگر بەهەردوو دەستیدا نرا

نەوتی ئاخ، نەڕاچەنی نەدانەوی، نەناوی وت
نەجێگەیدا بەدەستەوە
لەئاستی ئەو بەرگەیەدا دیلەوانان ئەلەرزین و
پەنجەی خۆیان ئەگەستەوە
★★★
بارەگای دژ
بەهەڕەشە، بەترساندن بەسامان و پایە و پیلان

[11] پاکانە: مەبەست لە (براءة)ی کاتی پاشایەتیی لەناوچووە.

**تەقەلایدا**

**کاربکاتە هەستی پاکی هەژارێکی بێ دەرەتان**

**هەر بۆ ئەوەی جاربەجارێ**

**بەنهێنی لەکەنارێ**

**هەواڵێکی ئەو مەردمە بەسەر پێوە بەرێ بۆیان**

**ئەو هەژارە جەوامێرە تفی کردە پایە و سامان**

**وتی مردن بەخاوێنی بۆنەتەوە لەبرسانا**

**نەکو ژیان بەناپاکی بۆ سامان یا لەترسانا**

★★★

**گرانی بوو دەوڵەمەندێکی ئەم شارە هەرچی هەبوو کردی بەنان**

**نانی بەخشی بەهەژار و بەلانەواز هەتا توانی خەڵکی ژیان**

★★★

**کاتێ ئاگر ئەبارێنرا بەسەر هێرشبەری هۆزا**

**کەسێ ورەی بەر نەئەدا لەبەرامبەر مەترەلۆزا**

**بەبەرد و دار، یا بەخەنجەر تاوانکاری ئاگرتەقێن**

**هەر لەوێدا ئەگلێنرا ئەیانکردە خەڵتانی خوێن**[12]

★★★

**بەدوازدە سوار لەمەریوان**

**لەشکرێکی زلیان شکان**

★★★

**لەنەغەدە کچۆڵەیەك هەردووچاوی بەخشی بەکورد**

**لەئاستی داگیرکەرانا سەری بەرزی نەوی نەکرد**

[12] هێمایە بۆ شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی لەساڵی 1930دا.



**وێنە زۆرە، وێنە دیارە**

**مشتێ نموونەی خەروارە**

★★★

**ئێستاکە.. ئێی!!**

**ئێستاکە.. هێی!!**

**کەر لەکوێیە و کونە لەکوێ**

**لای کەسانی ئەڵقە لەگوێ**

**لەلای ئەوەی یا لەترسا**

**یابێ شەرم لەپێناوی پایە و سامانی ناپاکی**

**ئەکەوێتە پێشی دوژمن**

**بۆ تێکدانی لانەی خۆی و باپیران و لانەی کاکی**

**ئەشێ کەسی وا نەزانێ ئەم ژیانە هەر چۆنێ بێ ئەبڕێتەوە**

**لەئەنجاما ئەم خەڵکە بۆ ژێری گڵ و گۆڕیچەیەك ئەبڕێتەوە**

**پلەو پایە و زێڕ و ماڵ و باییبوون و چاوچنۆکی ناگرێتە خۆی ئەی تاوانکار**

**گۆڕە و شاری ویژدانی گەل ئەی گەیێنێ کە دۆڕاو تۆی**

**ئێستە ئەگەر تۆ ناتوانی ببیتە گوڵ لەباخی شار**

**خۆ ئەتوانی خۆت نەکەیتە چاڵی ڕێگە و گیاکەڵە و خار**

**تۆ ئەزانی؟ باپیرانی جەوامێر و قارەمانت**

**لەمەیدانی نەتەوەدا چ مەردێ بوون**

**تۆ ئەزانی دراوی ئەم سەرزەمینە پلە و پایە**

**نابن بەپارسەنگێ تۆزێ لەئابڕووچوون!؟**

**سلێمانی: 1989**

**لەگۆڤاری بەیان ژ 152 بڵاوکرایەوە**

# خەمی ئەویندار

ئەویندارێ خەو ئەبینێ بەو ڕۆژەوە نازدارەکەی بێتە ماڵی
بەهێمنی لەئامێزا بیلاوێنێ
من نامەوێ بێتە ماڵم نەبا ئەشکی تاڵ و سوێری بەزەیی و سۆز
بەبارمدا، کوڵمەکانی بسووتێنێ
من نامەوێ بێتە ماڵم
نەوەك چاڵ و بەردی ژێری سیپاڵەکەم
شان و مل و پشتی نەرمی بڕووشێنێ
من نامەوێ بێتە ماڵم
نەبا پەنجەی بلوورینی، سەرما و سوڵەی
ئەم دەشتە دوور لەژیانە، بیتەزێنێ
من نامەوێ بێتە ماڵم
نەبا جۆگەی شەستە باران سەربکات و
بێتە ژێری کراسەکەی، بیڕزێنێ
من نامەوێ بێتە ماڵم
نەبا ڕستەی دانەکانی بەلەرزەوە

لەسەرمانا چۆقەی بێت و زەرەربێنێ
من نامەوێ بێتە ماڵم
نەوەك تیغی سەمموونی رەق، یا قەراغی
کولێرە کۆن، گەرووی سافی بئێشێنێ
من نامەوێ بێتە ماڵم
نەك بۆ ژەمێ چڵ و چێوی نیوەکوڵی
بێ تام و بۆ، چاوەڕوان و دابمێنێ



من نامەوێ بێتە ماڵم
نەك دووکەڵی پووش و پەلاش بۆ پیاڵەیەك
ئاوی کولاو، چاوەکانی بشێوێنێ
من نامەوێ بێتە ماڵم
نەك زریکەی ئەو دایکانەی کۆرپەکانیان
لەبرسانا تەواو ئەبن، بیگرێنێ
من نامەوێ بێتە ماڵم
نەکو مۆڕەی شوانی ڕانی ئەم مرۆڤە ئاژەڵانە
لێی بدات و بیترسێنێ
من نامەوێ بێتە ماڵم
نەبا زریان، ئەو پارچە نایلۆنە کۆنەی

کە کردوومە بەساباتم، بیفڕێنێ
چنگی مەرگی رەق بوونەوە
نیوە شەوێ، سەرباری ئەم ژینە تاڵەم
ئەو گوڵاڵە نازدارەشم لێبسێنێ

سلێمانی: 1988

# رەنج و ئەنجام

خۆشەویستەکەم رووی گەشت لادە لەرووی ئەو بایە کە هەموو جارێ
ئەیەوێ بتبا، رەگت هەڵکەنێ، بەرەچەڵەکتا بچێتە خوارێ
خۆشەویستەکەم گڕەی بای نامۆ بەرهەمی باخی رەنجی بێوەریت
ئەبزرکێنێ
بیروڕێنمای ژیان و کارت خۆماڵی ئەبێ، چەن رازاوە بێ
ئەتخەڵەتێنێ.
خۆشەویستەکەم رەنجت بێوەرە، گەنجت بەبابە
ئەم رەشەبایە گەڵا رێزانی ئێمەی لەدوایە
خۆشەویستەکەم لەیادت نەچێ ڕۆژانی دێرین
رابوردووی نزیك، بەسەرهاتی دوور.
دوای گەڵاڕێزان ریشەی تاساوت رووی ئەکردەوە
خۆراکی خاکی پیرۆزی رووسوور.
خۆشەویستەکەم وەرە لام ساتێ وەکو ئاواتێ
باوەڕم وایە بەری ئەم بایە ئەگیرێ کاتێ

بەباوەڕەوە نیگای گەشبینت
تێکەڵاو بزەی جوان و شیرینت
ئاوێتەی بیری پاکژی من بێت
رەشبینی تیایا تواوە و ون بێت
خۆشەویستەکەم وەرە لام گیانە با لەمە زیاتر
نەسووڕێیتەوە لەخولگەی بۆشا
تۆش مرۆڤێکی ناز و باوەش و هێمنیت ئەوێ
بەئارامەوە لەلانە و کۆشا



خۆشەویستەکەم من پشت و پەناو باوەشی گەرم و نەرمی جەستەتم
خۆشەویستەکەم من نەواو ساز و ئاوازی خۆشی هەواو بەستەتم
وەرە لام ساتێ
وەکوو ئاواتێ
رەشەبا ئیتر با تازە خونچەی خۆزگە و ئاواتت هەڵنەوەرێنێ
ئەم بایە چیتر رەنگ و بۆی گەشی گەڵای سەوزبووت نەبزرکێنێ
من تۆم خۆشئەوێ ئەم رەشەبایە
لێمان ناگەڕێ چی لەدڵمایە
بەبێ ترسی داو
لەبەر خۆرەتاو
بیکەمە سێوی سووری جگەری و زێڕین و سپی و سەوز بنوێنێ★
مژدەی دوودڵی دوو خۆشەویستی ئاواتەخوازی یەکتری بێنێ
دیاریی من دیاریی باخەوانێکە بۆ پەریزادێ
شەکرە سێوێکە نموونەی بەرزی ئاوات و یادێ
خۆشەویستەکەم وەرە لام ساتێ، من بیری تازەی
بۆ تۆ گونجاوی بەرز و رەسەنم، من رێنمای تۆم
خۆشەویستەکەم وەرە لام کاتێ، من کانیاو و
من چاوی ئاوی روون و دەگمەنم، بۆ رزگاریت هۆم

سلێمانی: 1988
لەڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە (1989) بلاوکرایەوە

• ئاماژەیە بۆ ئاڵای کوردستان

# ئۆڵۆمپیاتی خۆمان!

ئۆڵۆمپیە
مەڵێن جا ئۆڵۆمپی چیە!
ئا ئەوەتا
لەئەتڵەنتا
پێش بڕکێیە
هەرتیپێک و
ئاڵای نەتەوەی خۆی پێیە
هاوارەو هاندان و برەو
بۆ مەدالیا و جامی گرەو
ڕەش وسپی  و کچ و کوڕە
تۆپ و یاری و شاربەگڕە
ئەوانە ئەگەرچی وازین
بۆ وڵاتیان جێی شانازین
***
پرسیارم کرد
ئەی کوا تیپ و کوا ئاڵای کورد
بۆچی ئێمەش
نەبین بەبەش
لەئۆڵۆمپیای ئاوەهادا
لەژێر سێبەری ئاڵادا؟
سەرانی کورد
بۆ کارێکی وایان نەکرد
کە (ماوە) پێ



ئاڵای ئێمەش شەکاوەبێ؟
***
هەژارێکی بێ دەرەتان
کەئەیناڵان
وتی جا ئۆڵۆمپی چیە!
ئەوە نیە لەکوردستان
هەزاران تیپ لەمەیدانی پێشکەوتنان!؟
گرەو گرەو
پێش بڕکێ و هاندانە و برەو
گرەو لەسەر
هەڵئاوسانی ورگ و تەنگە
گەرچی نەنگە
بەڵام ئاڵا.. بەڵکو پەردە
سوورو سپی و سەوزو زەردە
بەزمانی کوردیی پەتی
ناوی ئەنێن
ئۆڵۆمپیای پارتایەتی
وازی و تۆپێنی گومرگە
ئۆڵۆمپی بۆ تیکەی ورگە
هاوار هاوار
بەربوونەتە
کوردستان و گیانی هەژار
بۆ ئەو مەبەست و پێناوە
کەم جێ ماوە
ئۆڵۆمپی بەبێ هەرابێ

خوێنی تێدا نەڕژابێ
باج و ماج و گومرگی زۆر
بەگەلێ جۆر:-
لەسەر خۆراك
لەسەر پۆشاك
لەسەر نەوت و لەسەر بەنزین
هەموو شتێ
تا ئەگاتە کۆکەو پژمین
بۆ هەمان کار
جارو دووجار!
دوا ئەنجامیش ئەم گومرگە وەکو ڕەشمار
ئەئاڵێتە
تەنیا ملی بابای هەژار!
چیمان هەبوو
بەتالآنی لەدەسمان چوو
ئاخر ئیتر
لەمەپتر
چیتر بکەین
ئەم گومرگە بۆچی بدەین!؟
خۆ کوێرو کەڕیش ئەزانێ
ناکەوێتە بریی نانێ
تەنیا جارێ
بۆ بێکارێ، یانەدارێ
کێ بێ ئەمڕۆ لەکوردستان
نەزانێ باجی بێ ویژدان



بۆ پیلان و فێڵ و گەڕە
یا بۆ شەڕە
یا بۆ سەرخوانی شەوانە
یا بۆ بانکی هەندەرانە
***
ئولۆمپیایە
گەمەی ڕم و شۆخی گایە
لاوی گەرمیان
لاوی کوێستان
ئەکرێنە گای شەڕی ناوخۆ
مەپرسە بۆ!
پرسیارێکی وا نابەجێ
ئەشێ سەری تێدا بچێ
ئەبێ هەمیشە بترسیت
ناگونجێت جارێ بپرسیت:
ئەو چیرۆك و سیناریۆیەی
کەناوی مافی مرۆڤە
لەکام شانۆی گاڵتەجاڕی
ئەگاتە دەوری پرۆڤە!؟
پرسیاری وا نابەجێ یە
پێش برکێ یە
کێ رمیدا لەگازی پشت
کێ زیاترینی دابەکوشت
پاڵەوانە
خاوەن شکۆی شەهیدانە!

★★★

ئۆڵۆمپیایە
ئازادیی بەبێ یاسایە
دەنگی دەهۆڵی لەدوورە
وڵاتی بەبێ دەستوورە
دیمکواسی بەرەڵایە
دەوڵەتێکی بێ ئاڵایە
وەزارەتی دوو دیوانە
دەزگایەکی بەبێگیانە
ئەندامەکانی ئەنجومەن
داشی دامەن
پلەو پایە بۆ نادانە
ئاودیو کردن و پیادانە
شارێن و گوندو ناوچەیە
هەرێمێکی دوو پارچەیە
ڕاگوێزانە ڕاگوێزانە
ئەنفالی ماڵی و خێزانە
مەیدانێکە کێ بەکێیە!
جێگە ڕاوی دراوسێیە
دراوسێی دژ
بگرو بکوژ
دەسیان ئەگاتە هەرشارێ
بەبێ ترس و بەرەنگارێ

★★★

ئۆڵۆمپیایە



سەیر لەلای دادگایە
تاوان بەپێی باڵاو دەستە
ئەوەی لەپێشەو مەبەستە
نەکو سزا، بەڵکو تاوان
ئەیکاتە (خان)
نیوە باڵا سزای سووکە
گورزی گران
تەنیا بۆ سەری بچووکە
پۆلیسخانە
خۆی لەجیاتی دادوەریش و داواکار و دیدەوانە
لەئاسایش هەرمەپرسە
چەن بەترسە
بۆ ئەشکەنجە
چۆن ئامادەو چەنێ کۆیە
چۆن هەربۆ خۆی
دەوڵەتێکی سەربەخۆیە
فەرمانگەکان
سەردەستەیان شارەوانی
تانەیانبینی نازانی
تەنیا کاریان بێ کارییە
یایارییە
بەچارەنووسی ئەوخەڵکە
هەموو کۆششێ بێکەڵکە

★★★

ئولۆمپیایە

ماراسۆنی بێ هەرایە
کۆچی لاوە
کۆچی ژنە، کۆچی پیاوە
کۆچی زانست و هونەرە
ڕوو لەدەرە
ئەوەی هێزێکی تیاماوە
ئەوەی پوولێکی پێ ماوە
ئەیکاتە تێشووی ڕێگەوبان
مەترسی  بەڵای ناگەهان
بەجێ دێڵێ بۆ کەس و کار
چش لەخاك و گەلی بیمار
ئەی بۆچی نا!
ئەویش وەکو پێشەوا یان
بۆچی نەبێتە خاوەنی
دوو نیشتمان!؟
ڕوون و دیارە
بێ پەسا پۆرتی ئەو خوارە
لەم دەڤەرە
کەس نابێتە سەری گەورە!
★★★
ئۆڵۆمپیایە
کێشەی گەورە لەوەدایە
برادەران ژەمەن بوردەن
کڕنابنەوە
دەریایەکی بێ ئەندازەن



پڕنابنەوە
★★★
ئۆڵۆمپیە
مەڵێن جا ئۆڵۆمپی چیە
ڕۆژی ڕەشە
مرۆڤی بێ چارەو بەشە
کوڕو کاڵی ڕاونراوە
کوشت وبڕی نابەکاوە
ڕێز بۆ کەسی دڕو هارە
سەروەری بۆ لیس و دارە
ئەی پێنووسە سەرشێتەکە
ملت ئەوەندەی پەتێکە
لەمەندە زیاتر مەکێڵە
ئاو لەسەرچاوەوە لێڵە

سلێمانی: 1996/7/19

## پێنووس و ویژدان

پوورە هەنگێکی ناو دارستانێ
بەباڵ ئەفڕین
بۆ مژینی گوڵ، بۆ تامی خۆشی
خۆراکی شیرین.
تیایانا هەبوو بزر ئەبوون و
سەریان دائەنا لەو پێناوەدا
بۆ پاراستنی شانە و لانەیان
بەدژیانەوە شێرانە ئەدا
نموونەی بەرزی کارامەیەتی و
یاسا و رژێم و لەخۆ بوردن بوون
بۆ هەرچی تامی شیرینی هەیە
بەخەندە و بزەی لێوەوە ئەچون
کەچی مرۆڤێ کۆڵێ شیرینیی
لەسەر کاغەزێ بڵاوکردەوە
پوورە هەنگەکە نەچوون بەلایا
بەکۆمەڵ خۆیان لێئەشاردەوە
ئەیانوت نەبا جێگەپێ و دەسمان
لەهات و چۆدا بەسەر کاغەزا
بەپێچەوانە رەنگ بداتەوە
وەکو پێنووسی هەندێ مرۆڤی
ئەودیوی ویژدان، لەسەنگ و نرخی
پوورە هەنگیمان کەمبکاتەوە!!

سلێمانی: 1988



## درووd لەگورگ

گورگێ مەڕێکی پارە پارە کرد!
وتیان ڕەوشتی دڕندە وایە..
ماسی ماسیی ورد بەکۆمەڵ ئەخوا!
ئەمە ڕژێمی ئاوو دەریایە..
کەبوومە لەرزە شارێ کاولکا
ئەڵێن کارەسات رادە بەدەرە!
سێو چوار مناڵی وەکو گوڵاڵە
بەرجادە کەون، قەزاو قەدەرە!
کوێرەخەتێ گەر پلەی دەسکەوێ
خوم ئەشێوێنێ، تینووی کورسییە!
لەکاتی جەنگا گرانی دادێ
بازرگانی جەنگ چاوی برسییە!
سەگێ بەبێ هۆ پەلامار بدا

خەڵکی بگەزێ، سەگێکی هارە!

نەزانێ ئەشێ لەسەر دوو وشە
کەسێ بکوژێ، نەخوێندەوارە!
ئەی ڕۆشنبیرێ، ژیرێ، زانایەك
پایە بڵندێ، پرۆفیسۆرێ
ویژدانی لەخۆی، لەنەتەوەکەی
لەچاوی گەشی ڕاستی بتۆرێ
نوکی پێنووسی بکاتە دەمی
پاچی گۆڕ هەڵکەن بۆ بەرامبەری
چاوەڕوانیش بێ بڵێن مامۆستای
چەرخی ئاوەژوو، تۆ تێکۆشەری!!
ئەبێ بۆ ئەمە بیانوومان چی بێ؟
چەنی بەچەنە ڕەفتاری وەها!؟
کفن دز وەرە دەسم دامێنت
دروود لەگورگی دڕندەی ڕەها!!

سلێمانی: 1988



# شایی تەڕەماش

لەزەماوەندا دەنگی دەهۆڵ و ئامێری زوڕنا، شایی جۆش ئەدەن
ئەتوانم بڵێم دارو دیواریش دێنە هەڵپەڕکێ، مەگەر بەدەگمەن
ئای بۆ ڕۆژانی هەرزەکاریمان!
بۆ ساکارێتی شەڕ و یاریمان!
ئای بۆ ڕەشبەڵەك لەگەڵ کچی جوان!
کاتی تێڕامان لەنێوانی دوان!
ئای بۆ گەڕ گەڕ و بۆ حسە شایەر[13] بۆ چوارشەممانی بەر مامە یارە[14]
ئای لە تیپەکەی عەبەی سەیزادە[15] وای لەخرۆشی پوست و ئیدارە!
ئای بۆ کوڕێنی سەر گوێسەبانە!
رانکوچۆغەی شاڵ، پێچی جامانە!
***
ئێستاکەش بیرم لای ڕمبازێنی ڕۆژی جەژنانی هۆمەرمەندانە[16]
تۆماری یادم پڕ لەدیمەنی جۆش و هەڵچوونی کوڕو کاڵانە!
ئەوەی لەگوێما ئەمێنێ و ماوە

---

[13] گەڕ گەڕ و حسە شایەر: دوو شایەر بوون لە سلێمانی
[14] مامە یارە: گردی مامەیارە، ئەکەوێتە سەرووی ڕۆژهەڵاتی سلێمانیەوە، سەیرانگایەکی قەراغ شار بوو، بەتایبەتی ڕۆژی چوار شەممان.
[15] عەبەی سەیزادە: گۆرانیبێژێکی تایبەتی بوو بۆ ئاهەنگ و زەماوەند و سەیران لەگەڵ تیپێکی پۆست و ئیدارەدا.
[16] هۆمەرمەندان: گەڕەگێکە لەخواروی سلێمانیدا، بەجەژنان ڕمبازێن و هەڵپەرکێ و یاریی تیا ئەکرا.

بەستە و ئاوازی مناڵ و لاوە:

(لیمۆ هەی لیمۆ، لیمۆ داخمکە

خۆت کلیل بەدەس شەو لەباخمکە

بەلار هەی بەلار، هەی بەلارەوە

توسەری باوکت، وەرە ماڵەوە

ئامان لەرزانە، ئامان لەرزانە

خوایە ئاوابێ ئەم کوردستان)[17]

لەکورسی کورسی و چەرخ و فەلەکا لەتریشقەدا، بەسەر کەژاوەی عەرەبانەوە.

جگەر گۆشەکان لەبەرگی جەژنا بۆ سروشتی جوان پێئەکەنین و ئەشنانەوە!

ساقی دەروێشان، بەستەی هەوری لار

ئاوازی باوی دڵدارانی شار!

ئیتر بەو جۆرە، ئەو دەشت و دەری هۆمەرمەندانە

لەڕۆژی جەژنا ئەتوت بەهەشتی خۆشی ژیانە

جەژنە پیرۆزە، گەردن ئازادی یاری و هەڵپەرکێ

سەرەتای ئەوین، ئاڵوگۆڕی دڵ نیگا و چاو برکێ!

ئای لەدیمەنی کەوای گوورووی لەسوخمەی سورمە، کراسی خامەك لەپێی خەناوی پڕی پانیبەرز!

بۆنی مێخەکبەن، هاڕەی هەیاسە. ورشەی لاگیرە، لەلار و لەنجەو

[17] فۆلکولوری کوردییە.



لەهەڵپەڕینی شۆخی باڵا بەرز!

خۆزگە بەو ڕۆژەی دایکی کاکەسوور[18] بەکەوگیرەوە سەرچۆپیی کێشا

خەتەنە سووران ئەبێ وەها بێ

خوانی شارێکی ڕاخست لەپێشا!

کەی شایی ئێستا وەکوو جارانە؟

شایی ئەمڕۆ بۆ ڕاوی ویژدانە!

نووسەرێ ئەچێ پێنووسی دەستی ئەکا بەزوڕنا، بەداری دەهۆڵ

زوڕنا جووکە جووك، دەهۆڵ تەپەی دێ

کەس هەڵناپەڕێ، شایی چۆڵ و هۆڵ!

ئەو هەر لێئەدا تەنیا بۆ شاباش

شایی بەئەو چی! شایی تەڕەماش!!

سلێمانی: 1988

[18] لەئافرەتە بەناوبانگەکانی سلێمانی بوو. بۆ خەتەنە سوورانی کوڕە تاقانەکەی، ئاهەنگ و شاییەکی زۆر گەورەی گێڕا، بەدەم چێشتتێکردنەوە، جارجار ئەهات بەخۆی و کەوگیرەکەیەوە، سەرچۆپییەکەی وەرئەگرت و ئەبوو بەهەرا!

# ئەی پێنووسەکان

ئەی پێنووسەکان: ئێوە زوربەتان
ساڵەهای ساڵە لەدەرگای ماڵی ئەم و ئەو ئەدەن!
نەخێرەومەنێ دەرگای واڵاکرد
نەکەسێ پرسی: لەسەر گۆی زەوی ئایا ئێوە هەن!؟
هەر لەبەر بوورە بیرێکی کۆنی بەچاوو ڕاوو بەزەبری ئاگر
سەپێندراوی ناو چوار دیواری هەندەرانی دوور
لەئێمەتان کرد بەڕۆژی تازەی پاڵە و سەپان و لانەوازان و
بەچارەنووسی ئەنجامی مێژووی مرۆڤی ڕوو سوور!
لەهەردوو وەردی بەبێ ژێرخان و بەبێ سەرخانی زەویی
ئێمەدا
لەبتی نەبوو، بەڕیزە بتی
درۆتان چەقان!
بەخەیاڵ پلاو، بۆ ڕووخاندنی
ئەو بتخانەیە، لەتەم و مژ و
لەتاریکیدا، هەزاران تۆپی
وشەتان تەقان!
لەبازاڕێکی بەبێ موغازە و
بەبێ ئامێری بەرهەمی زۆر و
بێ بانکی پارە و بێ سکە و زێڕ و



بێ سەرمایەدار، شەڕی دووچینی
نەبووتان گڕدا!
لەو پێناوەدا، بێ پرسینەوە
بەشێکی زۆری هێز و وزەتان
لەکێشە گەورەی نابووت و دارا،
لەبیرو لەش و بازووی نەتەوە
داتاشی و بڕدا!
لەگڵی دوورا چارەتان ئەدی!
بەبێ بایەخی لەخاکی خۆتان
ورد ئەبوونەوە!
جگەرگۆشەتان ئەکرد بە قوربان
ئافەرینێکی گاڵتـە جاڕانە
بێ پیاچوونەوە!
ئەی پێنووسەکان: ئێوە ئەوانەی
بوونە کۆسپی ڕێ، هەلتان لەکیسی
خاوەن کێشەدا
بەدووی کلاوی بابردووتانا
وێڵ و بزر بوون، سەردەمێ ژیان
لەئەندێشەدا!
ئێوە ئەوانەی لەچاڵی بیری
تەنگەبەرتانا، ئێستاکە تاسی

**رەنجی بێوەری و نابەکامێتی**
**ئەتانباتەوە..**
**دوای ڕەوینەوەی تەمومژ لەسەر کانی و سەرچاوەی ئەو**
**ئاوە لێڵە**
**ئیتر با ویژدان، ئیتر با ڕووداو**
**کۆتانکاتەوە.**
**ئەی پێنووسەکان: لێتان نەبێتە**
**کوردە نامووسی، وەرن پێکەوە**
**لەگەڵ ئێمەدا، ئەو تۆزە ڕەنگەی**
**تیاتانا ماوە.**
**بیکەن بە نەخشەی کێشەی سەرەکیی**
**ئەو خاك و خۆڵ و ئاوو هەوایەی**
**بووە و نەبوویان، لەپێشبڕکێدا**
**کەوتوونەدواوە!**

**سلێمانی:** 1988



# گورگانە شەوێ

**گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ**
**گورگە بۆرەکە لەتۆ دورکەوێ**
**بەئارامەوە خەوتلێکەوێ**
**تۆ وریا و ژیری**
**تۆ بڕوا و بیری**
**گورگە بۆرەکە**
**بچێتە ماڵی کەری گوێدرێژ**
**دێزی گێژ و وێژ**
**بڵێ لەپایچی تۆ وا ئەزەڕی؟**
**خۆ نەبووی بەسەگ بەمانگ بوەڕی!**
**تۆ دیارە شینی مەرگی خۆت ئەکەی**
**بۆ ئەوەی زیان لەخێوت بدەی!**
**کەری کەللە بۆش**
**گەلۆری بێ هۆش**
**ئێستا بۆ پەندی ڕۆژ و زەمانە**
**ئەتکەمە شێوی شەوی گورگانە!**
★★★
**گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ**
**گورگە بۆرەکە لەتۆ دوورکەوێ**
**شەوگار درەنگە، ساتێ بسرەوێ**

تۆ بەخەبەری، تۆ شەو بێداری
تۆ تانەی دژی، ئاواتی یاری
گورگە بۆرەکە
بچێتە ماڵی کەروێشکی نوستوو
بڵێ بۆوا زوو
خەو چۆتە چاوت
ناترسی لەوەی هاتۆتە ڕاوت!؟
کەروێشك لەخەوی نەگبەتی هەستێ
مەترسی هەبێ بێخەم نەوەستێ
گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ
گورگە بۆرەکە لەتۆ دوورکەوێ
تێیبزێ چاوی کراوەت خەوێ
تۆ نیازی چاکیت
فریشتەی پاکیت
گورگە بۆرەکە
بچێتە ماڵی ڕێویی فێڵاوی
پێی بڵێ ڕێوی تۆ ناتەواوی
لەپرسەی مەڕا فرمێسك ئەڕێژی
لەشایی شێرا سەرچۆپیکێشی
تێیسرەوێنی بەلەپی دەستی
سنووری دانێ بۆ هەڵپەرستی!
گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ



گورگە بۆرەکە لەتۆ دوورکەوێ
تۆ پاك و جوانی کێ بێ تۆی نەوێ
تۆ وەفاداری
تۆ پارێزگاری
گورگە بۆرەکە
بچێتە ماڵی سەگی پێ سووتاو
پێیبڵێ سەگی خوم لەلا شێواوە
تۆ بەڕۆژ ئەخۆی لە (کونە ماسی)
شەو لە (جرتاوا) شپرزەی پاسی!
سەگ بەوەفاوە ناوی دەرچووە
تۆ بۆ نەریتی خۆت ونکردووە؟
بگرە شەپازلەی ئامۆژگاریی من
ئیتر وازبێنە لەپاسی دوژمن
★★★
گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ
گورگە بۆرەکە لەتۆ دوورکەوێ
خەوی خێرتبێ تێر بنووی شەوێ
تۆ پشت و پەنای
ڕێنمای ڕێگای
گورگە بۆرەکە
بچێت هێلانەی کەو بشێوێنێ
کەو بۆ قەڵاچۆی هۆزی ئەخوێنێ

کەو بە خوێناوی گەلی پێی سوورە
پێسوور لەبەرەی نەتەوەی دوورە!

★★★

گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ
گورگە بۆرەکە لەتۆ دورکەوێ
دەرد و بەڵای تۆ لەوانە کەوێ
نازانن ژیان ئەوە ناهێنێ
مرۆڤ بایەخی خۆی بدۆڕێنێ
ئەوانە رسوا و سووك و ناپیاون
شێر بەگوێ بگرن هەر گێلە پیاون
کەسێ گێل نەبێ ئەبێ بزانێ
لەوە زیاترە بۆ کورسی و نانێ
ببێ بە پواز، بەدێز، بەسیخوڕ
یا تەنیا بژی بۆ ورگێکی پڕ
یا لەسەر دوو پەت دیلانێ بکا
کوڕنووش بۆ ئەم و بۆ ئەویش ببا
گێلە پیاوەکان
بێگانەی دژی باوەکوشتەکان
نابێ بە پەنا، بەجێگەی باوەڕ
چاوتان نابینا، هەردوو گوێتان کەڕ
پەنای چی؟! مەگەر کاتێ بتەزێ
ببوژێتەوە، ئێوەش ئەگەزێ



نەتانبیستووە ماری شێخ هۆمەر
ئەئاڵێتە پێی گێلەپیاوی کەر؟
گێلە پیاوەکان
منداڵەکانتان
پاك و خاوێنن
مەیانژاکێنن
گەر لەشانازی بێبەشیانئەکەن
گرێی دەروونیان لەگەردنمەدەن!
سبەی کەچوونە قوتابخانەوە
منداڵانیتر ئەیانناسنەوە

★★★

پەنجەی گومانیان بۆ درێژئەکەن
لەگۆڕەپانا کەناریان ئەخەن
ئەڵێن ئەوانیش نەبا وەك ئێوە
لەپێشبڕکێدا بچەمێنەوە!
گێلەپیاوەکان
لای ئێوە ژیان
چۆن بەسەرئەبرێ، ژیان واتای چی؟
ئەگەر نەمامی تەمەنی کورتتان
گوڵی گەش نەگرێ، ئەم دڕکە بۆچی!؟
بۆ ئەبێ کەسێ ناوی لەناوان
بەچاکی نەبرێ لەپاشی کۆچی؟

سەرکز سەلامەت بژیت گریمان
لەسەرت بدرێت، سەرکزیت لەچی!؟
★★★
گێلە پیاوەکان
شۆڕە چاوەکان
ئەوەندە دەستی رسوایی مەگرن
بەکلاوەوە
کلاو ناهێنێ پەڵەی بۆ بنێی
بەناو چاوەوە!
با گوڵیش نەبی، هیچ نەبێ مەبە
بەدڕك و بەخار
کەسێ لەڕێدا نەبێتە گرێ
ئەوە دۆستە و یار
من تێناگەم کەی
ڕاکردن لەوەی
ئەمانپارێزێ لەمێردەزمەی
ئەنجامی مەرگی ئەمڕۆ یا سبەی؟
من بەبڕواوە
من بەهیواوە
بۆ نەتەوەکەم نەبەخشم ژینم
ئەبێ کەفتەکار
ئەبێ گرفتار



بەدەم دەردەوە مەرگم ببینم!!
★★★
گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ
چاو لەیەك نانێ، تەنیا سەرخەوێ
وا ئەستێرەکان هەموو سرەوتن
لەشەونخوونی و جریوە کەوتن
ڕووناکی مژدە ئەدا بەئاسۆ
بەبیری بەرز و نەوەستاوی تۆ
تۆ نانووی ژیری، تۆ شەو بێداری
تۆ ئێشکگری سەراپای شاری
تۆ ملوانکەیەك ئەهۆنیتەوە
لەدانەی گەوهەر
لەپسان نەیەت بەڕاکێشانی
گێلە پیاوی کەر!
تۆ بنچینەیەك دائەمەزرێنی
لەپۆڵا و ئاسن
کە جارێکی تر نەلەرێتەوە
بەهێزی دوژمن
گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ گورگان خواردووبێ ئەوەی لێتکەوێ

ئەم هۆنراوەیە لە میهرەجانی هۆنراوەی کوردیدا ڕۆژی 1986/9/10 لەهۆڵی میدیای هەولێر بەرامبەر ژمارەیەك پیاوانی ڕژێم و سیخوڕ و جاش خوێندمەوە. بڕوانە: ژیر ـ کوردایەتی بیروبزاڤە چاپی 2006 ل53.

# زەنگ

**دیاریدانی ڕزگاربوونی نەتەوەیەکی دیل، بەپلەی هیوا و ڕادەی ئامادەیی ئەو نەتەوەیە ئەپێورێ، ئەگونجێ چواردەوری نەتەوەیەك بە ئاگر و ئاسن تەنرابێ و هی نەتەوەیەکیتر بەگوڵ و ڕێحانە، بەڵام ئەگەر یەکەم هیوای ڕزگاربوونی لەدووەم زیاتر و ئامادەتربێ، ئەوەندەی ئەو زیادەیە نەتەوەی یەکەم لەدووەم لەپێشترەوەیە بۆ ڕزگاربوون.**

زایەڵەی زەنگی کاروان

کاروانی گەل

دێتە گوێم بەرزو رەوان

لەئاسۆ و کەل

★★★

زەنگی ئەمجارە زوڵاڵە[19]

نە ئاخە و نەئای

چریکە و بانگە و هەڵاڵە[20]

[19] زوڵاڵ: ساف

[20] هەڵاڵە: هەرا.



بەسۆزە هەوای[21]

چریکەی کوردی دلێرە

بۆ کوردستان

لەکۆڕایە، نەڕەی نێرە

ئەڵێ ژیان

ئەڵێ دارڕژاوین، پڕین

بەبیری نوێ

چالاك و نەبەرد و دڕین

بیگرنە گوێ

★★★

ئەزانین و دامان ناوە

قۆناغی رێ

ئەگەرچی رێگە تەنراوە

بەڵام لەکێ؟

[21] هەوا: ئاواز، لحن

لەگەڵێ چاوی خەواڵووی
هەڵهێنابێ
پەڵاسی کۆنی ئاوەژووی
فڕێدابێ

★★★

گەلێ بانگەوازی بڵێ
ئەبێ بژین
ئەبێ بۆ بۆنی هەر گوڵێ
خوێن بڕێژین
ئەبێ تێزی جەنگ و شۆڕش
قوربانی بێ
سوپای راپەڕین و هێرش
یەکسانی بێ

★★★

گەلێ ئەمانە و نەبەزین
پێرەوی بێ



کام رێگر و دێوی زەمین
لەوێزەیدێ!!

★★★

ئەو گەلە ئەبێ کاروانی
لەگەڵ ئاوات
بگاتە مەنزڵ، سامانی
بۆ خۆی ببات
ئەبێ بژی و کامەران بێ
هێمن و مەنگ
دوور لەدیلی و لەزیانبێ
وائەلێ زەنگ!

سلێمانی: 1959

## کاروان و نەورۆز

**سەربەستی نە ئەدرێ، نەئەسەندرێ. سەربەستی هیوایە. بەهیوا گەیشتن نەوەرگرتنە، نە سەندنە، بەڵکو تەقەلایە. هەرکاتێك هیوای سەربەستی لەدڵی گەلێکدا گەرم بوو، تەقەلای بۆ ئەدات. گەرمتر بوو، ڕائەپەڕێت. جۆشی سەند، شۆڕشی بۆ بەرپا ئەکات. شۆڕشی چەك یا شۆڕشی بیر هیچ گەلێك سەربەست نابێ تا پلەی گەرمیی هیوای نەگاتە تینی شۆڕش. سەربەستی بێ شۆڕش، وەك پارچە بەفرێکە، زۆر ناخایەنێ ئەتوێتەوە. ئەو گەلەی گیانی شۆڕشی تێدانەبێ بۆ سەربەستی، گەلێکی نووستوو و بێکارەیە و پاشەڕۆژی تواندنەوەیە.**

کاروانەکەی کوردی دلێر
نەوەی کاوە
بەبیری سەربەخۆیی تێر
بەهیواوە
بەرەو مەشخەڵی روناکی
ئامانجی گەل
کەوتۆتە رێ بە چالاکی
هۆگری هەل
ئەڕوا دڵنیایە کە ئەو
بەتوانایە
راپەڕیوە لەپەستی و خەو
بەبڕوایە
کە خۆری گەش لەئاسۆی سڕ



گزنگیدا
شۆڕشێکی وا گەرم و گوڕ بەرپا ئەکا
کوردستانەکەی بەشکراو
فەرامۆش
وەك ئاگر و ئاوی کوڵاو
دێنێتە جۆش
ئەوەی وتی نەورۆزی کورد
ئەبێ نەبێ
مۆخ و مێشکی ئەهاڕێ ورد
چەن گەورەبێ
نیشتمانی بەرینی جوان
ئازاد ئەبێ
پەیکەری کاوەی قارەمان
لەشار و دێ
ئەبێ بەبارەگای نەورۆز
چریکەی دەنگ
بەسروود و بەستەی بەسۆز
کۆڕی ئاهەنگ
وەها گەرم و بەجۆش ئەکا
هێندە بەتین
کوردستانبێ لەو ڕۆژەدا
بەهەشتی ژین

بەغداد: 1959

## لەجەژنا

لەجەژنا شادی و گڕەی دەروونم
تێکەڵاو ئەبێ و، پەیامی روونم[22]
ئەنێرم بۆ تۆ و بۆ کوردستانم
بۆ تۆ بزەی لێو، بۆ ئەویش گیانم

بەغداد: 1959

[22] پەیام: رساله



## خەم

هەموو بەرێ
بەری هەموو بوونەوەرێ
نا سروشتی هەڵبوەرێ
کێشەی منە
منی بابای ئاوەڵی خەم
کە هەموو دەم
سەروەریی خۆم، هی نەتەوەم
لە سەروەریی نیشتمانا بەدیئەکەم
بێ ئازادی و سەربەخۆیی
وا ئەزانم نە ئێوە هەن نە منیش هەم

سلێمانی: 2009

# نەورۆزی کورد

**ئەو گەلەی کەلەپووری نەتەوایەتی خۆی نەپارێزێ و ونیکات، مەرجی نەتەوایەتی تێدا نامێنێ و بەرەو تواندنەوە ئەچێ. نەورۆزی ئێمەش بەشێکە لە کەلەپووری نەتەوایەتیمان، بۆیە لەپاراستنیدا پاراستنی نەتەوەکەمان ئەبینین.**

ئەمڕۆ نەورۆزە، جەژنە هەرایە
سەر پڕ لە سۆزی شایی و ئاهەنگە
کوردستان بەرگی ئاڵ و والایە
بووکی رازاوە و فریشتەی شەنگە

★★★

گزنگی زەردی خۆری زێڕدیمەن
ئەدا لە لوتکەی چیای سپیپۆش
لەگوڵاڵەی سوور، سەوزە گیای چیمەن
بەهەشتی ژینە کوردستانی خۆش

★★★

ئەمڕۆ لەلای من خەنە بەنانە
ئاڵای چوار رەنگم لا هەڵکراوە
سوور گوڵ و، سپی بەفری کێوانە
سەوزی چیمەن و زەردی هەتاوە
سروشتیش ئەڵێ کوردی قارەمان



ئەبێ سەربەخۆ هەڵکا ئاڵاکەی
یەك بگرێتەوە کوردستانی جوان
دیلی و ژێردەستی ئیتر هەتاکەی؟!

★★★

مژدەم ئەداتێ نەورۆزی ئەمساڵ
باوەڕێ هەیە، تازەیە و وردە
پیرۆز و بەرز و ڕۆشن و ساماڵ
تاکە ڕێبازی نەتەوەی کوردە

★★★

بەڵێنبێ ئێمەی کوردی کوردپەروەر
مژدە و باوەڕی تازە لەبەرکەین
کوردایەتیبێ رێمان هەتا سەر
بەم بڕوایەوە دوژمن بەدەرکەین
بەباوەڕی نوێ ئەم کوردستانە
ئەبێ رازاوە و ئاواو پیرۆزبێ
ببێ بە رووگەی رووی ئەم جیهانە
هەمیشە بەرگی وەکو نەورۆز بێ

بەغداد: 1959

# گۆرانیی جەژن

جەژنە جەژنە جەژنی گەلە
گەل ئامادەی ڕۆژی هەلە

★★

ئەمڕۆ ژیان شادییە
نیشانەی ئازادییە
ئەمڕۆ کوستی دوژمنە
جەژنە جەژنی تۆو منە

★★

ئێمە هەموو سەربازین
یەك ئاوات و یەك نیازین
بۆ سەربەرزی کوردستان
بەختەکەین سامان و گیان



ئێمە ئاشتی پەروەرین
دوژمنی بەرەی شەڕین
ئاشتیمان بۆیە ئەوێ
نەتەوەی کورد بسرەوێ
بۆ بەرگریی وڵاتمان
وەکو کاوەی قارەمان
نەڕە کوردین، جەنگاوەر
شەڕکەرین، بەڵام شەڕکەر!!

★★

جەژنە و ئێمە جەژنەکەین
دەس لەناو دەس یەك ئەکەین
سەیرەکەین، سەیرو سەیران
خۆشبێ جەژنی کوردستان

بەغداد: 1958

# ئاسۆی هیوا

بیری تازەی کوردایەتی
ڕێبازمانە
ئێمە کوردین، مەردایەتی
ئاوازمانە
کوردایەتی بۆ ئێمەی کورد
چەکی دەستە
فەلسەفەیە و باوەڕی ورد
هۆش و هەستە
ئەی وڵاتی کوردی ئازا
خۆری بەیان
ئەبێ هەر لەم ئاسۆیەدا
هەڵبێ لێمان

بەغداد: 1959



# کوردستانی من

**خۆشەویستی کوردستان و کوردایەتی، تەنیا سۆزی ڕووت نیە، بەڵکو بەرەنجامی فەلسەفەی گۆڕان و پێویستی ژیانی کوردەواریشە. کوردستان خۆشەویستی نەتەوەی کوردە چونکە نیشتمانیەتی و سەرچاوەی ژیانیەتی. کوردایەتیش بۆ پاراستنی ئەم نیشتمانە و خۆشگوزەرانی نەتەوەکەیەتی. جا کوردێکی خاوەن بیروباوەڕی کوردایەتی کە ئامادەبێ گیانی خۆی لەم پێناوەدا بەختکات، واتا هۆگری هەموو کونجێکی کوردستانە و دڵسۆزی هەموو ئەندامێکی کوردە، بۆیە لای وایە هەموو کوردێك چوونیەك مافی ژیانی هەیە و نابێ کوردێك کوردێکیتر بچەوسێنێتەوە.**

ژیان ئەمڕۆ بزەی تەڕە
بزەی لێوی تێکۆشەرە

★★

بەتێکۆشان کوردستانم
ئازاد ئەکەم، سەرو گیانم
ئەکەم بەپێخۆری خەبات
خەبات بۆ کورد و بۆ وڵات
چەندە خۆشە بۆ قەوم و خوێش

بم بە ئاگر، بەخۆڵەمێش

★★

کوردستانم  فراوانە
بووکی رازاوەی جیهانە

★★

پەیمانە دوا تنۆکی خوێن
لێرە بێ یاخود لەهەر شوێن
بەقوربانی ئەوی ئەکەم
بۆ ئەو ئەژیم، سامانەکەم
لەگەڵ گۆشت و ئێسکی لەشم
بۆ ئەوە و خۆم لێی بێ بەشم

★★

برای کوردی خاوەنی هۆش
تۆ گوێ بگرە لە مژدەی خۆش!
ئەمرۆ ئەبینم نیشتمان
وەك گوڵاڵەی بەهاری جوان
کوڵمی سوور و چاوی گەشە
تومەز بیرێکی بێ خەشە
تیا بڵاوە و ئەڵێ: دەی زوو
بۆ کوردستانی یەکگرتوو

بەغداد: 1959



# ئامانجی من

گوڵی گەش بەبای شەماڵی بەهار
ئەشنێتەوە
قاسپەی کەوی کەژ بەرامبەر نزار
بەرز ئەبێتەوە
من کەدیم لەرەی شەپۆلی شنەی
ئاڵای کوردستان
تێکەڵا و ئەبێ لەگەڵ جریوەی
ئەستێرەی بەیان
ئەو کاتە هیوا ئامانجی دوورم
هەردوو پێکەوە
ئەبن بە پرشنگ، گوڵاڵەی سوورم
ئەگەشێتەوە

بەغداد: 1958

# کوردایەتی

**هەندێك ئەڵێن کوردایەتی قۆناغێکە پێیدا تێئەپەڕین بۆ جیهانی مرۆڤایەتی! لای ئەوانە ئەگەر ئەم قۆناغەش پەرێندرا چاکتر! چونکە بڕینی ئەم قۆناغە بەرێگەیەك ئەزانن بۆ مەبەستێکیتر. لەڕاستیدا کوردایەتی قۆناغنیە، بەڵکو راستییەکی مێژوییە خۆی لەشێوەی بیروباوەڕێکی نەمری پێشکەوتوودا پیشانئەدا. بیروباوەڕی بەرز و پاك و نەمر کە هۆیەکبێ بۆ پاراستنی نیشتمان و بەختیاری گەل، کوردایەتیش هۆیەکە بۆ پاراستنی کوردستان و بەخیتاری کورد و کورد خستنە سەر رێی راست. کوردستان و کوردیش بەشێکن لە جیهان و لە مرۆڤایەتی. کەواتە کوردایەتی وەك لە مرۆڤایەتی جیا نابێتەوە، قۆناغیشنیە، بەڵکو هەمیشە بووە و هەیە و هەر ئەمێنێ و کوردایەتی شان بەشانی مرۆڤایەتی ئەڕوا بەرێوە بێ کەم زیاد.**

کاکی برا، هۆ خوشکی کورد
لەهەرکوێ هەی، شەنی یا گرد
وەرە تۆزێ گوێی پیاوەتی
شلکە بۆ لای کوردایەتی



بزانە سۆزی ئەم سازە
بۆ کام شوێنە و کام رێبازە
بزانە کوردی کورد پەروەر
بەرەی تۆیە، یا بەرەی شەڕ
بزانە ناوی کوردستان
دڵسۆزییە، یاخود تاوان
کوردستانی بەشبەشکراو
چنگ لەگۆشت و خوێنی نراو
ئازاد بوون و یەکخستنی
دوژمن لەناو دەرکردنی
ئەمە لاقرتی و هەلاتە
یاتین و جۆشی خەباتە!؟
کاکی برا، هۆ خوشکی کورد
لەهەر کوێ هەی، شەنی یا گرد
من پێت بڵێم راست و پەتی
بیری پوختی کوردایەتی
بیرێکە پاك و بێگەردە
هەڵگری ئالای: نەبەردە
کوردایەتی، واتا، ژیان
واتا خەبات و تێکۆشان
کوردایەتی شانازییە
بۆ خۆش بەختی و ئازادییە

بۆ ڕۆژێکە کە کوردستان
سەربەخۆبێ و گەلی یەکسان

★★

نۆتەی سروودی ئەم سازە
هەوا و سۆزی ئەم ئاوازە
هەتا بڵێی دلگیرە، خۆش
دەماری لەش دێنێتە جۆش
ئەڵێ کردەم جێی داخنیە
کوردایەتیم (قۆناغ)نیە
ئامانجێکە نەمر، پیرۆز
مەشخەڵێکە بۆ گەل و هۆز
فەلسەفە و باوەڕە و بیرە
ڕێگەی پیاوی دانا و ژیرە
کوردستانم خەیاڵنیە
گڕو گاڵی مناڵنیە
ئەگەر کوردستانی بەرین
نەبێ، ئەی کورد لەکوێ بژین
چۆن ژیاون تاکو ئێستا؟
دڵ و خوێنیان بۆ ئەوەستا
یاخود بڵێین کوردی دێرین
ئەگەر نەبێ، ئەی ئێمە چین؟

★★★



کاکی برا، هۆ خوشکی کورد
لەهەر کوێ هەی، شەنی یا گرد
وەرە بۆ ئەم بیرو ڕێیە
بۆ ئەم گەل و خاك و جێیە
ببین بە تۆزی خۆڵەمێش
چاوی دوژمن بێنینە ئێش
تا کوردستانی بەرینمان
نەکەین بەبەهەشتی ژینمان
نەچێژین تامی خۆشی خەو
ملکەچ نەکەین بۆ ئەم و ئەو
بۆ ئەم خواستە هەڵسین، بچین
تەنها بۆ ئەو بژین، بمرین
چەندە خۆشە وەك مەشخەڵێ
پیاو بسووتێ بۆ ڕێی گەلێ
چەند شادییە باوەڕکردن
بەژیانی بۆ ژین مردن

بەغداد: 1959

# سروودی لاوان

**کوردایەتی لەمرۆڤایەتی جیانابێتەوە، کوردایەتی واتا بیروباوەڕی نەتەوایەتی کورد. هەر نەتەوەیەك سەبەستی و بەرژەوەندی خۆی پاراست، واتا سەربەستی و بەرژەوەندی بەشێکی لە مرۆڤایەتی پاراستووە. کاتێك هەموو نەتەوەکان ڕزگاریان بوو، یانی هەموو مرۆڤایەتی ڕزگاری بوو. کەواتە بۆ ئێمەی کورد، کوردایەتی پیرۆزترین و بەکەڵکترین بیروباوەڕ و ڕێگەیە بۆ سوودی خۆمان و سوودی مرۆڤایەتیش.**

ئێمە ڕۆڵەی بیری تازەی رابەرین
ئێمە کوردی جەربەزەی تێکۆشەرین
بۆ وڵات و سەربەخۆیی و ژینی شاد
خوێن ئەڕێژین
لەش ئەنێژین
ئەفسەرین

★★

کوردستان.. کوردستان
ئێمە بۆ تۆ سوپەرین

★★

تەقەلای بێ وچان
سامان و سەر و گیان



بۆ تۆیە و بۆ ژیان
ژیانیش بەمەرجێ
بەرهەمی دەسبەجێ
تۆی پێ بی ئاوەدان

★★

ئێمە ڕۆڵەی بیری تازەی رابەرین
ئێمە کوردی جەربەزەی تێکۆشەرین
بۆ وڵات و سەربەخۆیی و ژینی شاد
خوێن ئەڕێژین
لەش ئەنێژین
ئەفسەرین

★★★

ئاشتیخواز.. ئاشتیخواز
ئێمە دوژمنی شەڕین

★★

ئێمەی کورد، ئێمەی گورد
گەلێکین بێ زیان
دۆستی گشت میللەتان
بۆ ئاشتی و ئاسایش
گۆرانی و ستایش
ئەبێژین هەموومان

★★

ئێمە ڕۆڵەی بیری تازەی رابەرین
ئێمە کوردی جەربەزەی تێکۆشەرین
بۆ وڵات و سەربەخۆیی و ژینی شاد
خوێن ئەڕێژین
لەش ئەنێژین
ئەفسەرین
***
بۆ کوشتار.. بۆ کوشتار
ئێمە ڕۆڵەی پێشڕەوین
**
پەیڕەوی ڕێگەمان
خەباتە و تێکۆشان
نەبەزین، کۆڵنەدان
نابەزین، ئەجەنگین
تاکو ماف ئەسەنین
بۆ هەموو کوردستان

بەغداد: 1959



## سروودی سلێمانی

شاری سلێمانی لەناوچاوانی
نوسراوە شاری هەڵمەت، قوربانی
ئەم شارە نوێیە وەك بەتایبەتی
سەرچاوەیەکبێ بۆ کوردایەتی
تیشکی باوەڕ و ڕۆڵەی ئازادی
ئەبەخشێ لەپای نەتەوەی مادی
لەلای نەنگە کورد لەدوای کاروانبێ
نیشتمان بەبێ ناوو نیشانبێ
ئەم شارە شاری پێش بڕکێی نوێیە
نامەی زانست و هونەری پێیە
ئەوەی کردوێتی سەرەتایەتی
تازە نەتەوە بەهیوایەتی
ئەی شاری ڕووگەی کوردستانەکەم
ئەمڕۆ سەراپا نیشتمانەکەم
هاوبیری ڕێتن لەگۆڕەپانان
هەریەك بەجۆرێ لەتێکۆشانان
ئەم یەکگرتنی ڕێگە و بڕوایە
هێڵێکی راستی بوون و هیوایە
بۆ سەربەخۆیی نیشتمانی ماد
ئاڵای شەکاوەی گەلێکی ئازاد

سلێمانی: 1973

# سروودی ئاشتی

**کاتێ ئاشتی لە جیهاندا جێگیر ئەبێ، کە هەموو نەتەوەکان بەهیوای سەربەستی خۆیان گەیشتبن.**

ئاشتی پەروەرین
دوژمنی شەڕین
بۆ کوردایەتی
گونجاوە ئاشتی
ئاشتیمان ئەوێ
کە کورد بسرەوێ
★★
ئاشتی لای ئێمە ژێردەستی نیە
ژیانی دیلی، سەربەستی نیە
کاتێ کوردستان گەیشت بەهیوا
بەسەربەرزی تیا هەڵکرا ئاڵا
ئەوساکە ئاشتی پێمان ڕەوایە
بۆ کوردایەتی: کاڵای باڵایە
ئاشتی گەر هاتوو
قسەی بە بابوو
دۆست و دوژمنان
لەسەر لاشەمان
لاشەی کوردستان



ژیان، لەوەڕان
هەر بڵێین ئێمە زۆر بێ زیانین
ئاشتی پەروەرین، دۆستی گەلانین!
ئەمە یا سستی و ترسنۆکییە
یاخود نۆکەری و دەروون سووکییە
ئەو جێیە خۆشە کە دڵ لێی خۆشە
ئاشتی بەدیلی مردنی هۆشە
★★
چەند خۆشە ژیان
لەگەڵ میللەتان
بەبێ قڕەو دەنگ
بێ کوشتار و جەنگ
سامانی گەلان
نەبرێ بەتاڵان
★★
ئەبێ بەهێزبین، بۆ ئەوەی ئاشتی
ببێ بە کاڵا بۆ کوردایەتی
ئەبێ تەقەلای بێ وچان بدەین
ئاشتی خەڵاتی کوردستان بکەین
کاتێ میللەتان ئەژین وەك برا
هەر یەك بەهیوا و ئامانجی بگا

بەغداد: 1958

# سرودی کوردایەتی

ئێمە هاوبیری کوردایەتین و ئەڤینی ئەوین

لەوپێناوەدا بۆ بەخشینی گیان سەری پێشڕەوین

کوردایەتیمان ریشەی بەمێژووی دێرینا چووە

داستانی کوردی لە کوردستانا هەمیشە بووە

چیرۆکی ماد و رابوونی ڕۆڵەی وەکو کاوەیە

گڕی نەورۆز و ژیلەی شۆڕشی نەکوژاوەیە

کار و خەبات و سێبەر و سایەی یەکێتی کوردە

بۆ کوردستانی یاسا و یەکگرتوو، مەشخەڵ و پردە

کوردایەتیمان چرای زانستە، هونەرە و ئاکار

دادە بۆ کۆمەڵ، نانە بۆ هەژار، کارە بۆ بێکار

نەداگیرکارە، نەمل درێژە بۆ داگیرکردن

نەستەمکارە، نەماڵی خەڵکی بەتاڵانبردن

مرۆڤایەتی و کوردایەتیمان هاوواتای یەکن

بۆ پاراستن و بەرگری نەبێ، نامۆ بەچەکن

ئەوی لەبەرگی کوردایەتیدا کەسی ناپاکە

پیاوی بێگانە، جەردەی سامانی میللەت و خاکە

لەئێمە نیە، خۆرەو ڤایرۆسی کوردایەتییە

لەرەگوڕیشە دەرهاوردنی مەردایەتییە

کوردایەتیمان کوردستانی پێ گەش و ئاوەدان

بەم بڕوایەوە سەربەخۆییمان دێتە ئەنجامدان

سلێمانی: 2008



# عەولە سیسەی قارەمان

**گیانی قوربانیدان لەپێناوی بیروباوەڕی نەتەوایەتیدا، پتر لە هەموو پێناوێکی ترە. چونکە بیروباوەڕی نەتەوایەتی لەپێش هەموو بیروباوەڕێکی ترەوەیە. هەرلەبەر ئەمەشە ئەوانەی ئەبنە قۆچی قوربانی لەپێناوی نەتەوە و نیشتمانەکەیاندا، هەرگیزاهەرگیز نامرن و لەدڵی ئەو نەتەوەیەدا ئەژین.**

بڕوانە شاری خرۆشاو!

دیمەنی دایکی کوڕ کوژراو!

بڕوانە کوشتاری بێ هۆ

سۆزی زریکەی (کاکە ڕۆ!)

بڕوانە قوڵپی خوێنی گەش!

دیمەنی سووری جەستە و لەش!

گوێ شلکە بۆ زایەڵەی زەنگ

شریخە و جەزرەبەی تفەنگ!

گوێ شلکە بۆ نەڕەی لاوان

بۆ داوای مافی کوردستان

هەر هێرشە و شەپول ئەدا

بەرەو باخی دەرکی سەرا[23]

نەڕەی بەرزی هێرش بەران

[23] سەرای شاری سلێمانی

ئەگاتە لای هەوری ئاسمان!

ئەڵێن: ئێمەی کوردی بێکەس

نامانەوێ پەیمان و دەس

نامانەوێ هەڵبژاردن[24]

پەرلەمانی ملکەچکردن[25]

ئێمە کوردین، بۆ کورد ئەژین

کوردستانی جوانی بەرین

هی خۆمانە و بۆ خۆمانە

بەدەربێ نێرووی بێگانە[26]

★★★

ئای لەم دیمەنە سامناکە!!

لەم کوردە ئازا و بێ باکە!!

لوولەی شەستتیرو مەترەڵۆز

کەوتە دروێنەی بەری هۆز!

هەر کە للەیە و گوللە ئەیبا!

هەر لاشەیە و دێ بەلادا!

لەناو خلّتانی خوێناوا

تەپاوتلیە و، لەناکاوا

هوروژمی (پێ) بەسەریا دێ

---

[24] مەبەست لە پەیمانی 1930یە.

[25] هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەو ساڵە کە میللەت نەیئەویست دەنگی بۆ بدات.

[26] نێروو: هێزی چەکدار



زامی گەرمی لێدێتە سوێ![27]

بەئاستەمێ نووزە تیاماو

ئەناڵێنێ بۆ تۆزێ ئاو!!

★★★

لەم شوێنە پڕ مەترسەدا

لەم کاتە تووش و ترسەدا

سێ لاوی ئازای قارەمان

وەکو شێری نەڕی مەیدان

دەست بەخەنجەری رووتەوە

بەدەم: (با بژی کورد)ەوە

بەرەو شەستتیر تەکان ئەدەن

دڕ بەهێزی ئەوان ئەدەن

ئەی داخ!! ئەوا دوانیان کوژرا!

تەنها عەولە سیسە ئەڕوا[28]

دەی قوربانی کوڕبم عەول

ئەوەی تاوانی وا لەمل

ماوەی نەدەی نەکو دەرچێ

ئەم خوێنە زۆرەی تیابچێ!

بژی عەول ئەوا گەیشت

---

[27] سوێ: ژان، ئازار

[28] عەولە سیسە: لاوێکی باڵابەرزی باریکەلە بوو، ئەندامێکی گورجو گۆڵی کۆمەڵەی لاوان بوو، مێژووی تێکۆشانێکی زۆری هەیە لەپێناوی کورد و کوردستاندا.

دەستم شکێ ئەویشیان کوشت!!!

ئای بەسەزمان عەولی کلۆڵ

خوێنی گەش تێکەڵبوو بەخۆڵ

نەخێر عەول هەڵسایەوە

دیسان تەوژمی دایەوە!

نیشتە سەر مەترەلۆزتەقێن

جەستەی کردە خڵتانی خوێن

وەی بەقوربانی دەستتبم

فیدای باوەڕ و هەستتبم

مردن هەردوو بەسەر یەکا!

تەقە و کوشتار، نەما و وەستا

★★★

ئەی شارەکەی عەولە سیسە

بەڵێنبێ ئەو دەستە پیسە

کە هەروا بەدەستی ئانقەست

جۆگەلەی خوێناوی هەڵبەست

ئەبێ ئێمەی دڵسۆزی تۆ

ئێمەی کوردی نەوەی ئەمڕۆ

بۆ تۆڵەی خوێنی رژاوت

کوردستانی زەوتکراوت

پشتێنی تۆڵە ببەستین

نەیکەینەوە و رانەوەستین



تاتێکرا ئەم خاکە پاکە

خاکی ئم کوردە چالاکە

ئەخەین بەدیار، یەك تەن و پۆ

بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ

ئەوسا تۆزێ وچانئەدەین

پەیکەر بۆ نەمرەکان ئەکەین[29]

پەیکەرێکیش جوانتر لەگوڵ

ئەکەین بۆ یادی کاك عەول

لەژێریا بەخامەی زێڕین

ئەنووسین: وێنەی نەبەزین

بژی یادی کاکە عەول

یادی ڕۆژی شەشی ئەیلول[30]

بەغداد: 1958

[29] پەیکەر: تمسال

[30] مەبەست لەشەشی ئەیلولی ساڵی 1930یە

# چەپکێ گوڵ

**یادکردنەوەی شەهیدەکانی ڕێی کوردایەتی، هانمان ئەدات بۆ سووربوون لەسەر خەباتی نەتەوایەتیمان، پێمان ئەسەلمێنێ کە نەتەوەکەمان هەمیشە هیوای ڕزگاربوونی بووەو قوربانی داوە لەم پێناوەدا. تەنها تۆزێ زیاتر خۆشکردنی بلێسەی کوردایەتی، ڕێی راستی بەرەو ئامانجی پیرۆزمان بۆ ڕۆشن ئەکاتەوە بۆ چوونە ناو جیهانی هیوای نەمرمانەوە.**

ئەی کۆترەکەم: رابەری هەست
ئەی سپی پۆش، چاو رەشی مەست
دەنووک سووری هێمن و مەنگ
ئەی بێ زیان، دوژمنی جەنگ
ئەی ئێسک سووک، دۆستی هەژار
دوژمنی زۆر، قین لەزۆردار
ئەی نیشانەی ئاشتی جیهان
ئەی کۆترەکەم: شامەلی جوان
چاوم لێتە، لەو نزارە
دیمەنت جوان و نازدارە
گوێم لێتە وا لەبەر خۆوە
بەدەم رەوتی وردی رێوە
تاوێ سۆزی ئاوازی خۆش



تاوێ نالەی گەرمی بەجۆش
ئەتاوێنی بەسەر ئەرزا
بەسەر لوتکەی کەژی بەرزا

***

کە ئەبینی بەرەی گەلان
ئەڵێن: ئاشتی، ئاشتی جیهان
مرۆڤ ئەبێ شادمان بێ
دوور لەدیلی و لەزیان بێ
ئیتر گەشەی شادمانی
ئەتکات بەپارچەیەك جوانی

***

لەم لاشەوە کەئەبینی
ژیانی کزی و زەبوونی
ولاتی ژێر دەستی زۆردار
داخی کەساس، ئاخی هەژار
تەمی پەستی وەك پەردەی رەش
دای ئەپۆشێ بەرچاوی گەش

***

ئەی کۆترەکەم، جوانی خرپن
خنجیلانە، هۆگری من
منیش وەك تۆ ئێستە مەستم
دەمێ شاد و، دەمێ پەستم

کوردستانم هەروەك جیهان

بەشێ ئاوا و بەشێ وێران!

★★★

کە دیت تۆزێ بزەی لێوم

روونی خستە رووی پەشێوم

بەشێ لەخاکی وڵاتم

ئەبینم: ئاوایە، شادم[31]

ئاوایە بەڕێی پیاوەتی

بە بیری نوێی کوردایەتی

هیوام زۆرە ئەمجارە کورد

کە راپەری و هەڵمەتی برد

هەڵمەت ئەبێ، هەڵمەتی پیاو

سەرکەوتنی روونە وەك چاو

چونکە هەر خۆی بەخۆی بۆ خۆی

دێتە مەیدان، مەیدانیش تۆی..

تۆ.. ئەی خاکی کوردستانم

ئەی سەرچاوەی تێکۆشانم

★★★

کەپەستم دێتە پێش چاوم

مێژووی وڵاتی شێواوم

چ مێژوویەك؟ سەراپا سەر

[31]ئاوا: ئاوەدان، مأهول



هەمووی ئازار و دەردی سەر!

ئەمڕۆ نۆزدەی جۆزەردانە[32]

بیرم لای چوار قارەمانە

چوار شەهیدی ڕێی نیشتمان

کە بۆ کورد و بۆ کوردستان

کرانە قۆچی قوربانی

نرانە چاڵی پەنهانی!!

★★★

ئەی کۆترەکەم: بەهیوای تۆ

چاوەڕوانم، سادەی بڕۆ

بەیادی گیانی شەهیدان

بۆم بێنە چەپکێ گوڵی جوان

چەپکێ: گوڵی سووری تیابێ

بەخوێنی کورد ئاودرابێ

چەپکێ: هەر چڵەی لەجێیە

رواو لەناو چەقی رێیە

کە بگاتە ئامانجی من

دووربی لە ئاواتی دوژمن

★★★

گوڵێکی گەش لە مهاباد!

گەش هەر وەکو بیری ئازاد

[32]نۆزدەی جۆزەردان: مەبەست لە 19/ حوزەیرانی 1959یە.

**تیا نوسرابێ: ئائێرە بوو**
**جێی کۆماری کوردی زیندوو**
**لێرەدابوو کە کوردستان**
**ئاڵای بەرزی خۆی داچەقان**
**بۆ ئەم خاکە و ئەم هەوارە**
**(قازی) درا لەسێدارە!![33]**

★★★

**ئەی کۆترەکەم: شامەلی جوان**
**لەوێوە بفڕە بۆ کوێستان**
**بۆ ناو دەرسیم بۆ دیاربەکر**
**بۆلای گۆڕی دوانی نەمر**
**گۆڕی: پیران، (دوکتۆر فوئاد)[34]**
**دوو پێشەوای کوردی ئازاد**
**کە وەك شێری نەڕی مەیدان**
**دەم بە خەندە و بەبێ کۆڵدان**
**بۆ ماف و تۆڵەی کوردستان**
**لەسەر سێدارە راوەستان!**

★★★

**لەوێش چلێکی بنێ سەر**

[33] قازی محەممەدی نەمری یەکەم سەرکۆماری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کار بەدەستانی فارس لەسێدارەیاندا!!.

[34] شێخ سەعیدی پیران و دوکتۆر فوئاد: دوو پێشەوای شۆڕشەکانی کوردستانی ژووروو بوون، تورکە دڕندەکان لەسێدارەیدان.



**هەڵسە و بڕۆ ڕێبگرە بەر**
**هەتا ئەگەیتە ناو بەرزان**
**بەرزان، بەرزانی قارەمان!!**
**بگەڕێ کام گوڵێ جوانە**
**نیشانەی خوێنی لاوانە**
**(بیکە) و بڕۆ روە و بازیان**
**لەوێش لای بەردە قارەمان**
**لەو شوێنەدا کە (شێخ) گیرا[35]**
**خوێنی گەشی لەشی ڕژا**
**ئا لەوێدا چلێکیکە**
**هەڵبژێرە و دەسکەنەیکە**
**بۆم بێنە ئەو چەپکە گوڵە**
**تا بینێمە سەر ئەم دڵە**
**تێر بۆنیکەم، بڵێم ئۆخەی**
**کورد خاوەنی مێژووە، دەی!**
**ئینجا رووە و شەقامی شار**
**بڕۆم بڵێم: چینی هەژار**
**بێن لەگەڵم ڕۆژی ژینە**
**بێن لەگەڵم ئەی خەڵکینە**
**بۆ سەر گۆڕی چوار قارەمان**

[35] شێخ مەحمودی قارەمان، یەکەم پاشای حوکومەتی کوردستانی خواروو، کاربەدەستانی چەپەڵی ئەوسای عێراق بەمردوێتیش وازیان لێنەهێنا، چەند گوللەیەکیان نا بە ترمەکەیەوە.

**چوار شەهیدی ڕێی نیشتمان**
**کە چووین لەوێ ڕێگەم بدەن**
**سروودێ بڵێم بۆ وەتەن**
**گەش هەر وەکو دڵۆپی خوێن**
**گشت لەگەڵما بێن و بڵێن:**
**ژیان ئەمڕۆ بزەی تەڕە**
**بزەی لێوی تێکۆشەرە**
**بەتێکۆشان کوردستانم**
**ئازاد ئەکەم، سەروگیانم**
**ئەکەم بە پێخوری خەبات**
**خەبات بۆ کورد و بۆ وڵات**
**چەندە خۆشە بۆ قەوم و خوێش**
**بم بە ئاگر، بە خۆڵەمێش**
**کوردستانم فراوانە**
**بووکی رازوەی جیهانە**
**پەیمانە دوا تنۆکی خوێن**
**لێرە بێ، یاخود لەهەر شوێن**
**بەقوربانی ئەوی ئەکەم**
**بۆ ئەو ئەژیم، سامانەکەم**
**لەگەڵ گۆشت و ئێسکی لەشم**
**بۆ ئەوە و خۆم لێی بێ بەشم**
**برای کوردی خاوەنی هۆش**



**تۆ گوێبگرە لەمژدەی خۆش**
**ئەمڕۆ ئەبینم نیشتمان**
**وەك گوڵاڵەی بەهاری جوان**
**کوڵمی سوور و چاوی گەشە**
**تومەز بیرێکی بێ خەشە**
**تیا بڵاوە و ئەڵێ: دەی زوو**
**بۆ کوردستانی یەکگرتوو**[36]

★★★

**دوای ئەم سرووده سەنگینە**
**ئەو چەپکە گوڵە خوێنینە**
**کە تۆ: گیانە، ئەی کۆتری جوان**
**کۆت کردەوە لەکوردستان**
**دێنین لەو چەپکە هەر چڵێ**
**ئەنێینە سەر مستە گڵێ**
**سەر گۆڕی ئەو نەمرانە**
**ئەو بێچووە شێرە کوردانە**
**گۆڕی: (قودسی) شەهیدی لاو**
**(عیزەت، خەیری، گۆڕی خۆشناو)**[37]

---

[36] هیوام وایە خوێنەرەوەی خۆشەویست لێز زیز نەبێ بۆ دووبارەکردنەوەی ئەم سرووده لەم هۆنراوەیە.

[37] محەمەد قودسی و عیزەت عەزیز و خەیروڵلا عەبدولکەریم و مستەفا خۆشناو: چوار ئەفسەری چالاکی کورد بوون، حوکومەتی کۆنی گۆڕبەگۆڕی عێراق کردنی بە سیچدارەدا چونکە بەشداری شۆڕشە مەزنەکەی بەرزان بوون!.

***

ئنجا ئەڵێین: ئەی شەهیدان
سوێندم بەخاکی کوردستان
سوێندم بەگیانی نەمرتان
بەو ڕێیەی ئێوە کە گرتتان
ئێمەش سەربازی ئەو ڕێیەین
قوربانی ئەم خاك و جێیەین
بنوون و دڵ لەدڵ مەدەن
ئەی شەهیدانی ڕێی وەتەن.

بەغداد: 1959



# کۆمیدیای برایەتی

**تۆ ئازادیت ئەی برای کورد!**

**وتویانە ئەو گەلە ئازاد نیە کە گەلێکی تر دیل کات، ئەمە ڕاستە. هەروەها ئەو گەلەش کە هێشتا خۆی دیل بێ، ناتوانێ گەلێکی تری دیل، یا نیوە دیل ڕزگارکات، ئەوەی داوای یارمەتی لێبکات و لەسامان و توانای بەرێ، بەهەر ناوێکەوە بێ، زیاتر زیانی لێئەدات و تەوقی دیلێتی لەگەردنیدا قورس ئەکات.**

برای کوردی قارەمانم
هاوبەشەکەی نیشتمانم
تۆ لەلای من خۆشەویستی
کۆڵەکە و قەڵغان و پشتی
تۆ پەروەردەی شاخ و داخی
لەجوانیشدا گوڵی باخی
خانەدانی، جەوامێری
لەهەڵمەتدا وەکو شێری
من تۆم ئەوێ، تۆی خۆشەویست
بەمەرجێ هەرچیم لەتۆ ویست
ملکەچ و کوڕنووشبەرمبی
هەتا هەتا نۆکەرمبی
لەکاتی شەڕ و کوشتارا

تۆ یەك بی لەناو هەزارا
ئەبێ هەر هەڵمەتبەرمبی
سەربازی جەنگاوەرمبی
ئەتکەم بەگژ هەزار دێوا
بەگژ دارو بەردو کێوا
نابێ ناوی ترس و کۆڵدان
یادوودڵی و مان و گومان
بەدڵتابێ، بەئاستەمێ
دڵی پاکم بکەی کرمێ!

***

برای کوردی قارەمانم
هاوبەشەکەی نیشتمانم
کاتێکیش دنیا خۆشیبوو
بەرگی ئاشتیمان پۆشیبوو
بۆم هەڵپەڕە لەسەر شانۆ
خواستم چی بوو.. پێم مەڵێ بۆ!
خڕ بیژەنە و بەبەستەی جوان
بە هەڵپەڕکێ و سەما و سوڕدان
کۆڕی شەوم بۆ گەرمکە
دڵی رەقم پێ نەرمکە
چونکە تۆزێ تونگ و گیرم
نەیروشێنێ هەست و بیرم!



خوانەخواستە ئەگەر هاتوو
لێم زویر بووی، بەین تێکچوو!..
پێت بڵێم و باش بزانە
ئەتکەم بە پەندی زەمانە![38]
ئەیشێلم گۆشت و ئێسقانت
ئاوات بخوازی بە گیانت!..
پێم مەڵێ بۆ!!.. من بۆ تۆمە
تۆ هەر بڵێ برای خۆمە
برای خۆمە و قسەی رەقە
جا قەیچێکا لەسەر هەقە!!

***

برای کوردی قارەمانم
هاوبەشەکەی نیشتمانم
گوێت لەمن بێ ئەی برای خۆم
من دڵسۆزم، دڵسۆزی تۆم
تۆ سەربەستی چەند ئەتوانی
چەنت پێیە، چەن ئەزانی
پەروەردە و پوختە و جوانیکەی
بۆ کاکی خۆت قوربانیکەی!

***

تۆ سەربەستی سەربەستی بیر

---

[38] پەند: عبرە

قەڵەم تیژکەی، تیژ وەکو شیر

پێی بنوسی ڕۆژنامەکەت

لەئامانج و بەرنامەکەت

ئەو ئامانجەی منی برات

تەقەلا و هەوڵی بۆ ئەدات!!

★★★

دوژمنی ئێمە هەر یەکە!

کەواتە چاکی لێهەڵکە

گوێ رایەڵی برای خۆتبە

لەئاستی من سەر لەپێتبە

وڵاتمان ئەبێ هەر یەکبێ

ئەم وڵاتەش پارچەیەکبێ

لەنیشتمانی پیرۆزم

لەنەتەوە و گەل و هۆزم!!

زویر مەبە ئێمە براین

لەجیهانی یەکێتییان

ئەوەی دژی ئەم بیرەیە

سا باوەڕی هەرچی هەیە

کلکی بێگانەی خوێڕییە

بەشی هەرگیز سەرشۆڕییە

نابێ بژی، ئەبێ بمرێ

بمرێ و گوریس لەمل کرێ



ئێمە ئەڕۆین بەیەکسانی

بۆ دواڕۆژی کامەرانی

بۆ ژیانی پڕ لە ئاشتی

نەبێئێشی و نەبرسێتی!!

ئیتر من و تۆ هەریەکین

ئەمڕۆش نەبێ، سبەی ئەبین

بەیەك تەن و بەیەك (زمان!)[39]

برام ئا ئەمەیە ژیان!

گوێ نەدەیتە قسەی بێ جێ

ڕێی پیرۆزت لێتێك بچێ،

گوایە تۆ کوردی و من منم!!

چاو لەدووتم یا دوژمنم!

بڕۆ ئازادی تۆ ئیتر

ئازادی و پێی ناوێ پتر!!

بەغداد: 1958

[39] تەن: لەش، جسم

# بەهاری کوردستان

بۆ جوانیی بەهار...؟ [40]
بەهاری سەر وەرزی دیار
زەردە خەنە و گەشەی ژیان
بەهاری خاکی کوردستان
خاکێ بیگری و سەراپا سەر
پێك هاتبێت لەپیتوفەڕ
لەجێ و نیگاری دڵ رفێن..
لەباو شەماڵی خەم ڕەوێن
لەدۆڵی کپ، چەم و نزار
لەلوتکەی هەزار بەهەزار
لەتاڤگە و قەڵبەزەی زیوین
دەشتی فراوانی رەنگین
لەسەوزە و بێشەڵانی چڕ
لەچاوە و ڕوباری بەخوڕ
لەقەدپاڵی گەردن نەخشین
لەسەیرانگاو هاوینشین
کوردستانێك ئەمانەی بێت
بەچی باسی لەدوایی دێت؟

---

[40] لەناوەڕاستی ساڵی 1957دا. لەڕۆژنامەی ژیندا، مامۆستا رەشید عارف پێشکەوتنێکی شیعری کرد، لەئەنجامدا ئەم شیعرە بەیەکەم هەڵبژێررا، لەلایەن لیژنەی تایبەتیەوە. کە پێکهاتبوو لە مامۆستایان: عەلائەدین سوجادی، ئەنوەر سائیب و شەماڵ سائیب.



چۆن نوسین و پیا هەڵوتن
نابڕێتەوە و نایەت لەبن
یا چۆن قەڵەم و پەڕەو ڕوو
کۆتایی نایە زوو بەزوو
چ دانا و کامڵ و ژیرێك
چ خاوەنی هۆش و بیرێك
بۆ هۆنینەوە و چنینی..
چنینی تارای زێڕینی:
رێچکە و زنجیرەکەی هەستی
نایەتە ئاڵۆز و سستی!؟؟
★★★
ئەمە کوردستانی ساکار
خۆ بپۆشێت بەرگی بەهار:
ئەبێتە بووکی شازادە
کە بۆ زەماوەند ئامادە
هەر لە پێوەی تا تەوقی سەر
بەرگی سروشت ئەکاتە بەر
لەهەر گوڵێکی بۆنخۆشی
جۆرێك ئەکاتە لەشپۆشی
دێنێو لە (هەمیشە بەهار)
کراسی نەرمی ورشە دار
ئەچنێ و، بۆ کەوای کوردی

له (گولاله)ی سووری هەردی
ئەنەخشێنێو ئەیكاتە بەر
لەجێی گووروونی گوڵ بەسەر
له(لاولاو)ی ناو ماڵی شار
چەفتەی مۆری گوڵنگەدار
هەڵئەبەستێت.. وشك سورمەش
لەولاوە هەر بەسەری: هەش
یا بۆ یەكخستنی دیمەن..
سوخمەی سەوز لەگیای (چیمەن)
دوگمە و قەیتان (ریحانە)ی رەش
ئەنێتە بانی سنگی گەش
بانی مەمانی خڕو قوت..
دوایی دێنێو له (مینا)ی ڕووت
ئەكات بە دەسماڵی سەر شان
پولەكەی لە :پۆی (ئەرخەوان)
یا لەجێگەی خشڵی بێگەرد
لە (شەست پەڕ) و كۆی (گوڵی زەرد)
ئەكات بە پارچەی هەموو جۆر
وەك لاگیرە یا گوارەی شۆڕ
یاخود دێنێو بۆ سەرپۆشی
لە (نێرگس)ی زۆر بۆن خۆشی
ئەچنێت بۆ شەرم، بۆ ناز..



بۆ مەشخەڵی دڵی ڕێباز!!
(شەوبۆ و نەسرین و دەمەشیر)
لەجێی مورو و شیلانو زێڕ
ئەكات بەڕشتەی گەلێ تەرز
(گوڵەباخ) یش بۆ پانی بەرز
دیارە بۆ سەر كەمەری تەنگ
كەمەری بووكێكی وا شەنگ
لەجێی پشتوێنی ڕەنگاوڕەنگ
پشتوێنی ئاوریشمی بەسەنگ
ئەبێ هەر پەلكە زێڕینە
پێچ بخوات لەم باخی ژینە
★★★
جا كوردستانێ كە بەرگی
بەرگی بەهاری بێ ئەركی
ئا ئاوابێت!!.. ئیتر چۆن من!!
بەدوو وشەی بێ سەرو بن
ئەم بەهەشتی سەرزەمینە
ئەم نیشتمانە دێرینە..
بۆم ئەخرێتە چوارچێوەی هەست
هەستی پڕو زویر و پەست
زوێر بەڵێ زویر و پڕ
چونكە داڵو پەپو و سیخوڕ

لەم کۆڕ و جەرگی جیهانە
لەم کانی فەڕو سامانە
بەسەربەستی هەڵئەپەڕن
ئەخۆن، ئەکەن، ئەبەن، ئەبڕن
مەل و پەڕندەش بەسەزمان
پتر لەبێبەشی و زیان:
راوو شکار و دەربەدەر
قەستی گیان و خوێن، لەشو سەر
دەرهێنانی مۆخ و ریشە..
بەشیانبێ و موچەی هەمیشە؟؟
کەواتە با هەر بێدەنگبم
قوڕو قەپ و کش و مەنگ بم
تەنها ئەوەی بشێت بیڵێم
وتومە و ئەڵێم هەر ئەڵێم:
کەوی نیشتوی ناو هێلانە
دەنووك سووری خنجیلانە
خاوەنی خۆشترین ئاواز
شامەلی زۆر شۆخی بەناز
لەجێ و رێگەی تەنگ و باریك
لەناو لانەی پەست و تاریك
چاو هەڵبڕە و سەر بێنە دەر
ببینە تارای دەشت و دەر



بڕوانە دوور، لەودیو سنوور
ببینە کۆی گوڵاڵەی سوور
لەگەڵ هێرۆی سپی نازدار
جووتە مژدەی گوڕی بەهار
چۆن هەڵچون و لێکئاڵاون!
بۆ هەڵپەڕین تێکچڕاون
زەماوەندیان وەها قاڵە:
ژێرپێنراو دڕك و داڵە!!
دەتۆش هەڵسە و بەقونە قون
بەڕەوتی جوان ورد و هێمن
لەناو باخ و دەشت و چیا
چاو بگێڕە ژیر و وریا
چەن هاتە ڕێت باڵندەی جوان
شوێنخۆتی خە تاکو هەموان
گرد ئەبنەوە لەدەوری یەك
ئەوسا تێکڕا بەڕەش بەڵەك
زرمەی پێ بێ و چریکەی دەنگ
دەنگی بیرێك: قووڵ و زۆر مەنگ
لێی بێتە دەر ئاوازی خۆش
ئاوازێ گشت بێنێتە جۆش
زەماوەندێ وەها سازکەن
داڵەکەرخۆر پەڕەوازکەن

تاکو ئەو ساکە کوردستان
بۆخۆمانبێ و هەر بۆ خۆمان
بەهار، نەورۆز، جەژن، شادی
بەبزەی لێو بە ئازادی
بەسەربەرین لەگەڵ ژیان
کەواتە دەی.. هەی.. تێکۆشان

ئەبوغرێب: 1957



# گوڵاڵە

گوڵاڵە سوورەی هەڵچوو لەناو وەرد
یاقووتی گەشی چیاو دەشتو هەرد
نوخشە و نیشانی بەهاری شادی
مژدە و هەوێنی ژینی ئازادی..
ئاوەڵی هێرۆی: سپی، گەش، نازدار
خۆشەویستی (دێ) زۆر پەسندی شار
گوڵە جوانەکەی گەرمیان و کوێستان
لەهەرلا، هەرجێ، ئامادەی ڕوان
خاوەنی لەنجە و شنەی بەر شەماڵ
باڵا بڵندو دیمەن: تەڕو ئاڵ
نیگاری جوانیت سەرسامی کردووم
بۆ گەلێ بیرو هەواڵی بردووم
ئەڵێم چۆن ئاوا تۆی نەرمونیان
لەم زەویە وشکە بێ ئەرك و کێڵان
وا بە رووسووری هاتویتە بەرهەم؟
بەبێ ئاژاوە و بەبێ، قاڵەی دەم؟
ئەمانە و ڕێکی ئەو باڵاو لەشە
ئەو ڕەنگە سوورە بێگەرد و گەشە
لێم بوونە رستەی پرسیار و وەڵام

تاوا گەیشتم بەدوایی و ئەنجام..
بۆمدەرکەوت کەتۆ، تۆی بەرز و بەناو
لەخوێن دروست بووی نەك لەگڵ و ئاو
لەڕێتا گەلێ درك ڕواون..
بەڵام هێرشت کۆڵی پێداون
دوای بڕینی ڕێ بویتە ئەم گوڵە
سا پیرۆزت بێ ئەو پۆپەی چڵە
هەمیشە گوڵی یەخە و گوڵدان بیت
دۆستی لەپێشی پۆلی مەلان بیت
کوردستان، جیهان، بیر: لەهەرلایێ
بەتۆی شۆخوشەنگ پڕ و ئاوابێ

ئەبوغرێب: 1957



## بۆ جوانێکی دیل

هۆ جوانی لادێ شاشۆخی قەشەنگ
دارڕژاوی ڕێك شەنگی گەلێ مەنگ
کیژۆڵە کوردی نەوەی کوردستان
خاوەنی بازوو مەردی پاڵەوان
زێڕی پەرچەمی: کەژ و دەشت و هەرد
جوانتر لە پەڵەی گوڵاڵەی ناو وەرد
هۆ داس بەدەستی ئامادە بۆ کار
کچی سەپانی چەوساوەی هەژار
گوێم لێراگرە لەناڵەی هەستم
هەستی زامار و زوێر و پەستم!
سەرنجێ، هۆشێ، ساویلکەی نەزان
کولۆڵی بێبەش لەتامی ژیان
ئەڵێم کەی رەوای ماف و ویژدانە
یا کەی ئائەمە یاسای ژیانە!!
تۆیەك بەدیمەن: بێ وێنە، شیرین
ناسك و نەرمین، هێمن، نازەنین.
دووربی لەزانست، لەشارستانی
لەهونەر، خوێندن، لەکامەرانی؟
هەمو خۆشییەك چووبێتە لاوە!!
لەبەر ئەو قرچەی سووری هەتاوە
ڕۆژگار هەمووی هەر کاربێ و فرمان

هەرچەوسانەوە، زیان، ئازاردان
گۆنای خرپن و تەڕ و ئاڵ وەك گوڵ
بەبێ بەزەیی یاخو کسپەی دڵ
لەبەر باو گڕەی دەشتی شارەزوور
ببێتە کۆڵووی سووتاوی تەنوور؟
چاوی بەورشەی گەشی مەیلەو شین
دابێ و سووربێ بەگەرمای هاوین؟
یا قژی زەردی پەخشانی چین چین
بژاکێ بەبای تۆزاویی بەتین..!!؟
بەرهەمیش بۆکێ؟ بۆ بەگ و خانم!!
(داد)یش بێو بڵێت: لەناو ناوانم!

★★★

هۆ جوان، هۆ دیلی داوی زۆرداری
وڕ و تاساوی پەلی هەژاری
ریشەکێشراوی بەخۆ نەزانیو..
بەرهەمی بەری تەقەلا نەدیو
سەرنجم داوە لە گوزەرانت
لەپاشەڕۆژی پڕ لە گریانت
تروسکەی شادی تیا کوژاوەیە
کۆمەڵێ ئێش و داخو ناڵەیە..!
بۆیە وا هەستی مرۆڤایەتیم..
بیری زاماری کۆمەڵایەتیم..



هاتوونە جووڵە و دەربڕینی دەنگ
لەگۆشەیەکدا، هەتا بڵێی تەنگ
لەلایەك بۆتۆ، لەلایەکیکەش:
ناڵەی نیشتمان بۆتە زامی لەش!
ئەم خاکەی کەوا پارچەیەك زێڕە
لەهەرسێ لاوە تیا ئەکەن گێڕە
سێ گوێرەکەی گەڕ بەپشتی دوو دێو
سنگە و بازیانە لەم کێو بۆ ئەو کێو
بێ سڵ یا شەرم: یەن، ئەبەن، ئەڕۆن
لەجیاتی پەلاش پەڕەی گوڵ ئەخۆن
منیش ئەمانە و هۆش و ویژدانم
تاویان هێناوە بۆ سەر زمانم
چار نیە و ئەبێ رەوان پڕ بەدەم
بەنەڕەی پڵنگ شار و دێ پڕکەم
بۆ راپەڕینێ، هەوڵێ، کۆششێ
لەخەو هەڵسانێ، دەنگێ، شۆڕشێ
بۆ ئازاد بوون و مافی کوردستان
تاکو ئەوساکە تۆی نەم و نیان
ژیانت ژین بێ و دووربی لەزیان
کەواتە: ها، دەی گورج و بێ وەستان
دووم کەوە بۆ کۆڕ، کۆڕی تێکۆشان

ئەبوغرێب: 1957

# هەژار لەجەژنا

جەژنانەی ئەمڕۆ شەق و لێدانە
شین و شەپۆڕ و خەم و گریانە
منالّ لەکام کاك داوای پارەکات
کاك پێ بەسراوی کۆتو زیندانە
یا لەکام باوك داوای پەلاّس کات
باوکی بێ فرمان. بێ ئاوو نانە
ئەی لەکام دایك داوای والاّ کات
دایکی بەسەزمان چاو بەگریانە
چۆن بێو لەخوشکی داوای یاری کات
خوشکی دیل پەستی دوور لەژیانە
یاچۆن لەمام، خالّ، داوای دیاری کات
ئەم لاتە، ئەویان وێڵی شارانە

★★★

بەلاّم مژدە بێ لەو منالاّنە
جەژنی ئازادی وا لەڕێمانە
پرشنگی رۆژی ئازادی خواهان
نزیکە دیارە لەو دەم کەلانە
هێندەی نەماوە بگەینە ئاوات
بگەینە جەژنی پڕ لە جەژنانە

سلێمانی: 1954

یەکەم هۆنراوەی بلاّوکراوەیەتی لە (ژین) دا.



# من خاوەنی پۆلێ یارم

وەرە مەیگێڕ، ئەی پەریزاد، وەرە ئەی بووکی ئەم هۆڵە
وەرە جامی دڵێ پڕکە ئەی کچۆڵە
کە ئێستا کەلاوەی چۆڵە
وەرە ئەمشەو منی تەنیا چراخانم لەلا تارە
بێ شیرینێ، زینێ، شەمێ
ئاوازی ئەم هۆڵە شەنگە نایەتە گوێم بەڕەوانی
بەبێ مەزەی ماچی دەمێ
وەرە گوێبگرە لەڕازم
من دڵخوازم
من مرۆڤێکی هەستیارم
من خاوەنی پۆلێ یارم
کەچی هەندێ بیری وەستاو
هەندێ خامەی نیوە شکاو
چەن کەسێکی کۆنەپەرست
شتی جوان و تازە نەویست
بەناڕەوا
تفەنگ لەتاریکی شەوا
ئەنێن بەم هەستە پاکەوە
گوایە بەناوی چاکەوە!
ئەڵێن ئەم هەستیارە ئێستا
بۆ ئافرەت و جوانی ئەڵێ، بۆنەتەوە ناڵێ، وەستا!

جا ئەی شیرین
ئەی نازەنین
من خۆم ئەبینم بەختیارم
کە خاوەنی پۆلێ یارم
من دڵخوازی کوردستانم
نیشتمانم
لاشیرینە
گەلاوێژی سەرزەمینە
من هۆنراوەم ئەهۆنمەوە
بۆ نەتەوە
من بۆ رەوشت
من بۆ سروشت
بۆ ئافرەتی پوپەی جوانی
بەئاسانی
پێنووسەکەم لەکاردایە
هەرچەنێکم لەباردایە
ئەیکەم بەخەڵات و دیاری
بۆ نەوەی نوێی کوردەواری
ئەگەرچی رێگر و نەیار
لێم کەوتوونە تەقەو پلار
لێم ناگەڕێن کە نامەکەم
بەئارامی تەواو بکەم
من هۆنراوەم گۆرانییە



بۆ ئافرەت و بۆ جوانییە
جا تۆ ئەی بووکی ئەم هۆڵە
ئەی کچۆڵە
تۆ ڕێبواری ئەم بوارەی
تۆ شارەزای ئەم نزارەی
سەلارانە
تۆ وەڵامی ئەو جۆرانە
لەبەرەوە
بدەرەوە
بڵێ ئایا ئەم جیهانە
ئەم ژیانە
بێ ئافرەتی هاوبەشی پیاو
نابێ بەهێلانەی رووخاو!؟
ئایا هەرچی پیشە هەیە
هەرچی رەگ و ریشە هەیە
چی زانستی ئەندازەیە
هەرچی بیردۆزەی تازەیە
تەرخان نییە بەبێ پشوو
بۆ بەرهەمی ڕازاوەتر لەهی پێشوو؟
ئەی لەم بازاڕ و باوەدا
لەم دەورو بەرو ناوەدا
جوانی هەیە باڵابێ، بەرز
وەکوو جوانیی فریشتەی ئەرز؟

هۆنراوە بۆ نیوەی کۆمەڵ، بۆ بەرەی جوان
بۆ ڕەگەزی نەرم و نیان
نەهەر تەنیا ئاساییە
بگرە ئاهەنگە، شاییە
زێڕ و گوڵی سەر پەرچەمە
ئارایشتی گۆنا و دەمە
بۆ بووکی رازاوەی زمان
بۆ بابەتی وێژەی ڕەوان
هۆنراوە ژانی هەستیارە
ژانی خۆشەویستی و یارە
چ هەستیارێ
بەبێ یارێ
ئەگاتە سەر
چڵی هونەر؟
نالی و بۆ حەبیبەی نزا!
ئاراگۆنی شێتی ئیلزا
هەردی و چاوی ست فاتمە
وەلی کە دێوانەی شەمە
وێژەیان وا رازاندەوە، لەئەوساوە تا هەتایە
ئەستێرەی بەختی برەویان لەئاسمانی مێژوودایە
ئەی من بۆچی بۆ نازەنین
هەزاران هەڵبەستی بەتین
بەئاشکرا هەڵنەبەستم



رەهانەبێ بیرو هەستم!؟
★★★
من بۆ سروشت
هەرچی جوانە، گیانە یاشت
رێبواری رێم
بەستە ئەڵێم
ئەگەرچی ئەو
دزو جەردە و
رێگرانەی دەمیان ناوەتە سامانم
نایانەوێ بەکلچێوکی گوڵستان و کلی خاکی نیشتمانم
چاو بڕێژم
خەمی خۆمی ناوبەناوێ پێبنێژم
ئەو گورگانە ئەیانەوێ وەك چۆن هەرچیم هەیە ئەیبەن
ئا بەو جۆرە لەبینینی تابلۆکانی نیشتمانم بێ بەشمکەن!
ئەیانەوێ من خاوەنی دەروونێکی دەردەداربم
دەستەئەژنۆ دابنیشم، نائومێد و لێو بەباربم!!
★★★
من هەڵبەستم بەبڕشتە
بۆ رەوشتە
هەرچەن ئەوەی من لام چاکە
رەوشتی خاوێن و پاکە
ئەشێ خاوەن بیری وەستاو
نەیکا ڕەچاو

من لامواية ئەوەی ئەچێ دەستەونەزەر
رائەوەستێ بۆ دوژمن و بۆ داگیرکەر
ئەوەی بادەی باوەکوشتەی خۆی ئەنوشێ
ئەوەی خاکی نیشتمانی ئەفرۆشێ
ئەوەی درۆ لەگەڵ خۆی و گەلی ئەکا
ئەوەی برای بۆ بێگانە فریوئەدا
ئەوەی پارە ئەیبزوێنێ بۆ دەسبەردان
لەنەتەوەی، لەباوەڕی، لەتێکۆشان
ئەوەی دەستی نامەردانە ئەوەشێنێ
دڵی خەڵکی بەناڕەوا ئەڕەنجێنێ
ئەوەی تیکەی ناپاکێتی ئەگلێنێ
ئەوەی دووکەس بۆ سوودی خۆی بەشەڕ دێنێ
یا ئەوانەی پیاو ئەکوژن، دزی ئەکەن
لای ستەمکار لەتێکۆشەر خەبەر ئەدەن
کەسی وەها بێ ڕەوشتە، ئابڕو تکاو
پلەو پارە و بڕوانامە نایکا بەپیاو
ئەو کەسانە
بێ شەرمانە
باسی شەرم و شکۆ ئەکەن
ڕۆژی چەن جار پەنا بۆ ڕای درۆ ئەبەن
***
لەبەردەمی ئافرەتانا
دانێ نانێن بەتاوانا



خۆیان کردۆتە نموونەی رێز و نامووس
بەچاوو ڕاو، خۆ پف هەڵدان، زمانی لووس
یا بەرگریی بێبنچینە لەئافرەتی ژێر دەستەیان
گوایە بۆ ڕێز و داپۆشین: بەرگی درێژی ئاودامان
وائەزانن چاوی خەڵکی نابینایە
کەس نازانێ ژێر کاسەیان چیی تێدایە
نەخێر نەخێر ئێمە ئەزانین لەکوێدان، لەکامبەرن
مشکە کوێرەی ترسنۆکی کام سەنگەرن!!
***
من هەڵبەستم بۆ نەتەوە
جیهانێکی پڕ کردەوە
ئەی ئەو کەسەی سەری هەژدە ئەپەڕێنێ بەتەوری دەم
تۆ چووزانی من چی ئەکەم بۆ نەتەوەم!؟
تۆ ئەزانی ملوانکەیەك دەنکەکانی لەپشکۆ بێ
ئەبێ زێڕی گەردنێبێ لەئاگر بێ سڵ و کۆ بێ!؟
هەڵبەستی من باوەڕێکە فراوان و بەرزو چڕە
ترسناکە، بۆ تۆ نابێ، وشەکانی پرژی گڕە
من هەمیشە
وەکوو لێمبووبێتە پیشە
لەناو گوشتا، لەناو خوێنا
لەناو کاتا، لەناو شوێنا
نەتەوەکەم
رەچاوەکەم

من کەسێکم بۆ نەتەوە، نەك هۆنراوە یا گورانی
خۆشم ئەکەم بەقوربانی
★★★
تۆ ئەزانی ئەی کچۆڵە
ئەی چاوی گەشی ئەم هۆڵە
ئەو مرۆڤە بێ بارانە
ئەو ئامێرە گیاندارانە
ئەو کەسانەی لەدەروونا دەردەدارن
یا ئەوانەی داری دەستی ستەمکارن
ئەوەی شەرمی لەپاشەڵی پیسی خۆی و باوانێتی
مرۆڤی بێ گەرد و خاوێن تانەی سپیی چاوانێتی
یا ئەو کەسەی کە دەماری سست و خاوە
دەستی حیزی و سەلامەتیی بەکڵاوی خۆوە ناوە
ئەوانە بەرەی ئێمە نین
دژی بیری نەتەوەیین!!؟؟
هەر ئەمەیشە هۆی پەلامار
نەك هۆنراوە بۆ چاوی یار!!
★★★
لەو شتانەش سەمەرەتر
جێگەی پێکەنینی پتر
ئەو بیرە کەرت و پەرتانە
ئەو دژ مافی ئافرەتانە
خۆیان کردۆتە دەمڕاست و داواکاری مافی ئافرەت



بێ وەکالەت!؟
★★★
ئەی بیرە کۆن و نامۆکان
ئێوە لاتان
ئەگەر ئافرەت مافی هەیە
بۆ ڕێنادەن بەو بەهرەیە
بیروڕایان بەرامبەر ڕاو بۆچوونی من بێ دەربەستی
پیشان بدەن بەبێ ترس، بەسەربەستی
یا بەرامبەر ئەم گێژاوە
ئەم دەس تێوەردانی پیاوە
شتێ بڵێن
تابزانین ئێوە چین و ئەوانیش کێن!
ئێوە پێم نالێن لەکوێدان
کێ ڕێگەی دان
بەکام یاسا، بەکام رەوا
خۆتان کردۆتە پێشەوا!؟
من بیستوومە لەزوربەیان ئێوە بەرازی تووك تاڵن
ئێوە شەوە، یا مۆتەکە، ئێوە وەچەی دایکی هاڵن!
★★★
کەسێ وەك من نەیچەشتبێ ژارو ئازاری تەنیایی
ئەشێ نەزانێ بۆ شۆخێ چەنێکە پارسەنگ و بایی!
★★★
ئەی خاوەنی هۆڵی ئارا، ئەی بادەوان

ئەی پاکژی هێشتا کچۆڵەی بەویژدان
منێ بێ ناو، منێ بێ بەش
منێ نیشتمانم دابەش
منێ کە بێ سەرو شوێنم
ئەبێ چاویش بنووقێنم!؟
بۆن و تام و هەست و بیستن
جوانی ویستن
واز لێبێنم، یادانیشم دەرکەنارێ
پێم خۆشنابێ داگیرکەرێ، یا زۆرداری؟
ئەوەی ئەم بیرە کۆنانە ئەیانەوێ
لەگەڵ خواستی داگیرکەرا یەك ناکەوێ؟
بەرەنجامی نەخشەی ئەوان
خواستی ئەمان
وەکو سایەقە روون نیە!؟
ئایا بۆ ئەم نەتەوەیە
هەردوو ئەنجام دەرد و گرێی دەروون نیە؟؟
***
کەواتە بووکی ئەم هۆڵە
ئەی کچۆڵە
***
وەرە ئەمشەو بەکوێرایی چاوی دوژمن
با چاوی تۆ، باچاوی من
نەچێژن خەو



وەرە ئەمشەو
تا بەیانی بادەنۆشی
وەرە ئەمشەو شەوی خۆشی
بەرینە سەر، بەیادی ئەو نازەنینە خۆشەویستەی
سەردەمێ ئەم ژینە پەستەی
ئەکردە مەڵبەندی ئاهەنگ
شانۆی ساز و ئاواز و دەنگ
وەرە پیاڵەی مەیم پڕکە
بیری هەڵچووم کەمێ کڕکە
فەرامۆشم نەکەی ئەمشەو
بەڵکو (بادە) دیمەنی ئەو
وەك خەیاڵێ لەناو هۆڵا
لەجوانێکی نەرم و نۆڵا
بێنێتە بەرچاوی مەستم
لادا تەم و مژی هەستم
روویتێکەم و بڵێم ئۆخەی ئەی شۆخ و شەنگ
ئێستاکە گوێم کراوەیە، ئێستا ئاهەنگ
ئەدا لەژێ و تەلی هۆشم
ئەگەرچی هێشتا لەناخا بەپەرۆشم
چونکە جارێ
من هەر یارێ
لەگەڵمایە
گرێی دڵخوازەکانیتر لەدڵمایە

نیشتمانی وێرانە خاك
سروشتی پاك، رەوشتی چاك
ئاڵای شەکاوەی کوردستان
نەهێشتنی کێشەی کارو برسێتی و نان
★★★
سەربەخۆیی و ژینی شادی
تامی شیرینی ئازادی
کە بەهەموویان گەیشتم
ئەوسا ئەڵێم بەبڕشتم
ئەوسا شایی تەواو ئەکەم
لەگەڵ ئەمسەر تا ئەوسەری نەتەوەکەم

سلێمانی: 1984

رۆژی 1986/3/21 لەکۆڕێکی وێژەیی گەورەدا لەهۆڵی جەماوەر لەسلێمانی خوێندوویەتەوە.



# دوا تیر

لەدوای گەشتی تەمەن هات و
دەسێکی نایە ناو دەستم
چ دەستێبوو!
وەهامزانی هەموو دنیا
لەناو دەستێکی مندایە و
بەهەژموونی
شەرابی ئەو دەسەی مەستم
★★★
هەواڵێکی جەرگبڕبوو
وتی هاتوومە دەرباری
دڵی چەنجارە رەنجاوت
تەمەن دواکاتی ژینێتی
بەچۆکادێم و بمبەخشە
پەشیمانێکی پەیوەستم
★★★

ئیتر دواتیری لێدام و

هەموو دنیای

بەسەر مندا رمان

و چوو!

ئەوا ئێستا

لەداوی نائومێدیدا

ئەناڵێنم

مەلێکی دیل و دەردەستم!

سلێمانی: 2009



# دوڕ و یاقوت
## بەپێنجکردنی هۆنراوەکەی کوردی

لەناکاوا دڵی پێکام وەکو کاری ستەمکارێ
بەژانی تیری پەیکانی خرۆشا سەرجەمی شارێ
دەسا یارانی هاودەردم وەکو من تووشی ئازارێ
ئەمان مردم عیلاجێ سا لەڕێی پیغەمبەرا چارێ
ویساڵ یا قەتڵ یا تەسکین لەهەرسێ بۆمبکەن کارێ

★★★

لەڕێگەیدا روا چاوم بەپێی گفت و لەسەر وادەی
گومانی نائومێدی پێم ئەڵێ بێهوودە ئامادەی
بەڵێنی ئاگر و ئاوە کە ئەو سوارێك و تۆ پیادەی
ئەوەند سووتاوم ئەسڵا تابی فریادم نەما سادەی
رەفیقان نیوەسووتن ئێوە نامەرد عەرزە هاوارێ

★★★

سەرێکم بوو پڕی ئاهەنگی گەشبینی و کەشی روونی
کەلاوەی چۆڵ و تاریك و خەراباتە بەبێ بوونی
کەساس و دەستەوستان و زەبوونێکم لەدوای چوونی
لەکونجی سینە دەنگی ئای و ئۆی دڵ دێ بەمەحزوونی
وێرانبێ نەمدی ساتێ لێینەیەت نالەی برینداری

★★★

کەسێ وەك من نەپێکرابێ ئەڵێ ئەم مەردە بۆچی مرد
لەبەرچی وا بەئاسانی گوڵێ هات و دڵێکی برد
شەهیدێکی شکۆدارم مەڵێن رۆیی بەئەستۆی ورد
ئەلای هەرکەس ئەچم مەنعم ئەکا خۆت بۆچی رسواکرد
درێخ بۆ حاڵ زانێ رەبی تووشم بێنی بیمارێ
***
کەپەروانە بەبێ پەروا لەئاگر بێسڵ و باکە
ئەڵێ مردن کە چارەمبێ لەپێناوا بچم چاکە
لەدووی شۆخێکە ئەم مەردەش فیداکارێکی بێباکە
لەژێر باری خەما وا شانی سەبرم رێشە ئێستاکە
فیراقی یار لەبەر ئاخر شەڕی لێمبۆتە سەرباری
***
کەنێچیرێ بەخواستی خۆی لەڕێدا هاتە هێڵی رێت
پەریزادێ فریشتانە سەری هاوردە ماڵ و جێت
نەنۆشی شەربەتی زاری مرۆڤێکی لەریزی شێت
سەبا یارانی مەجلیس گەر هەواڵی من ئەپرسن لێت
بڵێ کێشایە مەیخانە دووچاوی بێچوە عەیارێ
***
بەرێکەوتیش بەرامبەر من نەبوو سۆز و وەفاو خاتر
هەتا خۆمبایە بەر نووری ئەبوومە کۆی گڕی زیاتر
لەئەنجامی سکاڵادا وتی ئۆخەی دەسا چاتر
لەنەزعا پێیئەڵێم قوربان جەفا بەسبێ ئەڵێ کافر



ئەمە چیتدیگە تۆ سەگمەرگە کارم ماگەپێت جارێ
***
وشەی سوارم لەزێڕی خاو کراسێکی لەبەرکردی
شەدەی زیوو کڵاوو تاجی ئەڵماسی لەسەرکردی
چ بەدکارێ بەئاسانی لەخشتە و ڕێڕەوی بردی
دوڕو یاقوت ئەباری لەم کەلامە شیرینەی کوردی
خوا ساکوا لەدنیادا قەدرزانێ خڕیداری

سلێمانی: 2009 بەکێشی عرووز
پێشتر لەساڵی 1987 بەکێشی پەنجە ئەنجامدرابوو

## ئەوین

لەبازاڕی پەرستندا
ئەوین تاکو نەڕەخسێنێ سەری بەخشین
نەعیسایەك بەسەر خاچا
ئەچێ بۆ ڕێز و پاساوی
پەیامی دین
نەسوکراتێ ئەنۆشێ ژار
هەتا ئاکار
لەناوا بێتە تای خەملێن
نەفەرهادێ
سەری وەك شاخی بێستون دائەپاچێ بۆ:
خەمی شیرین
نە هەللاجێ ڕەوا ئەیبا
نە داستانی هەزار لەیلا
نەمەم بۆ زین
نە من بۆ تۆی گوڵی هیوام
ئەنێمە سەردەسی مردن:
پەپوولەی ژین

سلێمانی: 1995



## خۆری خۆشەویست

کە لانەی داڕوخاوی دڵ
هەتا ئێستا
گوڕو تین و وزەی مابێ
کە گۆمی نابەکامی دەم
شەپۆلێکی گەش و روونی بزەی لابێ
کە باخی هەڵوەریوی سەر
خەتو خاڵی نیگارێکی رەشی تیابێ
کە جارجارێ
تەپوتۆزی تەوژمی خەم
لەگەڵ بوونی منا جیابێ
کە دەروازەی کز و کۆنی شکستی چاو
تروسکەی تازە تێ زابێ
ژیاوی بەرهەتاوی تۆن
بەراتی ڕۆژ فراوانە و ئەبێ وابێ

سلێمانی: 1995

# ئەگەر

ئەگەر لاویم بەسەرخۆشی
لەمەیخانەی نیگاتا روو لەئاسۆبێ
ئەگەر پیریم بە دەروێشی
لەبەرخانەی رەواتانا نزاگۆبێ
ئەگەر جەستەم لەڕێگاتا
بسووتێت و بەزوو خاڵ یا بەپشکۆبێ
ئەگەر مردن بە ناکامی
لە پێناوی مەبەستێکا و لەبەر هۆبێ
ئەگەر شیوەن لەسەر گۆڕ و لەپرسەمدا
بەئاوازی گەرووی تۆبێ
دەبا قوربان دەمێ زووتر
بەدەستی خۆت پەتی کۆتام
لەئەستۆبێ

سلێمانی: 1995



# بەڵێن

بەڵێنی مەردی مەیدانی
ئەوینستانە خۆبەخشم بەوێنەی هەنگ
لەپێناوی مژینێکی گوڵی رووتا
لەباڵم دەن
ئەبێ بێ دەنگ:
نەکێشم ئاخی ئازاری برینداری
نەبەردێ بم وەکو پێشەنگ
هەزارانێ لەدەورم بن
لەدەورت بم
قەڵائاساو پەرێزی جەنگ
ئەوینێ گەر لەناخابێ
چ باکێتی لە تیاچوون و پلار و پەنگ
بەهۆی تۆوە ئەژیم و گەر نەمێنم بۆت
شەهیدێکم بلند و شەنگ

سلێمانی: 1995

# سزا

بەدەستوور و هەموو یاسای
سروشتا چوومەوە نەمدی
هەڵەی کارێ
بەتەنیا ئێستە راماوم
لەیاسایەك
کە نادا جەمسەری بارێ!
ئەویش یاسای دروست بوونی
منی رەخساوە بۆ رێت و کەچی جارێ
بەسەر هێڵی سروشتیتا گوزەرناکەی
وەکو ڕێبازی رێدارێ
ئەترسم ئەم لەڕێ لادانە نیشانەی
بەلایەك بێ کە شاکارێ
سزای تاوانی شێلانی ئەوینێکی
لەئەستۆبێ!؟
دەسا چارێ!!

سلێمانی: 1995



# ترس

چ ئەنجامێکە سەرباری
ئەوینی بێ بەرو سایەت
خەمێکی تر!
لەژێی هەستم
ئەدا وەك زەنگی ئاشووب و بەسەرهاتی
شەمێکی تر
کە بێ نازی وەلی بێت و لەبەرئاهێ
بنالێنێ دەمێکی تر
لەترسێکام
سزای لادانی ڤینۆسێ
لەگەردوونا
کەمێکی تر
بەکۆستێ بێتە کۆتایی
هەتا مابم بەسەرمادا
تەمێکی تر
بەبێ هیوا
لەدێمێکا
مەگەر پڕکا نمەی چاوم
چەمێکی تر!

سلێمانی: 1995

# نەوبەهاری پایز

پایزی ژینم نەوبەهارێتی
لانەڕازاوەی مژدەبارینی تازە یارێتی
دیارە من هێشتا هەر منم یاران
ئەم کەش و بارەش هەر بەئاگام و خۆشە وەك جاران
گەرچی پایزیش دەستی تاوانی گیرە تاناخی بین و چاوانم
لەم بەهارەمدا خۆم ئەبینم وا، شۆڕە سوارێکی تاکی ناوانم
تافی نەورۆزی تیا ئەبینم تا، وەیشومەی پایز
کاتی کازێوەی خۆری ئەیلولی تافی ئێوارەی نێو نیگای ئازیز
بابەبای ڕەزبەر پایزی تاوان گوڵ بڕەنجێنێ
تازە دڵدارم لەم بوارەشدا بۆ ورەی بەرزم دڵ ئەنرخێنێ
ئەی گوڵی پاکی نەوبەهاری ژین، بێ بە پایزان
بگرە بێ پەروا تادەمی کۆتای دوا کەناری ژین دڵ لە ئامێزان

سلێمانی: 1996



# دۆزەخی ئەوین

بێ سزا، سۆزێ لەکێ من چاوەڕێکەم بۆ دڵم
بێ برینێ، نەونەمامی بێ بەرێك و بێ گوڵم
هەرچەنێ تۆ بمتەرێنی نابەچارم دێمەوە
بۆ ئەوەی دووبارە دەستێکی خەفەتبی پێمەوە
بێ پەژارەی دۆزەخێکی تێ شکانێ، یا دەسێ
بایەخی نابێ بەهەشتی ڕووکەشێکی ناکەسێ
تاپەتی گەردن لەدەستا ڕابکێشی بێ پشوو
دێتە کۆتا ئەو بوارەی وا لەبەینا زووبەزوو
ئەم ئەوینە تانەسووتێ، تانەبێتە خۆڵەمێش
جۆشی نایەت، خاوەکاری، خۆبەخۆ ناچێتە پێش
من ئەبێ پەندێ لەدۆزی دابڕانێ وەرگرم
واپەپوولە خۆی ئەسووتێنێ بەئاهی پڕگڕم
بۆ گەیشتن چوونە ئاخۆ یانەچوون و دابڕان؟
چوونە گەر یاخو نەچوونە، چوونە کاری ئاشقان

بۆ بەرەو کوورەی ئەوینی ئاگرینی ڕابەرم

بۆ نەچم؟ با تیابچم خۆمن مردیدی باوەڕم

بابسووتێم، بۆ نەسووتێم؟ چاوەڕێ کەم تاکوکەی؟!

من نەسووتێم کێ ببێتە مەشخەڵێکی ڕێگەکەی؟

★★★

دەی بەڕێزم مەرگەساتی ناوبلێسەی ئاگرێ

تا بەدوایا ئاوڕێك و چاوی سۆزو خاترێ

دەست و بردێ کوشتن و لێبوردنێکم تا زووە

کەی بەبێ دۆزەخ بەهەشتێ پێڕەوێکی خوابووە؟!

سلێمانی: 1994



# شاکارێکی سروشت و رازێکی دێرینانە

کاری شاکاری سروشتە هێڵ و خاڵی شێوەکەی

کاتی زەردەی خۆرە نەخش و نەو شکۆفەی لێوەکەی

پەلکەزێڕینەی بەهارە تاڵی خاوی پەرچەمی

نازەبارێنێ گوڵاوی رستەکانی پڕ دەمی

★★★

گەرچی من هەرچی ئەخوازم ڕێگەگیریم لێئەکا

بەردەوامبێ ئەو بەراتەی، تا لەدەستم رانەکا

★★★

من ئەڵێم تای چاوەڕوانی هاتە کۆتا چاوەکەم

ئەو ئەڵێ هێشتا لەکوێتە لەرزی ماوە داوەکەم

من ئەڵێم هاوینە ئەم خەمساردییە ناوەختەیە

ئەو ئەڵێ زستانە لای من بەستەڵۆك و شەختەیە

من ئەڵێم وا پایزە و کاتی گوشینی سێوی مەم

ئەو ئەڵێ هێشتا چرۆیە نەوبەهاری سینەکەم

من ئەڵێم شەو کردەپۆشی خانمانی خواردەیە

ئەو ئەڵێ شەو ڕۆژە مانگی من هەمیشە چواردەیە

من ئەڵێم ئازادییە ئێستاکە سەردەم وانیە

ئەو ئەڵێ چاوی رەسەن هەر ئاوی روونی کانیە

من ئەڵێم کات نەیبڕی ئەو لاتەداتە دەرکەنار

ئەو ئەڵێ کات بێ بەهایە بۆ عەیاری بیست و چوار
من ئەڵێم مەودای تەمەن کەمفرسەتە ئەو ترسەمە!
ئەو ئەڵێ بێ خەمبە گەر خەم بۆ نەمان و پرسەمە
من ئەڵێم وەك مردنە ژینی وەلی بێ بۆنی شەم
ئەو ئەڵێ نا، تا دڵێکی ئاوەدانبم واتە هەم
من ئەڵێم ئەم خاکە خۆڵی چەن مەمە و چەن خاتوزین!
ئەو ئەڵێ ئێمەی نموونەی خۆشەویستی نامرین
من ئەڵێم هەی بێ بەلابی تاکو کەی دێوانەبم!؟
ئەو ئەڵێ رێگەی گەیشتن دوورە جارێ وائەچم!
ئەم هەواڵی چوونە، سەرباری خەمم بوو، وائەچێ!!
هەر ئەچێ، نوێژی لەسەرمە، تاکو زۆری پێنەچێ
بەو ئومێدەی بێتەوە و پرکا لە تۆوی گوڵ دەمی
گوڵ لەوێنەی چاوەکان و لێوو خاڵ و گۆی مەمی

سلێمانی: 1990



# ڕازێکی کلاسیکیانە
## بۆ جوانێکی سەردەم

نازەنینم: وانەزانی راگوزارێکی سادەڕۆم
نا، بە ئەو چاوانە سوێندم، تایبەتی روو لەخۆری تۆم
وانەزانی پیادەڕۆیەك بێ ئەوێنێ ئەچێت و دێ
من وەکو دێوانە وێڵم بۆ گەیشتن بە پیری خۆم
شێتم و هاتوومە سەر ڕێ، بۆ پەرستن لە ڕێگەتم
چاوی سۆزێ، من کەنەفتی ڕۆژگار و مەبەست و هۆم
وانەزانی کەفتەکاری وشکە ساڵێکی بێ بەرم
شەونمێکت لێم بدا گەر، بەرهەمێکی بەتام و بۆم
با سەریشم بەفری کۆبێ، ناو دەروونێکی ئاگرم
بۆ گەیشتن، نەوجەوان و هەرزەکاری بە کاوو خۆم
من پەپوولەی دەوری رووتم، مەرجە ئاگر لەخۆبەردەم
تا لەڕێگەی هاتوچۆتا، هەردو باڵم بکەم بەمۆم

سلێمانی: 2007

# نازو پاساو
# لەسەردەمی مافی مرۆڤدا!

نازەنینم، وائەبینم
ناخی هەستی ئێمە کۆکە
ئەو هەمووو پاساوو نازە
رووکەش و بێ ناوەرۆکە
★★★
دەست و پەنجە:
چاوەڕوانی یەکگوشینە
لێوی پاراو:
ئارەزووی ماچ و مژینە
ناودەمی تەڕ:
والەپێشوازیی زمانا
کوڵم و گۆنا:
والەتاسەی گازی دانا
نەونیگای چاو:
وەك بروسکەی هەورەداگڕ
ئاهەنگێکە:
وردە چۆپیی دوو مەمی خڕ
★★★
چاوەکەم تاکەی بسووتێم!؟
کوڵئەدا قازانی پڕبوو!



کەفچرێن و ئاوپژانە!
ئەم هەمووو پاساوو نازە
ناسروشت و پێچەوانەی
کردگارو بوون و مانە!
★★★
خۆشەویستم:
سەردەمی مافی مرۆڤە
ئێستە وایە
کۆت و بەندی
ئەو هەمووو ئەندامە دیلە
نارەوایە!
★★★
نازەنینم:
تووبی شووشەی دەست و پەنجەت
کەرنەڤاڵی رەوت و لەنجەت
تووبی چێژو تامی لێوت
کوڵم و گۆنای سوورەسێوت
تووبی هەڵوێستەی مەمانت
شەکرەشیلەی سەرزمانت
واسبەی نەورۆزە، جەژنە
دۆست و دوژمن ئامێزانن
ئەو موتولفانە رەهاکە
زادی خۆتن، چاوەڕوانن!

سلێمانی: 2007

## هەنگوینی تاڵ!

لەگێژاوی تەموژدا بەجارێ کاس و راماوم
بەجۆرێ خوم لەلام شێواوە نابینم بەری چاوم
کەکاتێ دێم، ئەچیت و چیتە ئەو چوونە!؟
نەوەك نازە، نەدڵداری لەبارچوونە!
ئەڕۆم و رێگەنادەی پێم
ئەپرسم، بێ وەڵامی لێم
لەگەڵ زەردە و پێکەنینی هەمووجارێکی پڕسۆزت
ئەبارێنی بەسەرڕووما سەرنجی گرژو ئاڵۆزت!
ئیتر تاکەی
هەنگی تاسەی
دەمی ئێستەی خەزانیشم نەچێژێ تامی لێوی گوڵ
لەبەرچی هەر هەنگوینی تاڵ ئەڕێژیتە دەمارو دڵ!؟

سلێمانی: 2008



## هەلی لەدەسچوو!

هەلێ بوو زوو
لەدەستم چوو
لەخۆڕاکەوتە ژێر باڵم
وتی ئاسمانی ساماڵم
سوورە سێوێکی گەییوم
دەمی هیچ کامێ نەدییوم
بەری دارێکی بەهەشتم
لەخواوە پارسەنگ و بەشتم
★★★
گەلێ ترسام لەوەی (ئادەم!)
کلیلمدا لەلێوو دەم
بەجۆرێ واقی وڕماوم
تەمی خستە بەری چاوم
نەهۆشیاری هەبوونی بووم
نەگوێبیستێکی چوونی بووم
ئیتر لەوساوە ئەو سوارو
منیش پیادەم
دەسم ناگاتە دامێن و
رەهێڵی ئەو پەریزادەم

سلێمانی: 2008

# خۆسوتاندن!

هەتاکەی ئەشکی خوێنینم، ئەوینی خەم بڕازێنێ!؟
ئەبێ خەم تا چەنێکیتر کەژاوەی دڵ بنازێنێ!؟
لەدڵ پرسن: بەچی کەوتۆتە ناو داوی پەریزادێ!؟
پەریزادان: لەلای ئێوەش، وەکو ئێمە، نیە دادێ!؟
بەپێی کام داد و یاسایەك بەخوێناوی منی پێکراو
ئەنەخشێنێ دەم و گۆناو دەس و پەنجە و مەمی وەستاو!؟
وەرن کۆڕی هەواداران: ئەوا خوێناوی ئەم مەردە
لەکۆتایە: بەفریادێ بڵێن بەو شۆخە دڵ بەردە
پەپوولەی مەردی پێشەنگی بەهای جوانی، هەزاران جار
بەدەوریدا، پەڕی سووتا، دەبا بەسبێ پەریروخسار!
تەمەن کوورەی بڵێسەی ئاگری ئەو بوو، نەبوو تۆزێ
لەروخساری بباریێ نێونیگایەك یا بزە و سۆزێ!
چ ئەفسوونێکە ئەو شۆخە؟ نە بێ هیوام ئەکا جارێ
نە ئاواتی لەمێژینەم بەدی دێنێ وەکوو چارێ!
وەرن یاران، ئەوا من خۆم ئەسووتێنم لەرێگەیدا
مەگەر ئاگر نەهێڵێ باری خەمساردی لەپێگەیدا
بەهەرجۆرێ هەنگی ئاوات بکا چێژێ لەشیلەی گوڵ
لەدواچرکەی ژیانیشا، خەڵاتێکە بەلانەی دڵ

سلێمانی: 2007



# نیگا

لەو ساتەوە کە بروسکەی هەوری نیگایە لێیداوم
ئەتلێمەوە، نیوەسووتم، جەستەیەکی بەجێماوم
کەوتوومەتە گیروبەندی ئاڵۆزەڕێی تەلی داوی
یا مردنێکی لەجێدا، یا چاوەڕێی تیغی راوم
★★★
چ پەیکانی نێو نیگایە دای لەهەستم!؟
چ تەیمانی ناتەبایە دەوری بەستم!؟
نیە کارێ
رێگە چارێ
مەگەر تەنیا بزەی لێوێکی ئەو رێبوارە راوکارە
دەرمبێنێ لە تاڵاوی هەمموو ئەم ئێش و ئازارە
دەسا بابێ نیگای چاوی کەمێ کاڵێ
بزەی روخساری روونی شێوە منداڵێ
بەهەشتێکی سەرزەمینی تاهەتایە
ژیانی سەرلەنوێ ژینی بێ کۆتایە
★★★
ئەی تەوژمی نیگای چاوی ئەفسوناوی، ئەی ڕاگوزار
بێ هەوێنی بزەی لێوێ، ناڕەوایە سەرنجی هار!

سلێمانی: 2006

# مەیدە بەرووما تاکی دەروازە!

چاوەکەم نازە
مەیدە بەرووما تاکی دەروازە!
پەشمە، یا شەرمە، یا هەوای نازە؟
هەرچیبێ لەتۆ هەندە ناوازە
وا لەچاومدا بوو بەخاڵێکی پێوەری تازە
بۆ ئەوینێکی بێ لەئەندازە!

***

لێگەڕێ نازە
با لەسای تۆدا شەرمەزارێکەم هەرچی ئاوازە
رەزمی دەرگاتان خۆشترین سازە
گیانەکەم نازە
گوێیە رادێرە بۆ مرۆڤێکی شادو شانازە
دەرگە والآکە، جێگە ژوان و سێبەری رازە
گەرچی بۆ مەردێ تازەڕێبازە
نارەواکارە بێتە دەروازە
لێگەرێ باچی کۆسپ و هەورازە
بێتە کۆتایی بۆ دڵێ وابەو جۆرە شێوازە
بوو بەخۆڵامی ئەو نیگابازە
توو سەری نازە!!

سلێمانی: 2004



# ئەمشەو

ئەمشەو لەسەرمەرج و گرەو
یار میوانە
واپەیمانە
ئەمشەو لەبەر دەرفەتی ئەو
ڕێ ئاسانە
یار میوانە

***

ئەمشەو ئەستێرەی بەختی من
شای ئاسمانە
یار میوانە
ئەمشەو شاهەنشای تەختی ون
رابەرمانە
یار میوانە
ئەمشەو هەرچی شەنگی ئەرزە
هاوڕێمانە
یار میوانە
ئەمشەو تارم دەنگی بەرزە

دەف لێدانە

یار میوانە

★★★

ئەمشەو شاهەنگ ڕەوی ساڵە

ڕێپێوانە

یار میوانە

ئەمشەو سەرکەوتنی زاڵە

بەختی گیانە

یار میوانە

ئەمشەو لەسەرڕووی ئەم خاکە

گوڵ بارانە

یار میوانە

ئەمشەو کەئاسۆ رووناکە

دنیا جوانە

یار میوانە

★★★

ئەمشەو زەمین دێتە لەرزە

بەم سترانە

یار میوانە

ئەمشەو ئەوین تازەتەرزە



بێ ئامانە

یار میوانە

★★★

ئەمشەو کەچاو ناچێتە خەو

لەم مەیدانە

یارمیوانە

ئەمشەو کەخۆر هەڵدێ بەشەو

سەرسوڕمانە

یار میوانە

★★★

ئەمشەو ڕەهای سەری وەرزە

ئامێزانە

یار میوانە

ئەمشەو هەرای بەبێ مەرزە

تێك ئاڵانە

یار میوانە

سلێمانی: 2000

# سکالایەك

چ شۆخێکە!
لەبەرچاوم بزر نابێ
بەهیچ بارێ
چ پرسیارێکی ئالۆزە!
چ شیرینیێ!
چ ئازارێ!
لەناو جۆگەی دەمارمدا
ئەچێ رۆژی هەزار جارێ
کەچی جارێ
دەمی تینووم بلێ ماچێ
ئەڵێ: جارێ!!
وەها سانا بەبەرنایە
رەزی نوێکاری دڵداری
دەسا چارێ
دەمی مەرگە و ئەویندارێ
برینداری
نەماچێکی بەجێهێشتن
نەهی کوشتن
نەتیمارێ!!

سلێمانی: 2002



# لەچاوەڕوانیدا

ئەوە سێ ڕۆژە
بگرە وا ئەوە سێ هەزار ساڵە
چاوەڕوانێکی ئەو کۆچ و بارەم
بۆ گەڕانەوەی لە پێشوازیدام
دەرگاوانێکی رۆژ و شەوانی
هاتووی ئەم شارەم
★★★
تۆ بڵێی یاران کات راوەستابێ؟
ساتێ بەساڵێ لەبەرمن بڕوا!
یاخود پەتیارەم!؟
نا، ئەوە خەندەی لێوەکانیەتی
بۆتە زەردەپەڕ
هێشتا بەئاگام، هەر ئەو هۆشیارەم
★★★
کەی لەڕۆژئاوای ئەم رێبازەدا
خۆری رووی هەڵدێ؟
خۆ نەئەو یاخی، نەمن ئاوارەم!
سەرابی شێوەی لێم بزر نابێ
چاوەڕوانێکی ئەو پەری زادەی
بالاّ چنارەم!

سلێمانی: 1999

# لەشاری شاران بۆ گوڵی بابان

سلێمانی کە دارول موڵکی بابانە
هەتا ئێستا لەپێش و شاری شارانە!
***
ئەزانی بۆ؟
بەچاوی تۆ
بەبێ رەفتاری پیاهەڵدان
وەکو رازێکی رەوانی دڵ و ویژدان
ئەوەی هۆیە
بەری شیرینی نەژاد و سەنگی تۆیە
***
بەڵێ قوربان
گوڵی بابان
ئەڵێم هۆکاری ئەم کارە
پەرۆشیی خەڵکی ئەم شارە
خەمی تۆیە
بەرامە و بۆنی خۆشی تۆو
گوڵەستێرەی دەمی تۆیە
***
بەڵێ قوربان



دڵی بابان
خەوێکی چڕ لەژێر سایەی چڵی تۆدا
دەمێکی کڕ لەناو خانەی دڵی تۆدا
بەروبوومی لەیەکدانی
رەگی تۆو خاکی پیرۆزە
کەوا ئێستاکە مەڵبەندی
ئەوینی پاکژو سۆزە
ئەوینی یار
ئەوینی تۆو ئەوینی شار
بەڵێ قوربان
گڵی بابان
ئەوینی من ئەوینی تۆو بەری تۆیە
چ دڵدارێ ئەوینی دووی لەئەستۆیە!؟
گوڵستانی
سلێمانی:
هەتا ناوت بریسکەی بێ
هەتا چاوت تروسکەی بێ
هەتا هەوری هەناسەی تۆ
لەئاسمانا گڕی تردا
هەتا تۆوت لەناو وەردی
پەریستانا بڕی تردا

هەتا ئامێز کراوەی بۆ
گوشینی تۆو بەری تۆبێ
هەتا هەرچی کوڕی شارە
گزنگی تۆی لەلاشەوقێکی ئاسۆبێ
ئەشێ شاری سلێمانی
سەکۆی جێ ڕازی یاران بێ
ئەبێ شانۆی شەنگی جوانی
لەپێش و شاری شاران بێ
★★★
دەتۆش قوربان
گوڵی بابان
وەکو رازێ
بدرکێنە بەگوێی مندا بەپەنهانی
پەری وەك تۆیە یا تۆ وەك
پەری شاکاری شارانی!؟

سلێمانی: 1998



# دوا داوام

گەر نازو گەر سزایە، پاساوی روو سڕینە
گە رسۆزو گەر نزایە یا ئەشکەنجە و بڕینە
ئەنجام و دەستو بردێ با بەسبێ ئەم سەوایە
هەرچی لەتۆوە دابێ پەیکانیش بێ رەوایە
★★★
ئەم ترس و بیمە بۆچی؟ پێکراوێکی ئەوینم
سەوداسەرێکی یارێ، بۆچارێکی برینم
رەنجم بەبا مەچێنە من دڵدارێکی پاکم
ئاواتی تۆیە هێزم، بێ تۆ دامێنی خاکم
★★★
تۆزێ پەناو پەرێزێ، دەورو پشتت رەهایە
یابمکە پاسەوانی ئەو سەرمایە و بەهایە
★★★
با ئەم تەلیسمە بشکێ، تاکەی دێوانە بێ شەم
خەجێك بەبێ سیامەند، یاخاتووزین بەبێ مەم؟
شیرینەکەم دەسادەی با فەرهادێکی ئەمڕۆ
داری ئەوینی (بەر)دا لەسەر دەست و دەمی تۆ
★★★

بۆ ئەمكوژی بەبێ هۆ؟ خۆتۆ دڵسۆزی ژیری
ناشێ نەزانی بێ من شاهێكی بێ وەزیری

★★★

مەشكێنە داری ژێرت، ژیرێتی كەی وەهایە؟
دەربەستی تۆیە هەستم، كۆتایی من رەوایە

★★★

كوشتن كە تاكەڕێ بێ، داواكارم بەڕێزتان
دەرچن لەناخی دڵما، نەمرن ئێوەش بەقوربان

سلێمانی: 1998



# ڕۆژی كەلا

چ رۆژێكە ئاخۆ ئەمڕۆ گەڵای دار
لەخۆی بایی، ناوەرێتە گوێ روبار
نیە ئەمڕۆ كە هاوینە گەڵایەك
بڵێ خۆزگەم بەڕۆژانی نەوبەهار
بەهیوایەك ئەژین ئێستاكە سەرجەم
وەكو هیواو خەوی خۆشی ئەویندار
بەتێكڕایی جۆرە تارێ لێئەدەن
هەژانێكە بۆ بزافی لەش و لار
لەجووڵان و ئاهەنگێكان بەگشتی
نەلەلادێ وێنەدارە نە لەشار
بەكازێوە زەردەپۆشە سەوزەڵێ
وەكو بەرگێ لەئاڵتوونی بیست و چوار
ئەشێ مێژوو ئیتر ئەمڕۆ بكاتە

پەراوێزی ساڵەڕۆژی گەڵای دار
دەڤەر لەم بۆنەدا بووکی زەمینە
سەکۆیە بۆ پیشاندانی لەش و لار
چ شۆخ و باڵاچنارێ وەکو ئەو
وەها بەرزە لای مرۆڤ و لەلای دار
گەڵا لافی جۆرە زێڕێ لێئەدا
شیابێ بۆ پەرچەمێکی نیوەلار
براوەی کۆڕ پێشەنگێکە خۆی بدا
لەتاڵێکی قژی خاوی، یەکەمجار
هەموو خەڵکێش ئەبێ ئێستا هەژابێ
کە ئازیزم روو ئەکاتە سەرچنار!!

سلێمانی: 1998



# چرکەی ناهەموار

بەهەواڵی هاتنی تۆ بە میوانی
هەموو شتێ رازاوەیە وەکو خوداوەندی جوانی
تا چاوبڕکا ئەو پانتایی و ڕێگەوبانە
بەخۆری ئومێدی ئێوە چراخانە
بۆ سێبەر و سایەی رێتان باڵندەکان لەهەوادان
درەختەکان لەڕێگەتا لەسەمادان
تازە خونچەی نێو باخەکەم
بزەی شادی ئەنێتە سەر روخسارو دەم
کرایەوە
وەکو بڵێ گرەوی دڵ برایەوە:
چۆلەکەی سەر گوێسەبانە
شادمانە
بەستەی شالوورێ ئەچرێ

بەجریوەی بێ پسانی ئەڵێی گەرووی خۆی ئەدرێ

دەرو ژووری لانەی وێران

بۆ پێشوازی رووناك و پۆشتە و ئاوەدان

ئاسۆی ڕۆشن ئومێدێکی نوێ ئەچێنێ

شەپۆلی ئاو مژدە لەدوای مژدە دێنێ

شووشەی پەنجەرە و دوودەری بەو مژدەیە ئارایشتە

دەرگا لەسەر گازی پشتە

بەهەواڵی هاتنی تۆ بەمیوانی

هەموو شتێ رازاوەیە وەکو خوداوەندی جوانی

بەتەنیا من لەئێستاوە

خەمی دنیام لەکۆڵ ناوە

بۆ ئەو چرکە ناهەموارەی وەکو بەرئەنجامی ژیان

وەك فەلسەفەی بێ بایەخی بوون و نەمان

بەجێم دێڵی و پێکی تاڵی ژاری مارم پێ ئەچێژی

هەرەس بەو جوانەکاتانە ئەهێنیت و ئەیاننێژی

سلێمانی: 1998



# کۆنە رێساو بەرامەی گوڵ

پەپوولەی ئارەزووی وێڵم نەوی ناکا سەری رێزی

مەگەر بۆ شاگوڵێکی گەش کە نازیدا لەئامێزی

منی شەیدا بەدووی گوڵدا شەکەت باڵم بەبێ ئەنجام

دەمێ ساڵە لەسەر رێم و کەچی هێشتا ونی رێگام

چ پاساوو نەرێتێکە لەکۆمەڵگەی وەها لێڵا

هەموو کردارو گفتارێ پەرێزێ بێ لەڕێی وێڵا

بەکام ویژدان پەپوولەو گوڵ لەیەك کردن هەتا مردن؟

لەزەلکاوی نەزانینا هەتاکەی چاوەڕێ کردن؟

وەرن خەڵکینە با هەستین لە خەڵوەتگەی پەناییدا

وەرن بۆ شۆڕشێکی نوێ لەپێناوی رەهاییدا

کەمن بونم، کەمن چوونم بەبێ دەستوورو یاسابێ

ئیتر بۆچی ئەبێ ژینم چەقیوی کۆنە رێسابێ؟

گەلێکی تر وەکو من چوون بەبێ بۆن و بەرامەی گوڵ

دەبا بەس بێ دەسی تاوان لەدنیادا بەرامبەر دڵ

سلێمانی: 1997

# چوون و نەچوونم

بەرەنجامی
هەموو چوون و نەچوونێکم
گرێ کوێرێکی دژوارە
سەری کاسم
بتێکی واقی وڕماوی
هەزاران جۆرە پرسیارە!
★★
بچم دەرگای ویستەکانم
بەروودا دائەخات و لێم
ئەبێتە شێتی پەتیارە
نەچم ئەمداتە بەر تانە و
ئەڵێ: ئەمجۆرە رەفتارە
نەکرداری هەڤاڵێکە
نەئەزموونێکی دڵدارە!
★★
کەچوونم وا بەئاشووب و
نەچوونم جێگە ڕازی بێ
بەڵێن و مەرجە ئەمجارە
منیش خۆم شبرو شەیداکەم
هەموو مەردێکی ئەم شارە
وەکو سۆزێك و ویژدانێ
بڵێن: هارێکی ناچارە!!

سلێمانی: 2007



# کراسێك و لاگیرەیەك

لەبیرمدا
کراسێکم لەهەزاران گوڵەستێرە
بۆ چنیویت، بیکەبەرت
لاگیرەیەك
لەسەر نەخشەی تاجی جوانیم
بۆ بڕیویت، بیکەسەرت.
★★
ئەم کراس و لاگیرەیە
بەستەیەکە
لەسەر ئاوازی دەروێشی
بەجەزبەو دەف و نزاوە
لەونبوونی هۆش و هەستا
بۆم چڕیویت
بەستەیەکە
هێڵەکانی وەکو رێگەی کاکێشانە
پیتەکانی مرواریە
وشەکانی لەپێکهاتەی زێڕ و زیوە
لەبازاڕو کووچەی نەستا
بۆم کریویت.
★★

بۆ پرۆژەی ئەم کراس و لاگیرەیە
لەگەڵ بوونا بەدەنگهاتووم
لەبەرامبەر مێردەزمە و دێوی چوونا
بەجەنگهاتووم.
★★★
بەچوونم وت: لەڕێم لادە
چاوەڕوانی گەڕانەوەی هەرزەکاریم
ئەی نابینی بەرامبەری فریشتەیەك
تازە خەریکی دڵداریم!؟
بەئەستێرەی خەیاڵم وت:
ئەم کراس و لاگیرەیە
پەیامێکی دۆناودوونە
ئەکسیرێکی نەمرێتی و
دژە چوون و نامۆبوونە
بەم کراس و لاگیرەیە
جارێکیکە خاتوزینێ
لەناو تۆدا بەرجەستەیە
مەمێکی نوێش بەبەرمندا
ژیانەوەی ئەم هەستەیە
★★
ئەی فریشتەی سرووشی ئەم
دڵدارییە درەنگکاتەم



ئاسۆی بەرینی خەیاڵم:
بۆ شانەی پەرچەمی ئاڵۆز
بۆ پراوەی ئەم کراس و لاگیرەیە
هەرچی زووە ئاوێتەبین
نەبا دڕکی مەم و زینی ئەم سەردەمە
ئەوینێکی درەنککاتیش بکا بەخەم
ئەم کراس و لاگیرەیە
دیارییەکی بەبەهایە
لەبەریکەیت
ڕۆژێکی نوێ لەگەردوونا دێتە بەرهەم

سلێمانی: 2007

# ئەندێشەی خۆشەویست

هەتا سەرپڕ لەئەندێشەی
بەهارستانی دولبەربێ
نەزستان و نەپایزدێ
چەنێ بەفرم لەسەر سەربێ
★★
لەبەرچاوم بزر نابێ
بەتیلەی چاو، نیگاکارە
دەمی خەندەی
هەموو جارێ
هەمان شێوەی یەکەمجارە
★★
بەپەرچەمیا
ئەزانم خۆ
دڵ و هەستی ئەنازێنێ
بەشانەی پەلکەزێڕینە
قژی خاوی ئەڕازێنێ
★★
لەلای من مانگ و وەرزی ساڵ
سەراپاسەر بەهارانە
بەواژە و پیتی گفتاری
گوڵ و ڕێحانە بارانە



لەدووریشا
بەدەس ماچی دەم و لێوی
ئەهاوێ بۆم
بەرامبەر ئەو دەم و لێوە
بەبێ ئاگام لەبوونی خۆم
★★
لەئاستی خاڵەکەی گۆنای
هەمیشە چواردەساڵانم
کەچی بۆ جووتە خاڵی مەم
گڕوگاڵی منالانم
★★
لەسەر سەمتی دەنگی ڕەوتی
هەموو جەستەم سەماکارە
لەگوێما نای و شمشاڵە،
کەمانە، تارە، گیتارە
★★
کەماوم تاکو ئێستاکە
لەگەڵ یادی ئەوینی گوڵ
سەما و ساز و
شەرابی شادی هەڵدانە
لەیانەی دڵ.

سلێمانی: 2007

# چرکەکانی چاوەڕوانی

ڕۆژی چەن جارێ خەریکی ڕێگە پێوانم لەبەرتۆ
جارەناجارێ بتێکی بێ سەرو گیانم لەبەرتۆ
هەندە وەستام و نەهاتی، شارەگی داچوو بەری پێم
من نەگریاوم لەژینا، جۆشی گریانم لەبەر تۆ
شین و شۆڕی چاوەڕوانی، چاوەکانم دادەهێنێ
دوور لەروخسارت، لەریزی نابینایانم لەبەرتۆ
ناسرەوت و بێ خەوو خۆراك و بێ جێگە و پەلاسم
بوومە جێ ڕازو پلاری ناتەبایانم لەبەرتۆ
پێم ئەڵێن ئەم شێتە شەیدا و وێڵی کام ئامانج و ڕێیە؟
کێ ئەزانێ چاوەڕوانێکی پەرێشانم لەبەرتۆ؟
ئاوی چاوم لالەزاری سینەتی هێنایە بەرهەم
پاسەوانی دوو شەمامەی باخ و بێستانم لەبەرتۆ
خۆزگە یاسای ئەم زەمینە، وائەبوو، بێ پەردەبوایە
هەرچی روخسارە ئەهاتە پێشی چاوانم لەبەرتۆ

سلێمانی: 2007



# بەجێم مەهێڵە

بەجێم مەهێڵە، ئاواتم تۆ بووی، واتۆش جێم دێڵی
یەزدانت لەگەڵ، گەرچی هەناوو دڵم ئەشێلی
بەجێم مەهێڵە بەڕێز ئەی پیری موغانی کێشەم
خۆ من دەروێش و من تۆبەکارو من ونی ڕێگەم!
ئەوین بگاتە کۆڕ و بازنەی زیکرو پەرستن
ئەبێ چی مابێ؟ چیتر لەڕێتا داوای پێویستن؟
بەجێم مەهێڵە سپێدەی ڕێگام، نیشانی منی
خاڵی بینایی و تاکە تروسکەی ژیانی منی
بۆ پرشنگێکی تۆ ڕۆژی رووناك، لەتاریکیدام
پێ لەڕێگەمنێ، تا پێیەك بگرێ کۆرپەلەی هیوام
بەجێم مەهێڵە، ئەگەر تاوانم وەستانی ڕێتە
ئەبێ ببوری، ئەوە تاوان و ئارەزووی شێتە!
وا لەوەرزشی دەروونا ئەژیم بۆ نزیکبوونت
ڕەنجی بێوەرم بەکۆچ و بار و هەواڵی چوونت
بەجێم مەهێڵە، بەتۆوە ژینم ئەگەشێتەوە
لەناسینتەوە باڵی ئومێدم ئەشەکێتەوە
بەجێم مەهێڵە، هەرەس مەهێنە بەچوون و دیدم
لەڕێتا گەلێ پلەم بڕیوە، ئێستا مریدم!
ئەشێ هەر وابێ، سۆفی نەگاتە یەزدانی مەزن

بەجێم ئەهێڵێ؟ تاڕێ دژوارو نەشێ بێ لەبن!؟
بەجێم مەهێڵە با ئەم یاسایە بێتە تای گۆڕان
نەکەی ڕێ بدەی بە مەرگەساتی لەیەك دابڕان
ئەی نائومێدی: بەجێم ئەهێڵێ فریشتەی هیوام
چیە وەڵامت؟ منیش بۆ نەچم، یابۆچی ژیام؟
مەڕۆ بەڕێزم، ئەڕۆی بێ هیوا بەجێم مەهێڵە
لەدەمی چوونتا دەمی ناکامم دەمێ بکێڵە
بەو دەم و لێوەی گوڵ بۆی تینووە، لەئاوی دەما
تۆوێ داچێنە تا نەخنکاوم لەگۆمی خەما
بڕێژە دەمم تۆزێ لەشیلەی هەنگوینی زارت
بەڵکو سەوزبێ تۆوی دەمی چوون بۆ یادگارت

سلێمانی: 1999



# ئەندێشەی نازە

لەناو کانیاوی بەر زەردەپەڕی جوانیی ئازیزا
خەیاڵی ئەوین وەکو هێڵکاری ڕەنگ ئەداتەوە
جامی بینینم پڕ لە نیگای گەش، سەرکەیلی بۆنی
ئامێزی بیستن بەسۆزی رازی دەنگ ئەداتەوە

★★

شەپۆلی تاسە واتێم ئاڵاوە خۆم لێبزرەو
لەدەوروبەرا تەنیا سێبەری نازە ئەبینم
جارە ناجارێ لەبوونی خۆشم دڵنیا نیم و
ئەڵێم من یا نیم، یا تەنیا گیان و چاوی ئەوینم

★★

لەئاگاییمدا بێ ئاگا لەژین، بەدەم سزاوە
ژانی تەنیایی بەناخی ئەرزا ئەمباتە خوارێ
هەموو ساتێکم بەساڵێ ئەڕوا، ساڵێ ئەبێتە
قورسایی ساتێ بۆسەری کاس و لێوی بەبارێ

★★

ئەم بارە تاکەی من لەگێژاوی هات و نەهاتا
گل ئەداتەوە!؟ یاران فریادێ بۆ پشێویی سۆز
یا گەیشتنم بە نیگایەکی چاوی بەزەیی
یا با مەرگ بێ و کۆتایی بێنێ بەگیانی ئاڵۆز

سلێمانی: 1995

# تۆبەکارم..
# جۆشی کوورەی بۆچیە!؟

سەروەرم: تۆ بێ نەزیری، ئەم هەموو پەشم و غوروورەی بۆچیە!؟
بۆ مەلێکی دەستەمۆبوو، ئەم پەرێز و ژێر و ژوورەی بۆچیە؟
ئێوە پاك و ئێوە چاك و ئێوە تاكن، بۆ قیامەت شایەتم
ئەم تەوافی میری سوور و وەیس و پیری شارەزوورەی بۆچیە؟
وەك گەدایەك رابەری كاری مەترس و نابەكات و كایەتم
دەی كەوابێ، بێ بەلآبی، ئەم تەكان و چاوی سوورەی بۆچیە؟
رەنجەڕۆبم، یا خەڕۆبم، هەر بەهیوای پرشنگێكی ئایەتم
خاكی رێتم، ئەم لەڕێ لادان و رێگا نازەروورەی بۆچیە؟
سەروەرم: رێگەوبواڕێ، تابینن من بەرو سەرمایەتم
با ئەوانەی رێگرێكن، دانیشن، ئەم بەردە دوورەی بۆچییە؟



هەرکەدەست و شیری ئەم لات جەزرەبەی دام ملكەچی ئەولایەتم
بۆ دەسێكت، گڕ كەوا بەربۆتە گیانم، ئەم تەنوورەی بۆچیە؟
من كە دەروێشی تەكێتم بەو بەهایەت بەرزەبالآو پایەتم
تۆكە پایەت ئەزمرێكە ئەم بنارو چوونە ژوورەی بۆچیە؟
سابەرێزم: چاوەڕوانی چاوی رێز و سێبەرێكی سایەتم
دڵ كە ئاوێنەی دڵت بێ، ئەم گوشاری بێ سنوورەی بۆچیە؟
بوومە گڕكانی نزوولەت، جێگەسۆزی شیوەن و لای لایەتم
من كە ئاگربم ئیتر ئەم مەنجەنیقی دارو موورەی بۆچیە؟
خەڵوەتی تۆ بۆ نزابێ، بێ گوناهم، من كە مڵك و مایەتم
گە ربەهانەت بۆ تەمێ بێ، تۆ بەكارم جۆشی كوورەی بۆچیە؟
كوشتنی من گەر رەوابێ بمكوژە با بەرخەڵآتی تۆ كەوم
ئەم نەرێتی دادگایی و بەڵگەبەند و رێگە دوورەی بۆچیە!؟

سلێمانی: 1994

# بۆ پیری موغانم

بەرێز ئەی پیری موغانم: سەرنج و چاوی بەخشینێ
له رووتانا ئەشێ بیلێم: له ڕێتا بوومە ڕێ بینێ
له بازاڕی بەهاتانا برەوکارو سەنگ و هۆتم
وەکو سۆزێ لەبەر ماڵی ڕەواتانا نزاگۆتم
لەناو کۆڕی چڕی زیکرا، نەبوو شێخێك و دەروێشێ
به وێنەی من تەلی زرکی بئاژێنێ بەبێ ئێشێ
به شمشێری ئەوینی تۆ ئەنالێنم له جەزبەمدا
بەبێ زامێ، دەمی تیژی، ئەچێت و دێ به جەستەمدا
له خەلۆەتگای پەرستندا، وەکو من کێ ونی ڕێتە؟
هەموو فەرزێ، له نوێژا ڕوو له نووری بارەگاو جێتە
له سایەو سێبەری تۆدا، بەرێز ئەی پیری موغانم
ئەوا ئێستا به ئیمانێ به ئیمانم، به ئیمانم!
کەچی تۆ هەر بەبێ بیانوو هەواری گوڵ بەجێدێڵێ
له خارا ڕوو له باهۆزو تەمی لێڵ و سەری وێڵێ!!



دەسا ئەی دەف زرنگەتبێ، دەنگی شێنێ بەبێ پەروا
لەگەڵ تەپڵی دڵا شۆڕێ، به رۆژیکا، شەوێکی وا!
هەتا کاتی مەلا بانگان، سڵاوات و سەدای گریان
به ئامانجێ ڕەوا سۆزی ببارێنێ وەکو زریان
ببارێ با پەڵەی ویژدان له داماوو گرفتارێ
لەمەردێکی بەساڵاچووی گوناهی تازە دڵدارێ
بەرێز ئەی پیری موغانم کەراماتێك و تەگبیرێ
له غەیبیشا ئەبینی خۆ، هەتا ناخی دڵی ژیرێ
دەفەرموو دەی ئەوا دێم و لەبەردەستا نیشانێکم
دڵی کانی ئەوینداریم ببێکی شادمانێکم
دەبا بەس بێ سزای تاوانی تۆویستی بەرێز میرم
ئەگەر ڕۆژێ منالێ بووم شوکر ئێستا ئەوا پیرم
منی دەروێش، منی سۆفی، منی شاگردی ڕێبازت
له ڕێی خوادا دەسی چارێ، ئیتر ناژیم بەبێ نازت
ئەزانی من گوڵی ڕۆژم گزنگێکت لەهەرجێ بێ
سەری سوجدەی مریدێتیم به دووی تۆدا ئەچێت و دێ؟
دەسا بابێ وەڵامێکت، بەهانا، یا، خەم و وەی بێ
له ڕێگاتا چاوەڕوانی له گۆدۆیەك هەتا کەی بێ!؟

سلێمانی: 1994

# وەستان

بۆ نەوەستم لەسەر ڕێگەی خەرامانێکی شاچوانێ
رائەوەستم بەبێ وەستان هەموو تاکی بەیانیانێ
رانەوەستان ئەشێ بۆمن وەکو کرداری شێتێ بێ
خۆ ئەگەرچی ئەڵێن شێتێکی بۆ دیدەی پەریخانێ
★★
بوومە وەستا لەوەستانا، ئەڵێن هێشتاکە منداڵە!
نەوشکۆفەی نەمامی نەوبەهارێکە و بەری کاڵە
چاوەڕوانی بەهەرجا کارە بۆیارێ، ئەوەی بارە
جێگە تانەی دژانێکم، هەنگوینم لا ژەکی تاڵە
★★
جارە جارێ خەیاڵێکی وەکو شێوەی سەراب و خەو
دێتە ڕێگەی منی وێنەی بتێکی چاوەڕوانی لەو
ڕێگە سەرتاسەری ماچی دەم و لێوی ئەبارێنێ
داخە کاتێ بەئاگادێم نە ئەندێشە و نەشێوەی ئەو
تافی لاویم لەڕێ و ئێستاکە پیریشم بەڕێگاوە
بۆ دیداری پەریزادێ هەموو گیان و لەشم چاوە
خۆشەویستان: لەپێناوی ئەوینێکا بەبێ وەستان
ڕێگە ئەگرم بەوەستانێ ئەگەر گیانم لەدەسداوە

سلێمانی: 1994



# لە نهێنییەکانی بەر پیشانگەکان

ورشەی زێڕی پیشانگەیەك دای لەهەستی
بۆی راوەستا سەرسامانە
وەك پێیبڵێ زێڕی دەگمەن بۆ کەمەرو
بۆ گەردنی ئێوە جوانە
ڕێبوارەکان تێڕامابوون لەنێوانی
ورشەی زێڕ و ورشەی چاوا
بێهاوتایە زەڕنگەری ئەو زێڕانە
کردگاری چاوی ئاوا
چ دڵدارێکە ئەو زێڕە!؟ دای لەدڵی
پاك و خاوی ئەو نازدارە
چ چاوێکە بەرامبەری زێڕی تێزاب
لەئارادا وەها دیارە!؟ زێڕ
دەی بەقوربان، دەی بمکڕە
رزگارمکە لە جامخانەی دار و شووشە
بمپارێزە لەگێرفانی
بێبایەخی ناکەسی ئەم ڕۆژە تووشە
ئەو گەردنە بلوورینەی
بەرهەتاوی جووتە ڕۆژی ئەو دووچاوە
بۆ زێڕێکی هونەرکاری
وەکو منی ئەویندار تۆ شیاوە
ئەو کەمەرە، ئەو دەست و پەنجە و لاملە
ئەو پەرچەمە بێ هاوتایە
چ هێزێکی کاریگەری راکێشانی

دڵ و هەستی منی تیایە!؟
دەی بەقوربان، دەی خێراکە
دەستێ بەرە باڵی سڕی منی بێگیان
چ ئەفسوونێکە ئەو چاوە
منی بزوان، منی واهێنایە زمان!؟
وەلآم:
نا، تۆ وەرە سەر گەدنم، وەرە پشتم
وەرە شانۆی ئەویندارى
دەسی کورتم ناگاتە ناو کاونتەری
زێڕی گران.. ئاخ هەژاری!
دەی گیانەکەم، دەی پێگرە، بەهەڵمەتێ
وەرە دەرێ لەجامخانە
دەی بشکێنە، بڕوخێنە دارو شووشەو
پاسەوانی گرتووخانە
من ناوێرم لەوە زیاتر بێمەپێشێ
منی بێچار، منی هەژار
دەسی چەوری جەردەی گەورە درێژە بۆم
زووزوو ئەمکەن بە تاوانکار!!
لەم دیمەنە رۆمانسیە نازدارەدا
دەرگای پێشانگە داخرا
بۆ جارێکی تریش دڵی زین و مەمێك
بەناکامی لەیەککرا.

سلێمانی: 1987



# فریشتەی خەو

فریشتەیەك جاربەجارێ
ئەهاتە سەر شانۆی خەوم
وەك بزانێ من پێکراوی
جوانیی بێئەندازەی ئەوم
نیگای خوڕی، بزەی پڕی
بە تایبەتی ئاڕاستەی من
یەکلەسەریەك هەر چرکەیەك
ئاوڕێکی خاوو شەرمن
تاوێ ئارام لەسەر زەوی
تاوێ ئەیدا لەشەقەی باڵ
ئەنیشێتەوە بەشێنەیی
هەندێ جاریش وەکو منداڵ
ئەیدا لەچڵ ئەیدا لەگوڵ

چڵ ئەلەری، گوڵ ئەوەری
سروشتی جوان ئەشنایەوە
بۆ بای باڵ و نازی پەری

★

لەخەوی خۆش راچڵەکیم و
نەفرەتم کرد لەخەو هەستان
وەکو شێێ یا سەرخۆشێ
یا بێ هۆشێ ئەمبزڕکان
نەمئەزانی خەوی واخۆش
ئەبێ بەڕاست، ئەمڕۆ خۆی هات
ئەڵێن گوایە خەو بۆی نیە
خەو نابێ بە ئاسۆی ئاوات!!
ئەو فریشتەی خەوەم گرت و
هەتا توانیم تونگ تونگ گوشیم
هەر جێیەکی بەر دەمم کەوت
ماچم کرد و تێر تێر مژیم!!

سلێمانی: 1987



# دڵی من و شوێنەوارێ

خاك و گڵەکەی شوێنەواری ون:
نێرگزە جاڕی ناو مێرغوزاری دارستانێبوو
وەکوو دڵەکەی نادیاری من
بڵندگۆی جاڕی یاوەر و یاری شارستانێبوو
وێرانە شارێ
دەسی نەیارێ
ستونی شکان، بوو بەکەلاوە
دڵی من یارێ
هێنایە خوارێ
دیواری ڕمان، نایە پەناوە
ئەم دڵە چۆڵەی
ڕۆژێ لەڕۆژان هێلانەی کاری فریشتەی شەنگبوو
ئەم بان و دۆڵەی
بەڕۆژو شەوان ئاوێتەی باری ئاوازی دەنگبوو
ئەوسا ئاوەڵ و یار و یەکدۆزو ئێستاکە هاو دەرد
چاوەڕێی هەل و فریاد و سۆز و بازوویەکی مەرد

سلێمانی: 1986

# هەنجیر

پێشکەشە بەو جوانەی بەزەردەخەنەیەکی شیرینەوە وتی من ناوم هەنجیرە

من وای بۆ ئەچم سوێندەکەی یەزدان کە بەهەنجیرە
مەبەس لەتۆبێ نەك لەدرەختێ
کەی هەنجیر وەکو تۆی شۆخی شاکارلەناسکێتی و
لەشیرینیدا هێناویە بەختێ
ئەی فریشتەکە بەو سەروقژەی کە گەڵای هەنجیر لەئاستی
بەرزیا شەرمەزارێتی
نەداری هەنجیر، نەلقی زەیتوون نەکێوی سینین ناگەنە
ڕێژەی جوانیی تۆ نەختێ
بەڵێ شۆخەکە بەو دەم و لێوەی هەنگوینی شانە تاڵە
لەچاویا، تا تۆ وەستابی
درەختی دنیا لەپێشبڕکێدا بۆ تاجی جوانی پێیان ناخەنە
بەرزایی تەختێ
خۆزگە هەنجیری ئاوەها دەگمەن لەسای بەهاری گوڕ و
هەڵچوونا بەری بدایە
نەك لەپایزی دوایی تەمەنی منی دوچاری کێشە ئاڵۆز و
ڕۆژانی سەختێ
تۆ بڵێی ئەمڕۆ لەبەهاتیمبێ واخۆم ئەبینم لەگۆنای دەنکێ
هەنجیری کاڵا!؟



ئەشێ وەهابێ وا بەختەکەی من لەڕاگوزارا بەدوای سەبردا
ئەهێنێ جەختێ!
ئەی پەری شێوە سوێندم بە هەنجیر نەك بەدارەکەی یا
گەڵا و چڵ و گوڵ و بەرهەمی
سەرنجی ئەوین بدەی لەهەرکەس، سەرەمەرگیبێ ئەبێتە
پیکی ئاسن و ڕەختێ
سوێندم بە هەنجیر خۆری نیگایەك بکەی بەهێڵی
پەلکەزێڕینەی چلەی زستانم
کۆتایی دێنێت بەهەموو باری نائومێدیم و سەهۆڵ بەندان
و تاوێری شەختێ

سلێمانی: 1986

# بۆ جوانێکی ئاڵۆز

ئەو تۆزە ملکەچییە گوایە وەڵام و نیشانەی لارییە لەمن!؟ هەیڕۆ!
یا خوڕڕەمی ڕەسەنی نازی تەواوی ژیرانە و دیارییە بەمن ئەمڕۆ؟
ئەو پەرچەم و قژە بڵاوە دەماری کراوەی پەیوەستییە لەمن!؟
هەیڕۆ!
یا سایەتانە کە کشاوە، شەپۆلی هەوا پەیوەستییە بەمن ئەمڕۆ؟
ئەو تیلە ڕوانینە بزێوە، جەخار و پەژارەی کینەیە لەمن!؟ هەیڕۆ!
یا چاوی سرکە، لەپەرێزە، کەناری نیگا شەرمینەیە بەمن ئەمڕۆ؟
ئەمیانە یاخو ئەوە، گیانە لەهات و خەڵاتن، نەك لە تەوەرەی هەیڕۆ
یەکسانە (کینە) بە (میانە) بەنازو بەپەستیت مەمکە سەمەرەی
ئەمڕۆ
واچاکە بۆ ئەوە کە (واتە) بناری نەشێوێت، بەم کەسە نەکەی هەیڕۆ
شێتانە، ئەم سەرە، بەژان و بەئاهونزوولەت جەزرەبە نەدەی ئەمڕۆ
ئەی شۆخی ناسکی ڕەها، تو هەنجیر و تو زەیتوون، مەمخەرە جەفای
هەیڕۆ
سەرسامە ئەم ژیرە بەچاوی سەلار و بزێوت، بۆی مەبە بەڵای ئەمڕۆ

سلێمانی: 1986



# هاواری نیگای دیل
# لەژوورێکی دادگادا

لەشەرمی ئەفسوونی لێوی پڕ و پڕخوێن و پاراوی
لەترسی ونبونی کێوی دڵی نامۆ لەدووچاوی
نیگای وێڵی پەشۆکاو
لەسەر هێڵی قژی خاو
لەبەرزەوە راما، خزا، بۆ ڕانی
بەلەرزەوە داما، رژا، دۆڕانی
ئەو گرەوی بردەوە
ئەو برەوی کردەوە
کەڕانی نایە سەر ڕانی، ئاوی چاوی برد
مەلی سەرسامی ناڵانی، داوی راوی کرد
تومەز دانەی داوی راوی، لەناو رانا داناوە
ئەوا ئێستا تاوی داوی لەپاو شانا باداوە
بەڵێ لەرزەی بینایی چەواشەی ناتەواوم
نیگا هەرزەی تەبایی بە هاشەی دیلی داوم
پەرێشان
لەنێوان
گیرەی جووتێ رانی پەرداخەوە
بەدەم گریە و ژانی پڕ ئاخەوە
بەسزاوە ئەپاڕێتەوە

بەنزاوە ئەلاوێتەوە
دەسا هاواری چاوێکی چاوەڕوانی دەسی دادێ
نیگا ئاڵاوی داوێکی گۆمی ڕانی پەریزادێ
ئاخ بۆ دەستی دڵسۆزێ
داخ بۆ هەستی پڕسۆزی
دەنگێ
ڕەنگێ
تێی بگەیەنێ ئەم کێشە نوێیە، ئەم هاوارە
پێیبگەیەنێ ئەم ئێشە سوێیە، ئەم ئازارە
ئەو کەخاوەنی خەرمانەی مانگی گەشی چاوە
ئەو کە دامەنی پەروانەی تاڵی قژی خاوە
ئەو بەو لێوە خونچە چڕ و تازە تەرزەوە
ئەو بەو شێوە مەمکە خڕ و روو لەبەرزەوە
بەو زمانە ناوازە بەڕازەوە
بەو دوانە ئاوازە بەسازەوە
سەرسنگ واڵا
گەردن باڵا
کەمەر تەنگ و سەرکەوتوو
بەژن شەنگ و دەرکەوتوو
ئەو کەئاوێتەی مێشکی مۆرسی نێرەری پەیامە
ئەو کە ئاوێنەی پێستی تیشکی لێزەری بەسامە!
چ پێویستە بەداوی ڕان بۆ نیگای من!؟



نیگا سستە لەتاوی ژان، کۆڵ و شەرمن
نیگای ڕاماو لەو بەرزەوە
نیگای داما و بەو لەرزەوە
رووی کردە نشێویی باڵای بەرزی، لەترسان
بەو نیازە کە ڕاکا تا دوای مەرزی، بەسەزمان
لەشەرمانا خزا، ڕێکەوت
لەسەر ڕانا گلا، تێکەوت
ئەی پارێزەرانی دۆستم
ئەی داواکەرانی کۆستم
ئەی دادگای ئینسان
ئەی بارەگای ویژدان
وەك ونبوویەکی بێباوان
وەك گرتوویەکی بێتاوان
لەچۆڵی نەرمانی یادا، نیگا تەنیا بەبێ یادێ
لەهۆڵی فەرمانی دادا، بەهیوای داد و فریادێ

سلێمانی: 1988

# تاوانی بەرگ

لەدەریادا مەلەم ئەکرد، مەلەی ئەکرد فریشتەی ئاو

بۆ پێشبڕکێ پەلەم ئەکرد، پەلەی ئەکرد، ونبوو لەچاو

سەرکەوتەوە، دەرکەوتەوە، منی پێکراو بەلەشی رووت

لەتاو جوانیی مەمکەکانی، نەهۆشم ما، نەلەش بزووت!

هەتا ئەو کاتە من وام ئەزانی

فریشتەی ناو ئاو، نموونەی جوانی

وشەی دروستکراوە

خۆی نیە، تەنیا ناوە

کەلێی دام

کەپێکرام

زانیم بەژن جوانەکان

لەئەستۆیانە تاوان

دێنن وەك زیندە بەچاڵ

بەژنی بێگەردی ساماڵ

ئەکەن بەژێر بەرگەوە

ئەچن بەپیر مەرگەوە

سزای ئازاری نزا ئەچێژن

هەزاران هەزار هیوا ئەنێژن

یاخود ئەبێ نەزانن



کەبەرووتی ئەوانن

ئەوان بەرەی مێرەگەز

فریشتەی ئاو، پەریی ئەرز

ئەگینا پەری بەرگی بۆچییە

کە بەرگی پۆشی، فریشتەنییە

چ پێویستە بەرگ

بەرلەکاتی مەرگ؟

تاوانی لەشی زیندو داپۆشین

بەهەرکفنێ بێ، سپی، سوور، یا شین

یەجگار گرانە

ئیتر بزانن

یاخود نەزانن

لەئەستۆیانە

تاکەی تاوانی لەشی داپۆشراو

هەتاکەی ستەم لەگەڵ ئێمەی پیاو؟

سلێمانی: 1984

# هەژاندن

نەرمەی پەڕەی گوێی بەپەنجە ئەگرم
لێم وەرئەگێڕێ رووی ناز و شەرم
ئەمجارە بەلێو ئەولای ئەمژم
لێم تووڕە ئەبێ و ئەڵێ ئەتکوژم
زمان تکا کار ناوبژی ئەکا
وردە ختووکەی لاملی ئەدا
هاوکاری وشەی پرشنگدار و خۆش
ناخی ئارەزووی ئەهێنێتە جۆش
لای ڕەزامەندیی پێئەکاتەوە
دەمم بۆ پەڕەی گوێی ئەباتەوە
هەتا شل ئەبێ، هەتا ئەکەوێ
تا ئەو داخوازیی زیاتری ئەوێ

سلێمانی: 1983



# بادەی موو

لەسەر پشتی پووزی لووسی گەنگەمووییەك ئاوریشمی خاو
نەرم نەرم هەندە باریك بەئاستەم ئەبینرێ بەچاو
لەبەر تیشکی ڕۆژا ئەڵێی پەلکە زێڕینەی بەهارە
ورشە و درەوشەی ئەڵماسە پرژەی قەڵبەزەی روبارە!!
پووز بەو جوانی و بەو ڕێکیە گەوهەری شەو چراش لەسەر
نازانم چۆن رێ ئەبینم یا چۆن هۆشم ماوە لەبەر!!
کە بەری لەپ یا روومەتی لێهەڵئەسووم چ خرۆشێ
ئەدا بەناخی ئارەزووم زیاتر لەبادەی سەرخۆشێ
خەڵکی بەمەی، من بەسەیری موو سەرخۆشم، گەنگەمووی وا
خۆزگە دنیای ئەگرتەوە یا لەچاوی منا ئەڕوا!!

سلێمانی: 1984

# بادەی هەناسە

هەناسەکەی
بەتاسەکەی
بەپێناسی خۆشەوە
بەئاوازی جۆشەوە
بەئەسپایی بەلای گوێدا ئەچرپێنێ
بەشەرمەوە بەهای نازی ئەدرکێنێ
هەناسەی یار
نازی دڵدار
بادەیەکی کاریگەرە
ئارامی دەروون و سەرە
خۆراکی تەواوی هۆشە
هەوایەکی بەخرۆشە
هەناسەکەی
بەتاسەکەی
ئەیڕەوێنێ تەمەکانم



ئەیپەڕێنێ خەمەکانم
ئەمپارێزێ لە ڕەشبینی
ئەمهاوێژێ بۆ گەشبینی
هەناسەکەی
بەتاسەکەی
ئەیکا بەسێوێکی ئاڵ
ئەمبا بۆ یاد و خەیاڵ
بابێ هەناسەی
بۆ سۆزی تاسەی

سلێمانی: 1987

# زەماوەند

گرتم، گوشیم پەنجەی دەستی
دام لەتەل و لەژێی هەستی
پێمڕاگەیان چەند پەرۆشم
چەندە ئالۆزاوە هۆشم
کابرای دەهۆڵ، کابرای زوڕنا
وەك لەدڵ و هەستی منا
هەڵپەڕکێکە تاو و جۆشدەن
پێویستبێ شاییەکە خۆشکەن
ئەوەندەیتر نیازی منیان
لەناو دڵی ئەوا چەسپان
ڕەشبەڵەکە، هەڵپەڕکێیە
دەس گوشینە، کێبەکێیە
رازی دڵم بە پەنجە و پەل
دایە وێنەی مۆرسی بێتەل
دیاربوو ئەویش زیاتر لەمن



وەلێ ئەو بێدەنگ و شەرمن
تەنیا بە نیگا و بزەی خاو
وەڵامی ئەخستە بەرچاو
شایی ، زەماوەند، سەیرانە
رۆژی کوڕ و کچی جوانە
لەکینی دژ پێکەنینە
هەڵپەڕکێ زاخاوی ژینە
زەماوەندە، زەماوەندە
ڕۆژی کوڕ و کچی رەندە

سلێمانی: 1987

# لالەزاری لێو

چاوەکانت لەچاومدا چی ئەچێنێ چاوەکەم
دەمێ بێنە تۆ کە دانت دانی داوە، داوە دەم
بزەی خاوی خۆشەویستی مەلی هەستی نایە داو
بەسە، چیتر چەکی ناوی، چ پێویستە چەکی چاو!؟
بەبێ جادووی جامی دەمێ بێئەنجامە چاوی یار
لانەی لانەوازێ لێوی لەیلێتی لە لالەزار
ئەزانی من بەبێ بزەی نازەنینێ بێنازم
لەشاری خۆشەویستیدا، شێواوی بێشێوازم!؟

سلێمانی: 1987



# تابلۆی برژانگ

ئەمڕۆ چاو گەشێ برژانگەکانی ئەیدا لەبرۆی
دیمەنی برژانگ سەیرانگایەك بوو بە تەنیا بۆ خۆی
چاو بەو جوانیە و سەرپشتی پێڵووش بە بۆیە نەخشاو
برژانگ بەسەریا ئەهات و ئەچوو وەك تیشکی کشاو
بەترووکەیەك، بەچاو گێڕانێك، یا بە نیگایەك
شەپۆلی برژانگ ئەبوو بە تابلۆ و بە پیشانگایەك
شەوقی برژانگی درێژ و هاوڕێك وەها لێیداوم
ئێستاکەش کاسم، تاس ئەمباتەوە، هەڵناٰیەت چاوم
هەتا برژانگی ئەو چاوە جوانەم نەدیبوو بەچاو
نەم ئەوت برژانگ ئاوا بەتەنیا کار ئەکا لەپیاو!

سلێمانی: 1987

# چاوەڕوانی

چاوەڕوانی ژوانێ بووم
گورج و زیتەڵ
ئامادەبووی دوانێ بووم
هۆگری هەل
تاسە و خۆزگە و هیوای ژوان
بینینی یار
بادەی هۆشە و خۆراکی گیان
لەلای دڵدار
پێئەکەنیم، هەستم وابوو
باڵا ئەکەم
ژیان لەلام بەبەهابوو
بێتەم و خەم
ئەکشامەوە لەرەشبینی
لەبیری تاڵ
جیهان پڕ بوو لەگەش بینی



ئاسۆ ساماڵ
دەماری لەش ئەژیایەوە
دوورە و پەرێز
چاو تا ئەبوو ئەکرایەوە
باوەڕ بەهێز
وەك بۆ وشە تۆو بڕێژم
بۆ یاسای رێز
خۆمم ئەدی ڕەوانبێژم
بەرهەم بەپێز
چەپکە گوڵی جوانکاریی خۆم
ئامادە کرد
بەڵام هێزێك رێینەداپێم
لەیادی برد
هێزی پەلەی دەس گوشینی
بەپەرۆشی
گۆناو دەم و لێو مژینی
بۆنی خۆشی

سلێمانی: 1985

# ئەندێشەی چاوەڕوانی

ئەبێ هۆ چیبێ نازەنینەکەم نموونەی بەرزی بەڵێن پەروەری
ئەمجارە نەهات!؟
لەبەڵا بەدوور، چ کارەساتێ ئەشێ روویدابێ لەدەوروبەری
بێ چارە نەهات!؟
وەها ئەبارێ رەهێڵەی نیگام لەسەر کاژمێر شووشەکەی وەری
ساکارە نەهات
تەلەفۆنەکەم ئەوەندە بادا شکا تان و پۆی سەرتاپا سەری
نازدارە نەهات
تۆماری وێنە و دەنگم ئالۆزان بۆ هەناسەیەك لەبەرامبەری
بۆ چارە نەهات
لەجامی هەستا مەی و دووکەڵم ئاوێتەی یەککرد بەسەوداسەری
هاوارە نەهات
هەرچی ئەبینم سەرنجی ئەدەم لەپەنجەی پێوە تا تەوقی سەری
ئەو یارە نەهات
لەڕێگەی ئەوا بوومە ڕێگری کۆڵانە و کۆڵان وەکو سەرسەری،
ئاوارە، نەهات
پەتیارە ئاسا، پەنا بۆ هەموو روخسارێ ئەبەم بۆ قوڕ بەسەری



روخسارە نەهات
نیە شێوەیەك لە شێوەی ئەوا وچانێ بدەم تاوێ لەبەری
شاکارە نەهات
جارە ناجارێ لەخۆم ئەپرسم مرۆڤ بەوێڵی، بەدەربەدەری
واهارە!؟ نەهات
ئای لەناکامی، لەنائومێدی، پەیمان شکێنی، رەنجی بێوەری
بەدکارە نەهات
نا نا هەڵەم کرد، ئەو شکۆدارە وێڵە بۆ پایە و تەختی سەروەری
ناچارە نەهات
نەهات سبەی دێ وەکو شازادە تاجی جوانکاری لەسەر سای سەری
بێدارە نەهات
ئەمجارە کە هات وەها دێ، ڤینۆس، بەرزەوپێ هەڵسێ بۆ ڕێز لەبەری
هوشیارە نەهات

سلێمانی: 1989

# لەمن مەترسە

لەمن مەترسە، شەپۆلەکانی سەرنجی شێت و
نیگای شپرزە و تەماشای تیژم نەرم و نیانن
روو وەرمەگێڕە، وەها مەزانە گوڵاڵە سوورەی
روومەتەکانت هەڵئەوەرێنن، نرخی نازانن!
تۆبڵێی وابێ!
دنیا گۆڕابێ!؟
نەخێر بە ورشەی ئەستێرەی گەشی ئەو جووتە چاوەت
بەیەکەم بینین زانیم چ جۆرێ زێڕی پاکژیت
روو وەرمەگێڕە، رەوای مەبینە بە هەڵوێستی وا
پسپووری بەها و بایەخی جوانیت بێهۆ بکوژیت!
کوشتنی دڵدار
تاوانە دووچار!
ئەگەر نازیشە روو وەرمەگێڕە منم خۆری تۆ
گوڵە بەرۆژە روو لەخۆر نەبێ، بێ رەنگ و بەرە
من باخەوان و ئاودێری گوڵی جوان و رەسەنم



بەهای تۆ منم، بەردی سەنگی زێڕ لای زەڕنگەرە
جوانی ناوازە:
تووبی ئەم نازە
بەچاوێکی تر رووم تێکەرەوە، خۆت مەڕەنجێنە
با پەشیمانی نەتکاتە خەستەی ئازاری ویژدان
دڵم هێلانەی ئارامی تۆیە، دڵم ئاوێنەی
خۆشەویستیتە، دڵم مەشکێنە، مەبە هۆی تاوان
تۆ گوڵی سووری
لەتاوان دووری!

سلێمانی: 1987

# چاو

لەناو شەپۆلی ورشەی چاویدا ژیانێکی نوێ دێتە بەرچاوم
سەری سەرسامیم بەدووما نایەت ئەفسوونێکیوا لەچاوی داوم
لەو چاوانەدا سروشتی ژیان ئاسایی نییە مرۆڤ تیاونە
مرۆڤی سەرسام کەشتیوانێکی وێڵ و بزری زەریای بێبنە
لەو چاوانەدا گەر بەختەوەرێ هەبێ چاوێکی ڕێزی لێبنرێ
من وای تێئەگەم بەختەوەریوا نەپیر ئەبێت و نە ئەشێ بمرێ!

سلێمانی: 1987



# تۆڵە

کچۆڵەیەك سێوچوار ساڵە
ئەمداتە بەر نیگای چاوی
زەردەی خونچەی لێوی تادێ
ئەکرێتەوە و گەشترئەبێ
سەرەتا ئەموت مناڵە
نەمئەپرسی چیە ناوی
ئەو فریشتەی پەری شێوەی
رووکراوەی گەش و خۆشە
دەماری لاوازی گرتم
کارامانە پەیپێبردم
ئێستاکە خاوەنی وشەی
تاك و داگیرکەری هۆشە
هەرچەن بەروخسار و شێوە
شل وبێسڵ و سادەیە
لەراستیدا دوو ئەوەندە
گیروبیانوو گرو توندە
نزیکبێ سرك و بزێوە
لەدوورەوە ئامادەیە
ئەم جوانە، ئەم کیژۆڵەیە
چونکە ئازاری ئەچێژم
کە ئەیگەمێ، بەگاز، بەدەم
ئەیگرێنم، بەرینادەم
خۆشی ئەزانێ تۆڵەیە
داخی دڵی پێئەڕێژم

سلێمانی: 1987

# جۆشی ئەوین

وتم ئەمشەو وەك شەوانی تەمەنی پڕلەئەشكەنجەم
بۆ وەنەوزێ سەرم نایە سەر سەرینی ئاوەڵی خەم
بەچاوی تۆ، بەگیانی تۆ، نەسرەوتێ، نەئارامێ
ئەشێ وابێ بەشی چاوو دڵی كەسێكی ناكامێ!؟
وتی ئەمشەو فریشتەی خەو، خەم و ژانی تۆی ئەزانی
لەمژدانەی ئەوا نوستم، خەوێكی خۆش تا بەیانی
تۆ لەكوێتە، ئەوینی من نەك خەوی شەو ئەتۆرێنێ
تاوی داوم جۆگەلەی خوێن لەچاوانا ئەچۆڕێنێ
وتم ئۆخەی یارەكەی من شوكر هوشیارە وەك مەحوی
دڵم قوربانی چاویبێ، چاوم لەبەرپێیا نەوی
چیمە لەچاوی بێئەشك و دڵی ساكار و كرچ و كاڵ
ئەوین بێ جۆش و بێچێژە تا نەسووتێ وەكو زوخاڵ

سلێمانی: 1987



# پاڵەپەستۆ

ئاژاوەیەك بوو، ئەهاتن، ئەچوون، هێرشیان ئەبرد، ئەو خەڵكە زۆرە
كەسێكم نەدی گوێ بدا بەكەس، یا گوێ بەیاسای ڕەوشت و نۆرە
شەپۆلێ ئەچوو، شەپۆلێ ئەهات، من و جوانێكیان هاویشتە كەنار
ئەم بێبەشبوونە بوو بە هۆكاری خۆشەویستیمان، دوایی بووینە یار
چ دەسكەوتێك و بەشێكی زۆر بوو، ئۆخەی لەو بەشە، لەدەسكەوتی وا!
شێخێ پێیوتم: ئەشێ نزوولەت گەیشتبێتە دەرگاوانی خوا!!

سلێمانی: 1989

# خۆزگە

گەر بەختەوەری بەجوانی بوایە
کێ لەم دنیایە
ئەنیشتەوە سەر
ترۆپکی هونەر
وەکو ئێوەی جوان
ئەی خەفەتباری پەنا بۆ گریان!
خۆزگە بێتەڵێ
یا گەرووی مەڵێ
رازی دەروونی منی ئەگەیان
بەکوورە جۆشی دڵی شکاوت
خۆزگە هەناسەی
برژاوی تاسەی
گەیشتن بەڕووت، ئەگەییە دامان
برژانگی تەڕی فرمێسکی چاوت
خۆزگە پیتەکان ئەبوونە وێنەی
پەلکە زێڕینە، خۆیان ئەنوان
لەدوای بارانی شەستی دیدەکەت
بەئاسمانەوە تێتیان ئەگەیان:
لەبۆتەی دڵی منا ئەسووتێ بەختەوەریی تۆ
تاوێ کڵپەیە، تاوێ پشکۆیە، تاوێ ژیلەمۆ



خۆزگە چریکەم سەرتاپاسەری دنیای ئەهەژان
هەرچی گیاندار و چی بێگیان هەیە ئەهاتە لەرین
تاکو لەدنیای ئاوازی خۆش و بەستەی ئاهەنگدا
تۆشی ئەبزوان، تۆشی ئەخستە سەما و هەڵپەڕین
خۆزگە بۆ شانەی قژی بێشانەی ئاڵۆزی شێواو
چنگی هۆشی من وەکو تەلیسمێ ئەگەییە سەرت
خۆزگە بۆ نەخش و بۆ ڕازانەوەی ئاودامانی ڕەش
دەستی هونەریم ئەنایە تاڵی پۆشاکی بەرت
خۆزگە ئەبوومە یەکەم نوێنەری شانۆی پێکەنین
بزەم ئەنایە سەر لێوی گەشی ناسکی شیرین
خۆزگە هەموو کەس بەبێ دابڕان وەکو دێوانە
یا وەك شەم بوایە
لەجێگەی ژاری خەم و پەژارە، هەمیشە بادەی
ماچی دەم بوایە
خۆزگە ئازیزم وەکو پەروانە دوو باڵم ئەبوو
بەبێ سرەوت و وچان و ئارام
ئەسووڕامەوە بەدەوری چرای گەشی شێوەتا
تا کۆتایی ژین، هەتا ئەسووتام
خۆزگە چی ئێسکی لەشی من هەیە ئەیانکردە دار
بۆ تابووتەکەت
هەر بەو دارەوە لەژێری گڵا پێکەوە هەتا
ڕۆژی قیامەت

خۆزگە لەجیاتی گڵ گۆشتی جەستەم ئەکرایە خۆڵ و
ئەنرایە سەرت
خۆزگە بۆ خەونی زیندووبوونەوە ئەبوومەمۆمی
رێگە و رابەرت
خۆزگە ئازیزم هەر لەئێستاوە وەك وەکالەتێ
بۆ رێنمایی و زیاندانەوەی دڵی شکاوت
بەرەو نووسینگەی ئامێری هەستم گوڕ و زاتێکت
ئەنایە بەرت
تاکو بۆ ڕۆژی لێپرسینەوەی دادگای یەزدان
بەرامبەر چەرخ و کاری ناکردەی جیهانی کێشە و
زۆر و ستەم و پێچەوانەی کار، منیان دانایە
بەپارێزەرت

سلێمانی: 1990



# ئەڵێن و ئەڵێم

ئەڵێن ئەم هەستیارە ژیرە، لەسەر کام بڕیار و بیرە
بەهەر کاکۆڵی نازدارێ، پەرێشانی بێ نەزیرە!؟
ئەڵێم پەرچەم سەنگینێ بوو، لەناکاوا لەدەستم چوو
بەجۆرێ کاریتێکردم، قژم لێبۆتە خولیا و خوو
ئەڵێن بۆ وا دەم و دەستە، ئەناڵێنێ وەکو خەستە
بەرامبەر هەر دەنگێ خۆشە، وەها سەرسام و وامەستە!؟
ئەڵێم شۆخێ دەنگیم باتێ، گوڕ و تینێکە ئەمداتێ
بەهیوای سۆزی ئاوازێ، لەرەنگی دەنگی بمگاتێ
ئەڵێن فەرهاد لەبێستوونی دائەتاشی بۆ شیرینی
کە تەنیابێ، بەهانەی چی؟ بێتروسکەی نازەنینی؟
ئەڵێم گەرچی بێنگینم، لەدەستم چوو نازەنینم
هەموو کاڵێ، یا کەژاڵێ، بەئەندێشەی ئەو ئەبینم
ئەڵێن پیری ئەویندارێ، بەتەنیا بۆ تاکە یارێ
ئەشێ بمرێ، ئەشێ بکرێ بە دێوانەی دەرکەنارێ
ئەڵێم وێڵی بردنێکم، منیش جۆری مردنێکم

بەیادی ئەو جارە ناجار، خەریکی دڵ گرتنێکم

ئەڵێن دڵداری نامۆیە، خەڕۆیە یاخو درۆیە

کڕین یا دەسبڕینێکە، تەکان و پاڵەپەستۆیە

ئەڵێم کەی وایە بوختانە، لەلای من بەڵگە ئاسانە

بەبێ (شێوەی) ژیان ژانە، پەری جەستەی بەبێ گیانە!

سلێمانی: 1987



# لەپاش باران کە پەنك

هێشتا سپێدەی نەوبەهارێکی تازەی تەمەن بووم

بەرەو بەهەشتی لاوێتی ئەچووم

فریشتەیەکی دە دوانزە ساڵان

ئەستێرەی کۆڵان

زەردەی ئەبەخشی، نیگای ئەباران

نەك هەر بەزستان

بە چوار وەرزی ساڵ

منیش بێئەزموون، بەرهەمێکی کاڵ!

ئێستاش لەبیرمە

ئاهەنگ و بەزمی ئەو ڕۆژە تووشەی برا بەبووکی

لەدرزی تارای رەشی سوورەوە

بەهەمان رەزمی نیگا و پێکەنین

ماڵ ئاوایی کرد لە هەرزەگێلی هاوڕێی بچووکی

★ ★ ★

زەوی نزیکەی نیوە سەدەیەك
بەدەوری ڕۆژا مرۆڤی سووڕان
جارێکیتریش پەریزادێکی دە دوانزە ساڵان
هاتەوە ڕێگام
بێ زەردەخەنە، بەبێ نیگای گەش
بۆ کاردانەوە لەکاری سروشت
پیشم خواردەوە و نەفرەتێکم کرد لەئەنجامی ڕەش
دایکە پیرەکەی ئەو پەریزادە
کەمێ تێڕاما و فرمێسکێکی ڕشت
وتی لەبیرتە ڕۆژانی کۆڵان!؟
وتم: پەری گیان!؟
وتی: کەپەنك لەپاشی باران!!!

سلێمانی: 1990



# بیرێکی ئاڵۆز

تۆ بڵێی سروشت ئەوەی کردبێ دەستی بەردابێ
پێی لەناو دەریای بێبنی جوانیی ئەوا وەردابێ!؟
تۆ بڵێی ڤینۆس، خواوەندی جوانی، لەگەڵیا جیابێ
زەوی بێنازی نەرمە ڕەوتەکەی، ئاسۆ گریابێ!؟
تۆ بڵێی چاوی بریسکەو نیگای گەشی بڕابێ
پێستە ئاڵەکەی لامل و گۆنای زەرد هەڵگەڕابێ!؟
تۆ بڵێی شەوقی قژ و ڕەنگ و بۆی هەڵبزرکابێ
سنگ و مەمك و لەشە نەرمەکەی سیس و ژاکا بێ!؟
تۆ بڵێی لێوی تەڕ و پاراوی وشك و لکابێ
سۆز و ئاوازی پێکەنینەکەی، دەنگی، خنکابێ!؟
تۆبڵێی تەمەن فرسەتی لەناو دەمی هێنابێ
ئەو تام و بۆن و بەرامە خۆشەی لەبن هێنابێ!؟
تۆ بڵێی منیش چاوی سەرنج و سەرم شێوابێ!؟
نابێ، گەر وابێ، من نەگۆڕاوم، ماڵی ئاوابێ
من چۆنم دیوە، هەر وای ئەبینم، گەر لەدڵدابێ
هەر شێوەی ئەوسای دێتە بەرچاوم هەرچی روویدابێ
سلێمانی: 1983

# جەژنی سی ساڵەی خۆشەویستی

شا پەریی شێوەی مناڵیم، وەی نموونەی شۆخی کوردی
پەیکەرێکی خامەڕێژی هەستەکانم بۆ نەکردی!؟
ئەی لەئەنجاما بەسەر دەستی منا بۆ ڕانەبوردی
تا بڵێم ئۆخەی ئەشێلێ پەنجەکانم وا بەوردی
ڕەنجی فەرهادم بەباچوو نارەوا بەدکارێ بردی
ڕەنجی فەرهادم بەبا چوو هەی دڵی گێل بۆ نەمردی!؟

***

من بەسی ساڵێ لەمەوبەر بۆ یەکەمجار تۆم کە بینی
تێگەیشتم گەوهەرێکی شەوچرای ڕووگەی زەمینی
دەسبەجێ دڵ هاوسەرێتی خۆی لەباخیئێوە بینی
لەو دەمە و لەو ساتەوانێ تابێ زیاتر نازەنینی
خۆشەویستی بۆ یەکەمجار هەر ئەمێنێ تۆ شیرینی
خۆشەویستی بۆ یەکەمجار نازەنینە و تۆ ئەوینی

***



دڵ کە سی ساڵێ لەمەوبەر ناڵە ناڵی لێوە هەستا
چاوەکانی ئێوە لێیدا، دووکەڵی ئاهێ لەهەستا
عالەمێکی تێگەیان و دەرکەنارێ هەل لەدەستا
ڕاپەڕی بۆ ئەو وشانەی خەم لەناویدا ئەوەستا
بەو خەم و ناڵینە ماوم لێمگەڕێن وا بوومە وەستا
بەو خەم و ناڵینە ماوم گەشکەدارم تاکو ئێستا!

***

ئەو دەمەی تۆم کردە وێنەی پەیکەری خواوەندی جوانی
هەرزەکار و بێ خەبەر بووم، تازە لاوێ، نەمئەزانی
کۆنە دڕکی داستانی خاتو زینی خاڵە خانی
ماڵەکەی تۆشی تەنیوە، بۆتە چاوی کوێرەکانی!
تۆ کە ئێستا شاژنێکی بەم گەدایەت بۆ نەزانی!؟
تۆ کە ئێستا شاژنێکی خاوەنی دوو دیوەخانی!!

***

ئێستە وا سی جەژنە ئەمشەو بۆ بریی مۆمی مەبەستم
سی گرێکی کوورە جوشی پڕ بلێسەی ناخی هەستم

هەڵئەواسم، سی هەزاران یادگاری پێ ئەبەستم
بەو تەمایەی پاشی سی ساڵ دەستی چارێ بەیتە دەستم
سی ئەوەندە یادەکانت زامە سوێبن ڕائەوەستم
سی ئەوەندە یادەکانت تاڵەڕێبن ئەتپەرستم

★★★

نازەنینم بێرە ماڵم، کۆڕە بۆ یادی ئەوینم
نا بەکام و چاوەڕوانی مەرگەساتی ئاگرینم
وا پەپوولەش خۆی ئەسووتێنێ بەتینی نوێبرینم
ئەم بەسەرهاتەم شەوێکی ڕاستە یا من خەو ئەبینم!؟
سا بەقوربانی دەمتبم تا دەمی کۆتا بەژینم
سا بەقوربانی دەمتبم ئەی چراکەی باوەڕینم

سلێمانی: 1988



# یەکەم نیگا

## خۆشەویستی خۆراکێکی گیانیە

وەك سەرسامێك بۆیەکەمجار تەنیا سەیر و تەماشایەك
ئەویش شەرمێك، تووڕەبوونێك، نازێك تێکەڵ بە نیگایەك
بوو بەگرێی داستانێکی خۆش و ناخۆش، وێنەی ژیان
شەڕ و ئاشتی، هەوڵ و هیوا، نۆش و ئازار، بزە و گریان
بێ هەوێنی خۆشەویستی ژیان بێمەزەی شادییە
دڵی خاڵی وێرانەیە، کەلاوەی نامرادییە
لەجوانیدا جوانیی ئافرەت هەندە مەودای فراوانە
ئەگەر ژیر بن هەموو جوانن هەر ئافرەتە جۆرێ جوانە
لەم جیهانی خۆشەویستی و لەم گوڵزاری جوانکارییە
چ کوڵۆڵێ لێی بێبەشە و چ بێبەختێ لێی لارییە!
نیگای چاو و زەردەخەنە و هەناسەی دەمی دولبەرێ
بەسە بۆ دڵی دڵخوازێ، هەزار دەرد و خەم لابەرێ

سلێمانی: 1979

# بێ ئارایشت

**بەرئەنجامی خۆشەویستی شادمانییە،**
**ماتەمینییە، ژیاندنەوەیە،**
**خوێنمژینە.**

وتم ئەشێ پێت بڵێم سەرسامی زەردەی لێوم؟
وتی نەتدیوە زەردە، خەواڵووم و پەشێوم!
وتم بریسکەی تاوی قژی زەردی شۆڕی خاو!
وتی تازە هەستاوم، نەشانەی دیوە نە ئاو.
وتم ئەو پێستە سافەت، ئەو سەرگۆنا پەمەییە!
وتی لای من ئارایشت هێشتا زووە و شوورەییە
وتم باخی سینەکەت بمزانیایە چی ئەگرێت؟
وتی میوەی بەهەشتە، لەوەو دنیا ئەبینرێت
وتم گەشی و نیگای چاو وەك بروسکە لێی داوم
وتی هێشتاکە ماوتە، نەموت تازە هەستاوم!؟
وتم گیانە خوات لەگەڵ جا بۆ ناڵێیت ئەتکوژم؟!
وتی من پیاو ناکوژم، تەنیا خوێنی ئەمژم!

سلێمانی: 1979



# نامە و بەڵێن

## نامەی دولبەران هەندە بەپێزە،
## لەهەرپیتێکیدا روخسارێك ئەبینرێت.
## لەهەر وشەیەکیدا یادگارێك هەست پێئەکرێت

ڕۆژباش گوڵاڵەی گوڵزاری ژینم
ڕۆژباش مەبەست و هەناسە و تینم
نامە و نێرگز و شووشەی گۆڵاوت
وشەی شیرین و سۆزی سڵاوت
چاوەڕوانی بووم کاتێ پێم گەیی
چەن خۆشە ئاوات وازوو بێتە دی
فەرمووبووت بەڵێن؟ سەدجار بەڵێن بێ
بەڵێنی کوردی یەك رەگ و خوێن بێ
لەیادم نەچی تا لەیادتا بم
چەن لەڕێی من بی، هێند لەڕێتابم
من واو تۆ ئاوا مەگەر مەرگ و گڵ
هەڵکەنێ رەگی نێونەمامی دڵ
ئیتر هەر بژیت زینی کاکە مەم
هیوام خۆشیتە چاوەڕێی نامەم

سلێمانی: 1977

# ژوان و چاوەڕوانی

هەر بەڵێنێ کە ئەیدا پێم
ئەشێوێنێ هەزار سەر لێم
وەك منالْ لەشەوی جەژنا
نەخەو نە ئارام نە سوکنا
دەوروپشتم سەراپاسەر
ئەبن بە روخساری دولبەر
سەرنجی گێژ، واقی وڕماو
پەشێوی هۆش، ئەبلەقی چاو
هەر جار بە جۆرێ بۆی ئەڕۆم
گیف هەڵئەدەم شەپیلکی خۆم
لەناو دەریای پڕ ئەندێشەی
بیرم ئاڵۆزاوی کێشەی
تا پێی ئەگەم هەزار جار دەم
ئەمژێ زمان، لێو، سەرگۆی مەم

سلێمانی: 1978



# دەرکەوتنی خۆشەویست

**رادەی خۆشی ئەو چرکەیەی خۆشەویستی تێدا**
**دەرئەکەوێت بەباری پێچەوانەکەیدا بیزانە!**
**ئەگەر بەڵێنت بداتێ و نەیەت!**

گەلاوێژ هەڵهات، گەلاوێژم دی
ئاواتەکەی کۆن ئەوا هاتە دی
دەمێبوو تینووی نیگای دوورتبووم
بەڕۆژووی ماچی لێوی سوورتبووم
نوێژم بەرەوڕووی رێگای تۆ ئەکرد
بۆ ئاسۆی هیوات کوڕنوشم ئەبرد
بتم لەوێنەی رووی تۆ ئەتاشی
ئەمووت پەرستگەم هەر تۆبی باشی
گیانە ئەمجارە جریوەت دیارە
گەشتر لەجاری پێرار و پارە
تیشك و درەوشە و پرشنگی روونت
مانەوەی زۆر و راستێتی بوونت
بەلگە و مژدەیە بۆ دەروونی کەیل
ئیتر نابی بە ئەستێرەی سیوەیل

سلێمانی: 1980

# جوانی دەگمەن

**جوانی سەرمایەیەکی هەندە بەنرخی ئافرەتە، هەرچەند تاك و دەگمەنبێ هێشتا هەر چاوەڕوانی بەڵگەنامەی وشەیەکە کە زیاتر واتای جوانی ئەو بگەیەنێت**

منیش لەگەڵتام جوانی ئاودامان
تۆ جوانی زیاتر لەسەد کچی جوان
بریا لەجێگەی وشەی جوان هەزار
فەرهەنگ وشەیتر ببوایە و لەبار
بۆ پیاهەڵدانی تۆی جوانی گیانی
تۆی دەگمەنی جوان جوانتر لەجوانی
تاکو رستەی جوان، وشەی پڕ ئاواز
تێکەڵ ئەندێشە و سۆز و هەست و ساز
بۆ پیاهەڵدانی جوانی شای جوانان
تەڕ و پڕ بوایە بەتام و رەوان
هاوشان و شیاو تێر بگونجایە
خوای هۆنراوەی جوان لێم نەڕەنجایە

سلێمانی: 1980



# شەپۆلی قژ

**ئەی سەرمایەداری قژ**
**ئەترسیت تینی سەرنجی سەرسامیم**
**قژە جوانەکەت هەڵکوڕوزێنێت؟!**
**ئای کە هوشیاریت!**

ورده شەپۆلی شنەی قژی تۆ
بۆ پێکانی دڵ ناکا سڵ و کۆ
ورشە و پرشنگ و تیشکی زێڕباوی
بریسکەی تاوی خاوی کشاوی
ڕۆژی ئێوارەن کاتی زەردەپەڕ
جوانی ئەبارێ دیمەن هەمووی تەڕ
پەلکەزێڕینەی پرچت هەمیشە
دیار و کشاو و ڕۆشنە و گەشە
هەرجار بەجۆرێ قژت دادێنێ
جوانی و هونەری تیادا دەنوێنێ
جارێ گرد و کۆ لەسەر تەوقی سەر
جارێ خاوو شۆڕ تاژێری کەمەر
بەیانیان دوای خەو پەخشان و شێواو
ئێواران گرد و داهاتوو رازاو
هەمووت هەر لێدێ ئەی کچی قەشەنگ

قژ کۆبێ یا شۆڕ، ژاکاو بێ یا مەنگ
هەر کە ئەتبینم پەنجە و بەری لەپ
دێنە خورو و جۆش بۆ یاری و بۆ گەپ
بۆ گلۆفتنی قژی نەرمو نۆڵ
بۆ هۆنینەوەی تاڵتاڵی کاکۆڵ
چەن خۆشە خەوی سەر رانی گەرمت
سەرم داپۆشێ مووی قژی نەرمت
خەوی ئەو خەوەش هەر قژبینین بێ
خەیاڵ خنکاوی دەریای موویین بێ

سلێمانی: 1977



# تەلیسمی چاو

**چەند پڕ تەلیسمە چاو!!**
**بەنیگایەك گەلێ راستی**
**ئاوەژوو ئەكات!**

ئەی چاوگەشەی تەلیسماوی بە نیگایەك چاوەكانت
رام ئەكێشی بۆ جیهانی پڕ ئەندێشەی فراوانت
بەچاوی گەش ئەمبزوێنی، بە روانینی وردەتیلە
دڵی گەرمم ئەسووتێنی وەك ئاگر و تۆزی ژیلە
هەست و هۆشم لانامێنێ لەسەر سەمتی ترووكەی ئەو
وەكو جازێكی هەژێنراو دڵ لێئەدا و ئەدا برەو
بەسەرسامیم بەجوانی تۆ، بە پەیمانی خۆشەویتسی
ئەشكێمەوە بەلای تۆدا وەكو نوێژی تۆ پەرستی
جار بەجارێ وەك بتەوێ ڕۆژیش وەك من بخەیتە داو
ئەڕوانیتە ئاسمانی ڕوون بە دەزرێژی ترووكەی چاو
ئەشێ ئەمیش هەر بۆ نازبێ بەسەر منا بۆ ناو هەستم
لەگەڵ ڕۆژتە، من ئەپێكی، ئەوەندەی تر كاس ئەوەستم
ئەمكەیتە بەندەی چاوی گەش، چاوم ئەبێ بە گۆمی چاو
هەرچی ئەبینم هەر چاوە، هەزار چاوی تیا قەتیس ماو

سلێمانی: 1981

## ئاوێنەی ڕوومەت

**مەولەوی بەیادت. جوانەکەی**

**منیش وەك جوانەکەی تۆیە کە پێت وت:**

**هەندە ناسکبوو بەبای باوەشێن**

**سەرکولمی ئاڵی پڕ ئەبوو لەخوێن**

**منیش ئەڵێم:**

هاتم نووستبووی مەستی خەوبینین
سەرم نایە لای سەری سەرسەرین
بای هەناسەم دای لەکولم و گۆنا
ڕوشانی و تکتك خوێنی لێهێنا
هەوای پێلووی چاو کە ئەمتروکان
نمنم خوێنی سەر ڕووتی ئەمەیان
رەش دائەگیرسا تۆز تۆز خوێنی ئاڵ
بەڕیز لێت ئەبوو بە خەرمانەی خاڵ
بزەی دەم خەوت گۆنای ئەلەران
خاڵی خوێنکردەی یەك یەك ئەوەران



ڕوو ئەبوو بە ڕۆژ، ڕۆژ ئەبوو بە شەو
شەو ڕۆژ بە تیشکی گۆنای مەستی خەو
منیش وەك مەلی شەوارە کەوتووت
کاس و سەرسوڕماو سەرسامی سای ڕووت
بەهیوای ماچی جێگە خاڵی رەش
دەمم ئەبرد بۆ ڕووی ڕۆشنی گەش
کەچی لەبەختی ناکامی پووتا
وێنەی خۆم ئەدی لەتەختی ڕووتا
دەمم لێی نەدا نەبا رووی شاگوڵ
گەردی لێو بگرێ و لێمبڕەنجێ دڵ
وازم لێهێنا لەرووی روو ڕۆژین
ناچار چوومە سەر دەم و لێو مژین

سلێمانی: 1979

# خاڵۆی خاڵ

**ئۆف لەپیری، چەند دەردێکی گرانە**
**پێی ئەگەیت کەفتەکار ئەبیت**!..
**پێی ناگەیت جوانەمەرگ ئەبیت**!..
**لای دایە کوێرە دێیەك، کچە جوانەکە پێیوت**: **خاڵۆ ماندوو نەبیت، مەولەوی هەستی زامداربوو، جامە دۆکەی پێشکەش کرد و تی فەرموو خاڵۆ، مەولەوی گەیشتە تینی و بڕیاریدا تۆڵەی خۆی لێبکاتەوە بەم دوو بەیتە**:

خاڵۆ خاڵۆتە بەس بڵێ خاڵۆ
خاڵۆ دەم بەبان خاڵانتا ماڵۆ
شەرتبێ لەداخی خاڵە خاڵی تۆ
خۆمکەم بە کوڕی چواردە ساڵ لەنۆ

دەقە هەورامیەکەی:

خاڵۆ خاڵۆتەن بەس واچە خاڵۆ
خاڵۆ دەم وەبان خاڵانتا ماڵۆ
شەرتبۆ جەداخی خاڵەخاڵی تۆ
وێمکەم وەکوڕی چواردەساڵ لەنۆ

**ژیر ئەوەیە پەند لەرابوردوو وەرگرێت، تۆ هەمان هەڵەی جوانەکەی مەولەوی دووبارە ئەکەیتەوە! بۆیە منیش پێت ئەڵێم**:

مەمکە بە خاڵۆ ئەی خاوەن خاڵان



دڵم زێڕێکە نایدەم بەتاڵان
نەمداوە بەکەس هێشتا ساوایە
تازە خاڵێکی خاڵی تۆی تیایە

★

پێم ئەڵێی خاڵۆ گوایە من پیرم
ژاراو و نەشتەر ئەدەیت لەبیرم
من نەخاڵۆم و نەخاڵۆ منم
دێوانەی خاڵی گۆنا و گەردنم

★

بەڵێ خاڵۆ نیم هێشتا مناڵم
شۆڕەسوارێکم راوکەری خاڵم
هاکا خاڵەکەت کەوتە بەر تیرم
بەدەزرێژێ ماچ بوویتە نێچیرم

★

بەڵێنبێ تۆڵەی خاڵە خاڵەکەت
لەبانی خاڵی کوڵمە ئاڵەکەت
بسێنم بەلێو، بە مژینی خاڵ
من وای ئەسێنم تۆڵەی وشەی تاڵ

★

پێم ئەڵێی خاڵۆ و بەخاڵ ئەمکوژی؟
مەرجە گەر هاتوو خاڵانم مژی
تاوەکوو کۆرپەی مەمك لەناودەم
چاو نەچێتە خەو لەمژکۆڵ نەدەم

★

ئاوێنەی دڵم خاڵی تۆی تیابێ
شالاوی پیری با بەڕووما بێ
من هەر مناڵم گڕوگاڵ ئەکەم
داوای مژینی گۆنا و خاڵ ئەکەم

★

نەکەی گیانەکەم پێم بڵێی خاڵۆ
خاڵۆ وا ئیتر بۆ خالانی تۆ
بوو بە خولامی بێخاڵ سەرگەردان
ئامانەتیی تۆ و خاڵۆی پەرێشان

شیاوی وتنە: ئەم هۆنراوەیە، وەك تەواوكەری دوو بەیتەكەی مەولەویم لەسەر داوای مامۆستا نەجمەدین مەلا ئەنجامدا. كە لە (ژبن) ی ژمارە (1508) ڕۆژی 1960/2/11 بلاّوكرایەوە. ئەویش ڕۆژنامەكەی وەك ئالاّ بەرزكردبووەوە بەشەقامی سابونكەرانی سلێمانیدا تابەر سەرا هاواری كردبوو: (مەولەوی و پیرەمێرد زیندوو بوونەتەوە) خەڵكەكە وایانزانیبوو شێتبوە! تا هۆنراوەكەی بۆ خوێندنەوە.



# گوڵ و لێو

## ئەم هەموو گۆرانیە بەسەر گوڵدا بۆ؟ ئەوە گوڵ و ئەمەش لێو!

خونچەی گوڵەباغ جارێك ئەپشكوێ
سوور ئەچێتەوە
لێو، هەردەم، كاتی بزەی ئەبزوێ
گەش ئەبێتەوە
گوڵ هەر بۆ بۆن و بۆ دیمەن دیارە
تەمەن كورت و كەم
لێو ئاڵ و تەڕ و پڕ و ئاودارە
شیرین و زۆردەم
هەنگ بۆ مژینی گوڵ رێگە ئەبڕێ
بەڵام من بۆ لێو
ئارەزوو پەردەی نەزاكەت ئەدرێ
پەرۆش و پشێو
لێوت پاراوە تونگ و پڕ بەدەم
كە رووت ئەگوشم
ئەبمەوە كۆرپە و گڕوگاڵ ئەكەم
تێرتێر ئەیمژم

سلێمانی: 1980

# خواستی ماچ

**ماچ دەربڕینی خۆشەویستییە، ڕێزگرتنە**

هەرچی ئەندامی لەشی تۆ هەیە
بۆ بزواندنی من ئامادەیە
هێڵی سەرنجم بدا لەهەرکوێت
خواستی نەوسنی ماچم ئەبزوێت
هەزاران دەستی نهێنی و بەهێز
ئەدەن لەپەردەی یاسای شەرم و ڕێز
ملی بەپەلەی ماچ درێژ ئەکەم
جێگە سەرنجی چاو سارێژ ئەکەم
خیام هەر بۆخۆت شەراب بنۆشە
لەلای من چێژی ماچی دەم خۆشە

سلێمانی: 1982



# چیژی زمان

**کاتێك کە دەم لەگۆناوە ئەگوێزرێتەوە بۆ لێو و لەوێشەوە بۆ زمان مژین، خۆشەویستی خۆی لە بەرزترین پلەدا ئەنوێنێت.**

شل و شیرین، نەرم و نیان
مژیم بەدەم، بەلێو زمان
کاتێ زمانی تۆم مژی
ئەوسا زانیم مرۆڤ ئەژی
بۆ چەشتنی زمانی یار
شڵپەی ماچی ناودەم و زار
★★★
جاران سەری گۆنام ئەگەست
لێوم ئەدا لەلێوی مەست
بەڵام لەوڕۆژەوە تۆی جوان
ناتە زارم تامی زمان
هەزار گۆنای ئاڵ و خوێنین
لێوی تەڕ و پڕ و شیرین
نایبزوێنێ ئارەزووی دڵ
مەگەر بۆ پێشەکی و بەرکوڵ

سلێمانی: 1981

# گەردنی بەرز

**گەردنی بەرز لەمەرجە سەرەکیەکانی هەڵبژاردنی شاجوانەکانە.**

بەرزیی گەردنت بەڵگەی بەرزیتە
کەش و بێ خەوش و بڵند و زیتە
سفت و ساماڵ و سپی و سادەیە
بۆ راوی چاوی من ئامادەیە
ئەوی لەلاوە دوژمنی تۆ بێ
چەن بەتوانا بێ و خاوەن شکۆ بێ
کە کەوتە بەردەم جادووی گەردنت
ئەبێتە کۆیلەی کوڕنووش بردنت
دەستم دامێنت ئەی گەردن باڵا
هوشیاربەبەرگی رەنگ ئاڵ و واڵا
هەڵەت پێ نەکا و نەت خەڵەتێنێ
بەگەردنتەوە بێ و خۆی بنوێنێ
زێڕ و مرواری با هەرگران بن
یاقووت و ئەڵماس دەگمەن و جوان بن
رایان ناکەوێ بە بەردی تۆ بن
پەڵەی گەردنی بێ گەردی تۆ بن
تۆ کەخاوەنی گەردنی وابی
ئەبێ پەسەند و رێزمەندی خوابی
بۆیە پەرزگە و رووگەی چاوی من
بەگشتی تۆیت و تایبەتی گەردن

سلێمانی: 1982



# دیمەنی پێست

**نیوەی جوانیی ئافرەت، جوانیی پێستە**

تێکرا پێستت وێنەی لەپت
ساف و لووس و سپی و سفت
وەکو چاوت رۆشن و گەش
نە لۆچ نەگەرد نەموو نەخەش
چەشنی دڵت پاك و نەرم
وەك باوەشت گوڕ و گەرم
پێستت سپی بەخاڵ نەخشاو
خاڵی رەش وەك بیلبیلەی چاو
لەگەڵ قوڵپی خوێنی ئاڵت
رەنگی لێوی سوری کاڵت
تێکەڵ بەیەك ئای ئای دیمەن
دیمەنی جوان تەڕ و دەگمەن
ئەی کچی جوان پێستت وایە
ئاوێنەی تاکی دنیایە

سلێمانی: 1982

# نیگاری مەم

**نەك هەر خۆت، مەمكەكانیشت جەنگی دەمارم لەگەڵدا ئەكەن، بەرامبەرم هەڵوەستاون و لووتیان لێكردوومەتە ئاسمان! ئەم هەمووە نازە بۆ؟!**

خۆی پڕ بەچنگ گۆی پڕ بەدەم دیمەنی جوان
لەتەختی سنگ درزێكی كەم ئەیكا بەدوان
پڕ و پتەو سپی بەفرین پۆپەی خوێنین
ئەمكاتە خەو جارێ گۆشین دەمێ مژین
دوورە و پەرێز فڕینی بیر نەفەس یەك جار
لائەبا رێز شێتئەكا ژیر ژیر وێڵ و هار
بەرامبەر ئەو بێ جیاوازی كۆرپەی ساوام
بۆ خەوی شەو مەمك بازی بۆتە خولیام
كەیەك ئەگرین بەبێ پەرژین ئیتر بەزمە
مەمك گوشین مەمك مژین جۆشی رەزمە
جارێكیكەش لادە دوگمەت تینووی مەمم
بێنە گۆی گەش لەژێر سوخمەت بۆ ناو دەمم

سلێمانی: 1982



# چلوورەی قەد

**قەدی باریك: نیشانەی تەندروستییە، نیشانەی چابوكیە، نیشانەی جوانییە.**

لەسەر نەرمەی سەرووی رانت
كەمەر بۆتە بناری قەد
لەژێر سینەی سپیی جوانت
مەمك بۆتە كەناری قەد
لەبان پێستی تەختی سەر سك
گوڵێكی گەش لەسەر ڕووی قەد
ئەگەرچی پێی ئەڵێن ناوك
بەڵام لێوە و دەمودووی قەد
ساف و لووس و سفت و باریك
رێك و هەڵچوو چلوورەی قەد
سپیی ساماڵ، ناوكی تاریك
بۆتە نەخشی بلوورەی قەد
چاو هەمیشە ئارەزوومەند
تینوو، پەرۆش بۆ سەیری قەد
لەش ئامادەی گەڕان، گۆبەند
ڕۆژی سەد جار لەدەوری قەد
قەدی بەرز و تەنگ و رێكت
بۆتە وێنەی بێهاوتای قەد
لەپ لەسكدانی جارێكت

ژیانێکە لەسەر سای قەد
دەس بۆ ناو دەس، سەما کردن
خۆهەڵسوین لەباڵای قەد
مەمك بازی و کەمەر گرتن
هەنگاوێکن بەرەو لای قەد
گوشینی زۆر، گرتنی تونگ
ئەنگوست بۆتە پێوانەی قەد
بەبێ پەروا شالاوی چنگ
منم شێت و دێوانەی قەد
بێنە تۆزێ قەدی باڵات
کچی جوانی خاوەندی قەد
لادە بەرگی ئاڵۆواڵات
کاتی بەزمە و گۆبەندی قەد

سلێمانی: 1982



# ئەندامی رێك

**نرخاندنی سەرمایەی جوانی، جوانیی هەموو ئەندامەکانی لەش ئەگرێتەوە.**

پووزی لووست بریسکەی دێ
لە ئەژنۆوە تا قولی پێ
رێك و پێك و بەرز و هەڵچوو
نەچاڵ، گرێ، نەگەرد، نەموو
ساف و سپی، خز و نەرم
ئەوەندە جوان مایەی شەرم
بەژنت کاتێ مۆدە پۆشە
چاو بازاڕی گەرم و خۆشە
مژ لەسەر مژ روانینی چاك
بۆ ژێر درزی کراسی ساك
بۆ ناو چاڵی ناو رەفیزگەت
پێستی پووزی پڕ ریسکەت

سلێمانی 1982

# شۆڕشی پێکەنین

**پێکەنین دوو هونەری جوانە:**

**دیمەنە وەك هونەری نیگارکێشان، ئاوازە وەك هونەری ساز.**

سۆزی ئاوازی سازی پێکەنین
ئەندامی لەشتی خستۆتە لەرین
خونچەی لێوی تەڕ دەم ئەکاتەوە
دانی مرواریت تیشك ئەداتەوە
کولم و گۆنای ئاڵ سوور داگیرساوە
فرمێسکی شادیی چاو قەتیس ماوە
شەپۆلی قژت وەك ئاوی بەخوڕ
ئەکشێ لەسەر سای سنگی بەرز و پڕ
ختووکەی مەمکی مات و مەنگ ئەدا
رای ئەپەڕێنێ و دێنیتیە سەما
ئاواز و جوانی یەك لای ئەوی تر
خۆی وا ئەنوێنێ بەرزە و باڵاتر
ئەو لەدژی ئەم، ئەم لەدژی ئەو
بازاڕی باویان ئەهێننە برەو
بژی شۆڕشی پێکەنینی خۆش
هەر بەردەوام بێ وێنەی ئاهەنگ پۆش

سلێمانی: 1980



# رەوت و لەنجە

**ڕۆیشتنەکەت ئەڵێی یاخی بوونە لەنەریتی ئەم کۆمەڵە**

**دواکەوتووەی ڕێگەی سەما کردن نادات بەئافرەت**

تویست تویست، لارو لەنجەت
رەوتی رێی سەر، نووکی پەنجەت
لەسەر سەمتی، تەقەی پێڵاو
خڕ ئەیژەنی، هەنگاو هەنگاو
سرك و زیتەڵ، گورج و بەتین
تێکڕا لەشت، دێتە لەرین
وردە تاسەی، مەمکی پڕت
شنەی قژی، شۆڕی جڕت
نەرمەی ژێری، کەمەرژەنین
شان بادان و، مەچەك هاوین
تیلەی خێرا و، ترووکەی چاو
لەرەی گۆنای، سوور هەڵگەڕاو
چۆپیی تازەن، بە رەشبەڵەك
سەمای زۆری، یەك لەدوای یەك
رەوتی رێی تۆ، هەڵپەڕکێیە
چەشنی تویست، سەمای نوێیە
ئەی کچی تەڕ، شەنگ و جوانی
هونەرمەند و، سەما زانی
لەسەر شانۆی، ڕێی تۆی شیرین
زەماوەندە و ، هونەر بارین

سلێمانی 1980

# ڕوخساری تۆراو..

**رادەی جوانیی ئافرەت لەم کاتانەدا باش دیاری ئەدات:**
**لەکاتی لەخەوهەستاندا، لەکاتی گریاندا، لەکاتی تووڕەیی و تۆراندا.**

کە ئەتۆرێیت، ڕووی گەشی مەنگ
خۆی ئەپوشێ بەگەڵێ رەنگ
سوور، شەرابی، ئاڵ، پەمەیی
ناوبەناو تێکەڵ بەسپی
ئای لەو جوانی و لەو دیمەنە
چەن بێهاوتا و چەن دەگمەنە
هەزار دەریای بەر زەردەپەڕ
ناگەن بەوێنەی وەها تەڕ
هەر خواخوامە بەردەوامبی
لەم شێوەشتا تێر لەلام بی
هەر چاوێکم ئەکەم بەچوار
سەرنج ئەبارێنم بەبار
بەسەر رووی وێنە تۆراوتا
بەناو نیگای تیلەی چوتا
خوایە بۆتام هەر ڕۆژێ دوان
لێم بتۆرێ روخساری جوان

سلێمانی: 1982



# بەستەی ئاشت بوونەوە

**هەموو جۆرە ئاشتیەك خۆشە، ئاشتي گێتي، ئاشتي نێوان دوو ولآت، ئاشتي نێوان دوو دراوسێ، ئاشتي ناوماڵ، لەهەمووشیان خۆشتر ئاشتي نێوان دوو خۆشەویست.**

وەرە ئەی نازەنینم
وەرە گیانی شیرینم
لەبەرچی لێم زویریت؟
من یارەکەی دێرینم!

وەرە ئەی سروەی رەوان
خۆشەویستی دڵو گیان
وەرە پێکەوە هەردوو
روو بکەینەوە گوڵزاران

لەدوای رازی بەنهانی
بەخۆشیو کامەرانی
بیکەینەوە بە ئاهەنگ
تۆ سەما و من گۆرانی

وەرە با بەهەشتی ژین
بەشادی بەسەر بەرین
بە شڵپەی ماچی ناودەم
بەیاریو بەپێکەنین

سلێمانی 1983

# سۆزی دەنگ

**خیام ئاوی ترێی ڕەش لەخوێنیدا ئەگەڕا، من هەوای دەنگی خۆش هەستم ئەبزوێنێ.**

ئۆرکێسترای سەر شانۆی خۆش
گەلێ جار پیاو دێنێتە جۆش
ئەلاوەیسی و خاڵەی ڕێبوار
کار ئەکەنە هەست و دەمار
سۆزی کەمان، هەوای شمشاڵ
پیاو ئەبەن بۆ دەریای خەیاڵ
دەنگی بلبل خوێندنی کەو
خوڕەی چەمی بەر مانگەشەو
ئەمانە دیارە گشت خۆشن
خۆراك و زاخاوی هۆشن
لەلای منیش جاری جاران
خۆش بوون وەکو خۆشی ژیان
بەڵام لەو ڕۆژەوە تۆی جوان
هەناوی لەش، ئارامی گیان
لەگەڵما بووی لەسەیران بووین
لەگوێ رووبارێکی جوان بووین
مانگ نەورۆز بوو وەرزی بەهار
گێتی هەمووی رازاوە و دیار
لەلای کۆمەڵێ درەختا
ئەمانڕوانی بە سروشتا



جار جارێکیش بەستەی نەرم
ئەیدا لەتوێی ناز و شەرم
بەستەم ئەوت بەستەی دڵخواز
وشەی شیرین گلەیی و ڕاز
ورد ورد لەشت بۆ ئەجووڵان
بەجوتە هەستاینە سەرپیان
چەپی تۆزێ بۆی هەڵپەڕین
دوای شێلانی گوڵ و نەسرین
بەرامبەر پوڵێ مەل وەستای
داتە چریکە و بۆی هەستای
ئۆف لەو دەنگە و لەو ئاوازە!
لەو گەروە پڕ سۆز و سازە
چیت پێ کردم!! بەبێ ئیختیار
پەلامارم دایت پەلامار!!
ماچم کردیت ماچی ناودەم
مژیم زمان، لێو، سەرگۆی مەم
ئیتر لەوساکەوە خەیاڵ
ئەمبزوێنێ وەکو مناڵ
هەزار دەنگی پڕسازو سۆز
لەلام نابێ بەوەی نەورۆز

سلێمانی: 1977

# تاسەی دووری

**کە دەستم نەت گاتێ، خەو و ئەندێشەت هەر شادمانییە.**

لەکوێی گیانەکەم شاجوانی شیرین
خۆشەویستەکەم تازە خونچەی ژین
سرووش و سۆزی هۆنراوەی تازەم
سەرچاوەی بیری ئەم راز و خوازەم
دڵ لە دڵداری هەڕای کردبوو
بیر لەباوەشی خەما نوستبوو
هەزار قەشەنگی گەردن پڕ لەخاڵ
هەزار خاوەنی لێوی تەڕ و ئاڵ
نەیان ئەجوولان تۆزێ لەهۆشم
نەیان ئەبزوان دڵەی خامۆشم
کەچی تۆ هاتی و بەتەلیسمی چاو
جارێکی تریش دڵت خستە داو!!
ئێستا گەلێ کات بیر لێم ئەشێوێ
دیمەنی باڵای جوانی تۆی ئەوێ
تۆش وەك فریشتەی بەرچاوی خەیاڵ
دێیت و ون دەبی! وەك گاڵتەی مناڵ
من نیگای چاوی ڕۆشنم ئەوێ
قەپاڵ و گازی گەردنم ئەوێ



مژینی لێوی پاراوم ئەوێ
لەپ لێخستنی مووی خاوم ئەوێ
ئەمەوێ کوڵمی سپیی بەخوێن ئاڵ
لێساو لێس بکەم توێژاڵ بە توێژاڵ
ئەمەوێ مەمکی سەر سنگی نەرم
لەقولی مشتا داغ ببێ گەرم
دوای ئەوەی کە هۆش لەلای هەردوو چوو
ئینجا تلی جێ، هەناسەی تەزوو!
بەدوای ئەمیشدا ژوان بۆ سبەی
سبەینێش هەروا هەتا دووسبەی
نا، هەتا ژیان لەش ببزوێنێ
هەوای هەناسەت لێمدا و بمێنێ
گیانە پێم ئەڵێی یارم نەوسنە
ئەمانەی وتم جوانی ویستنە

سلێمانی: 1976

# یاد و ئارەزوو

**هەر تەنیا بەهەست بیری دووریت ناکەم، هەموو ئەندامەکانی لەشم تامەزرۆتن.**

بەری لەپ ئەخورێ بۆ قژگلۆفتن
بۆ گوشینی شان
پەنجە بۆ نەرمەی پەڕەی گوێگرتن
کەوتۆتە جوڵان
چاوم بۆ سەیری چاوی گەش ئەفڕێ
دەم بۆ زار مژین
ئارەزوو رێگەی گیان دانان ئەبڕێ
بۆ کەمەر گوشین
دوورم و تینوو بۆ مژینی لێو
بۆ ماچی ناودەم
ئارەزوومەند و پەرۆش و پشێو
بۆ گوشینی مەم
بۆ سەیری پووز و قەد و گۆنا و خاڵ

چاو بێزوو ئەکا



گوێ بۆ بیستنی ئاوازی زوڵاڵ
ئارەزوو ئەکا
لەگەڵ هەر جوانێ، شۆخێ، قەشەنگێ
بەرەنگارم بێ
خواستی تۆ ویستی وەك پوورەهەنگێ
لێم ئەورووژێ
راچەنین، خورپە، سەرنج، هەناسە
نیگای بەپەرۆش
دوورفڕینی بیر، هێرشی تاسە
ئاڵۆزاویی هۆش
جوانی پەرستم سروشت و ژیان
وای لەمن ئەوێ
کێ بێ شاد بەبێ خۆشەویستی گیان
ڕۆژێ یا شەوێ!

سلێمانی: 1982

# پرسیاری بێ وەڵام

## جوانی بەرگییە لەلاوی، یاخی بوونە لەپیری

وەکو دیلێك کەوتمە شارێ
نزیك دەستی ستەمکارێ
مرۆڤێکی لێو بەبارێ
دەروون پڕ ئێش و ئازارێ
دوور لەیارێ
کەچی دیمەنی نیگارێ
لەجیاتی دەرمان و چارێ
بۆ خەمم بوو بەسەربارێ
دیم نیگارێ
چ نیگارێ؟
لەکەناری راگوزارێ
دوو پەریزاد هاتنە خوارێ
خاوەنی جووتە روخسارێ
چ روخسارێ؟
وەك ئاسمانی نەوبەهارێ
پەلکە زێڕینەی ببارێ
بیاندایە لەهەربارێ
هەر نەیارێ



هەر ڕێبوارێ
وەکو منی دڵکەنارێ
ئەبوو گیرۆدەی پرسیارێ
چ پرسیارێ؟
پرسیارێکی گیر و تارێ
بۆ بەراورد و بژارێ
لەنێو دوانا کردگارێ
وەك بەرهەمێکی شاکارێ
پێی بەخشیبوون هەر بە جارێ
جوانی و شۆخی و لەش و لارێ
نە لەلادێ و نەلەشارێ
نەبینراوە بەهیچ بارێ
نەبیسراوە لەهیچ زارێ
منی داماوی دوچارێ
لەلایەك پەست و خەمبارێ
لەلایەك تووشی پرسیارێ
لەپڕ بیستم وشەی زارێ
دای لەهەستی بریندارێ
هەناوی بەردامە خوارێ
وتی (دایە) وەك هاوارێ
وتم چارێ!!

گرفتارێ.

ئەنالێنێ لەپرسیارێ

پرسیاریتر دێتە کارێ!

کامیان کیژە؟ چ هوشیارێ!

ئەتوانێ بدا بڕیارێ؟

خوایە چارێ بۆ بێ چارێ

چاری خەمی خۆمم جارێ

هەر وەڵامێکی ساکارێ

بدۆزمەوە و هیچ نازدارێ

ناوم نەبا بەبەدکارێ!

سلێمانی: 1983



# کەنیزەکی ناو چوار دیوار

## تێکدانی دیواری چواردەوری کەنیزەکە دیلەکان پێویستییەکی مرۆڤانەیە

لەناو باخێ، فەرشی ژێری کەنیزەکێ، زەوی و چیمەن

پەرژینی چڕ، درەختی زۆر، گوڵی بۆنخۆش، جوان و دەگمەن

کەنیزەکیان فڕاندبوو بۆ ناو دەریای قووڵی خەیاڵ

لەگەڵ ساوای یەك ساڵەیەك یاری ئەکرد وەکو مناڵ

قەپی لەپێ و رانی ئەگرت، ئەی گلۆفت و ماچی ئەکرد

ساوای زیتەڵ بۆ قژ و رووی خاشاوڵ و چنگی ئەبرد

خەیاڵ چڕ بوو، مناڵەکەی لێبوو بەلاو، خۆی دەزگیران

ئنجا بۆ ناز تووڕە ئەبوو، جارجارێکیش خۆی ئەتۆران

ئەهاتەوە و دەس بۆ ملی، دەم بۆ ناودەم، تێر لێو مژین

تەپاوتلی ناو چیمەن و وڕێنەی خۆش و پێکەنین

چەن گوناهە کەنیزەکی زۆرلێکراو، ناو چوار دیوار

نەنازی کەس، نەسەربەستی، نەهەناسەی بۆن خۆشی یار

سلێمانی: 1977

# کارتێکردنی جوانی

**هێزی راکێشانی جوانی لەهێزی راکێشانی گەردوون کەمتر نییە.**

لەسەر کەپری داری مێویّ، کچێکم دی گەڵای ئەکرد
لەرەی شانی ئاهەنگیّ بوو، وردە لەنجە و سەمای ئەکرد
باسك و باڵی وەك بلووری لەتوێی کراسی بێ دیمەن
بەدیئەکرا چی ئەبینرا؟! داهاتوویەك تاك و دەگمەن
قژی خاوی، شەماڵ ئەیدا بەسەر روویا و دای ئەپۆشی
دەست و پەنجەی بە نازەوە گەڵای ئەخستە ناوکۆشی
شەپۆل شەپۆل ئەهاتە خوار تاوەکانی قژی رەشی
پرشنگی رووی ئەیدایەوە لە ئەستێرەی چاوی گەشی
سەیرانێك بوو ئەم دیمەنە وەکو لوتکەی بەرزی سنگی
مەمکی لاوی داڕێژراوی پەیکەرتاشی پڕ بەچنگی
پووزی رێك و رانی بەفرین کە دەرئەکەوت رێبوارەکان
هەندێك شەرم، هەندێك تیلە، هەندێکیش رێك بۆی ئەوەستان
گەڵا تەواو، هاتە خواریّ، پشتی گاڵتەی کردە کۆڵان
وەکو بڵێ خواتان لەگەڵ، ئێوە لەکویّ و منی واجوان

سلێمانی: 1978



# بابیبوون و پەشیمانی

**پەشیمانی چارەسەری بابیبوون نیە، هەر چرکەیەك لەم ژیانە کە لەدەست چوو نایەتەوە. هەل لەکیس مەدەن**

بەجوانیەکەی، بەباڵاکەی، بەقژی خاو، بەچاوی گەش
بەپێستی کاڵ، لێوی پاراو، بەبەژنی رێك، گەردنی کەش
زۆر ئەنازی، وای ئەزانی مرۆڤ نیە، پەری زادە
ئەستێرەی ئەشیّ ڤینۆس بێ، یا فریشتەی خۆر نەژادە
ئاوەڵی بوو لافی بەرزی، بایی بوون و لەخۆ گۆڕان
دڵی هەزار دڵی گەرمی داواکار و لاوی شکان
هەتا کاتیّ ڕۆژگاری ڕانەوەستا و دای لەباڵی
پەشیمانی فریای نەکەوت، ژاکا پێست و گۆنای ئاڵی
هەرچەن شێوەی جوانییەکی زۆر هێشتا هەر لەروویا ماوە
بەڵام رەنگی بەتەوژمی پیری تەواو بزڕکاوە
ئەم ژیانە هەلە و ئەڕوات کە لەدەست چوو نایەتەوە
کەس نەنازیّ بەئەستێرەی بەخت و باوی، ئەکوژێتەوە
\

سلێمانی: 1981

# دوو هەڵوێست

**گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێتەوە، لەڕۆژی رووناکیش ئەشێ ئەستێرەی گەش بکەوێتەوە.**

وشەی گیراو لەگەروومدا، بەرامبەر جوانێ دەرباز بوو
دڵ راچەنی، دەم پێکەنی، چاو شەرمەزار، سەرفراز بوو
وتم ئەی جوان، لێم ببورە، مرۆڤیت یان پەری زادیت؟
وتی من دایکی ئەستێرەم، بۆ ئەترسیت؟ تۆ ئازادیت
لەئەستێرەی گەشم پرسی، نەژادی تۆ لەڕێی خوادا
وتی گیانە کچی ڕۆژم، بۆ هیچ هەیە لەئارادا؟
وتم ڕۆژێکی ڕوناك بوو، کە ئەمڕۆ هاتە سەر ڕێگام
ئەوا ئێستاش شەوم ڕۆژە، ئەی ئەستێرەی تازە نیگام
لەبەرخۆوە ئەمبزڕکان! خەوە، خەیاڵە، رووداوە؟!
وتی بۆ واقت وڕماوە؟ نازانی دنیا گۆڕاوە؟

سلێمانی: 1978



# جوانێکی تاك

**ئاخۆ ئەم یەکسانیی بەرگ و درێژکردنی قژ و زێر لەخۆدانە، یەکسانیی نێوان نێر و مێیە؟ گۆڕان و پێشکەوتنە؟ یاخی بوونە لەم ژیانە؟ یان خاوبونەوەی دەمارە؟ تۆ بڵێی هەموویان بێت!؟.**

سەیرانگایەك پڕ دیمەنی تەلاری بەرز و رازاوە
گوڵ و گوڵزار، درەختی چڕ چیای بڵند، ئاوی چاوە
سەیرانکەران، کوڕو کاڵ و کچی بزێو، شاژنی مەنگ
دڵخۆش و پڕ جۆش و تەڕپۆش، بەرگی بەهادار، رەنگاورەنگ
هەمووی خرانە ئەولاوە بۆ تەماشای جوانێکی تاك
ڕێگەی ئەبڕی، سرك و زیتەڵ، بێ ئاوڕدانەوە و بێ باك
رەوتی ڕێگەی ئاهەنگێ بوو، ساز و سەما و لارو لەنجە
زنجیر لەگەردنی بەرزیا نەخشی مەڕمەڕ، زێڕ لەپەنجە
کوڵم و گۆنا و لێوی ئاڵی شەوقی لەگوڵزار بڕی بوو
قژی زەردی خاوی شۆڕی هەزار بیری بۆ فڕی بوو
کەوتە چۆڵێ، ماشین سوارێ پێشی لێگرت و بۆی وەستا
کەسواربوو هەر ئەوەندەبوو دڵی بەجۆشی نەوەستا
گەلێ وشەی ڕێزی بۆ وت کە چەند سەرسامە و شادمان
بەڵام وەڵام گورچك بڕ بوو، وتی، لاوم، خاوەن ژوان!

سلێمانی: 1980

# دڵێکی شکاو

**لەگەڵ سەرکەوتنی تەمەندا، وردە وردە تێئەگەیت کە لاوێتی گەورەترین سەرمایەیە.**

دڵشکاوم ئەمڕۆ جوانێ وەك پێمبڵێ بەهارت چوو
تەلی هەستی ئاڵۆزانم، هەناسەم سوار، گەرووم پڕ بوو
رووم تێکرد و رووی لێنەنام، تێگەیشتم کە ئەهریمەن
دەرگای بەختم لێدائەخا، سەرئەکەوێ پلەی تەمەن
ئەی یادگار کوا ڕۆژانی بەختەوەریم، من لاوێ بووم
بەنیگایەك روومبنایە لەڤینۆسێ، ئەکەوتە دووم
بەهەشتێ بوو جیهانی من فراوان و بەبێ سنوور
پڕ فریشتەی قژی خاوو بەژنی رێك و لەشی بلوور
پیاڵەی مەیم بۆ هەرجارە چاوی مەستی نازدارێ بوو
مەزەی خۆشم بزەی لێوو ماچی تەڕی ناوازێ بوو
ئەی روخساری گەش و روونی فریشتەکان بریسکەتان
ئەی ئەستێرەی کوڵم و گۆنا رێم تاریکە تروسکەتان
بۆ شەوانی پڕ ئاهەنگی شانۆکانی ڤیەنای خۆش



قژ زەردەکان، چۆپی و ئاواز، مژینی لێو، شەراب و نۆش
بەبێ هوودە مەگەر هەر ئاخ هەڵبکێشم، نەما رۆژم
نایبینمەوە بەهاری ژین، ئیتر ئەشکی تاڵ ئەرێژم
خۆزگە کە سێ بۆی ئەپرسیم جوانەکانی شاری بەرلین
وەکو جاران هەر دڵ نەرمن یا سووڕاوە لەوێش زەمین
گەر بەسەردان رێم کەوتەوە دەریاچەکەی جنێڤی خۆش
لەپلاژی لەشی رووتا دەرئەکەوێ برینی هۆش
جارێکی تر ئەگەر بینرام لەئەستەمووڵ، ئاخۆ لەوێ
گەنم رەنگان بەچ جۆرێ زامی هەستم بێننەوە سوێ
کە لەرۆژی ژیانەوەی گیاندارانا چوومەوە شام
لەتاو تانەی سیاچاوان، چۆن بتوانم بگرم ئارام
بیرەوەریم گەلێ زۆرە لەبغدادا باسی ناکەم
نەوەك لەوێش لای دولبەران، وا شکابێ نرخی سکەم
من لاوێ بووم ئەستێرەم گەش لەئاسمانی سلێمانی
ئەستێرەی بەختی کراوەم شەوی ئەکرد بەبەیانی
ئێستا کزە و بێجریوە بەرپێی رەوتی خۆم نابینم

نائومێدی رێم پێ ئەگرێ، زرنگەی گوێم ئەکا شینم

لەشەقڵاوە و سەلاحەدین یادگارم پڕ هەولێرە
وەك سەرسەنگو سۆلاڤ ڕێگەم ئێستاکە لێژو هەڵدێرە
ڕۆژانی ناو دەریای ورمێ، شەوانی شۆخی کرماشان
بەیانیانی قەسری شیرین، ئێوارەی جوانی تاق بوستان
وەك نەغەدەوخانە و شنۆ، سنەوسەرپێڵ، وەکو بێستوون
خەوێ بوون، یادگارێ بوون، نایەنەوە، هاتن و چوون
گەلێ گەڕام لەزۆر باخا بۆنی خۆشی گوڵانم کرد
سەوز و زەردی بەری تازەی نەونەمام و چڵانم برد
جێگەی داخە درەنگ هاتم بۆ مهاباد هەمووی پەری
بریا لێرە خونچەی دڵم بکرایەوە، گەڵای وەری
بەهارم چوو پەریزادان، دوێنێم یادکەن، مەپرسن کێم
نازدارەکان نیگای چاوێ شەوم زەنگە بۆ دواوە دێم

مهاباد: 1974



# تەوژمی جەنگ

لەتاڵی پەلکەزێڕینەی قژی خاوی, ئەباری رەنگ
بەرۆژی رووی, وزەی جوانی ئەدایە بەژنی شۆخوشەنگ
سەرنجێکی, دڵرامیی ئەبەخشی بێ شەرابو بەنگ
وەکو شاژن بەنازو رێزو رامانێ ئەهاتە دەنگ
بەبێ بوونی, زەوی چۆڵو تەلا خۆڵو ترازوو لەنگ
لەشێوەی گۆمی بەر زەردەی هەتاوێکا, سەلارو مەنگ
هەموو وەرزی بەهاری نایە ئامێزی, کشو بێدەنگ
هەتا تانەی دژانێکی, درەنگکاتی شەوی ئاهەنگ
لە هەستی دا, هەژانی بۆ وەڵامو دای لەتەپڵو زەنگ
لە سەرچۆپیی سەمایەکدا, بەسێپێیی, وەکو پێشەنگ
زەوی لەرزان, هەور گریا, دڵی ئەستێرە تارو تەنگ
وەرەی بەخشی بەیارانی, نەیاری کردە پووشو پەنگ
ئیتر زۆرێ, بەبێ پەرواو لەراژەیدا, ئەویش شاهەنگ
وەهایە بووکی ئەندێشەم, ئەبێ وابێ تەوژمی جەنگ

سلێمانی: 2009

# تاکەی خەیاڵیش سزا بچێژێ؟

لەرێگەوبانا
لەخۆشیو ژانا
رۆژێ یا شەوێ
جوانێ دەرکەوێ
گەنجینەی تەلآی شانەکانی دڵ ئەرژێنەوە یاد
ئاپۆرەی گەلآی نەونەمامو گوڵ ئەشنێنەوە شاد
ئەبن بەوێنەی ئەوینی ونبووم
وتەو ورێنەی دەروونی تینووم
بەڵکو بەبادەی ئەندێشەی خۆشم
ئاواتو تاسەی ئامێزو کۆشم
کەچی ئەگەر بێو بۆ چێژی زارێ دەمی بۆ ببەم
لەجیاتی دوو لێو دوو نووکی خارێ ئەئاژیتە دەم
ئەی داوەری ژین تاکەی خەیاڵیش سزا بچێژێ
درکی مەموزین خەونێکی کاڵیش وەها بنێژێ!؟

سلێمانی: 2009



# پرسارێك؟

سەردەمێ سەر خۆی لە بورجێکا ئەبینی
چەن دڵو رووی دولبەرانێکی شکان
ئێستە ئاهی ئەو دڵانە ئەمهەژێنێ
بۆتە ئاوێزانی زامو داخو ژان
★
ئازیزانم: نارەوا کەس
نەپشکێنێ جامی بادەی دولبەران
پڕ سزای ویژدانە تۆڵەی
گەورەتاوانی لەباخا گوڵوەران
★
ئەی فریشتەی راگری تۆماری سۆزو رازو خەم
تۆبڵێی خواوەندی جوانی لێم ببوورێ, تۆ بکەم
سەرلەنوێ مێژوو برەخسێنێ کەشێ لاوانەبێ
سەر لەپێناوی سەری ئەو سەرجەمی جوانا نەبێ؟

سلێمانی: 2009

# فرمێسكی وشە



# باوك

لەباوكمدا بۆ یەكەمجار دەریای گەورەی ڕەوشتمدی
لەوا بیرو لەوا هێز و لەوا ئارام و پشتمدی
لەباوكمدا هەستی ناسك، دڵی بەسۆز، خۆشەویستی
واتاكانی ڕێز و چاكە، لەخۆبوردن، خۆنەویستی
لەوا زانیم كەگەورەیی لەوەدایە بۆ خواری خۆت
ببی بەمۆم، بسووتێنی شادەمار وسەرجەم وكۆت
كەفەلسەفەم لەژیانا خوێنی زانیم تێكڕا گێتی
زەویی دێمە بێ فەلسەفەی بڵند و بەرزی باوكێتی

سلێمانی: 1981/8/25

# دایك

لەدایکدا چ خاوێنە و چ پیرۆز
دەمی کاتی بەقوربان و دەمی سۆز
لەوا ئاوی ڕەگ و ڕیشەی دڵ و گیان
لەوا مژدەی شەوی کۆتا بەنەورۆز
لەوا کانیی دڵی ساف بەهاران
لەوا سازو لەوا ئاوازی پڕسۆز
لەسەرمادا، لەگەرمادا پەناگەی
بەئارامی جگەر گۆشەی ڕەوادۆز
لەوا تەرزەی سپیی پاکی بەری چاو
لەوا خەندەی دەم و لێوی گوڵی ڕۆز
لەوا پەنجەی هەڵێنانی هەزاران
گرێ کوێرەی پەتی فرچۆك و ئاڵۆز
منالآنی لەشارانا بلیمەت
لەشاخانا وەکو بازی هەڵۆ دۆز
ئەژی دایك لەهیوادا بەئاوات
بەری ڕەنجی لەبەرزیدا بکا تۆز
لەڕێگەی نیشتمانا خۆنەکردن
بەڕێ و پردی دژانێکی گەل و هۆز
ئەژی دایك لەئاواتا گرووهێك



لەپالێدا بەیەکسانی بەبێ پۆز
بچێنن تۆوی ئازادی، بکۆشن
هەتا مەرگی کەری دێز و سەگی بۆز
بەهانا بن لەگەڵ یەکدا بەلەنگەر
لەهەورازی شکستیدا بەتاکۆز
ئەبێ وابن لەباوەڕدا کەئێوەن
هەموو وێنەی کچی شۆخ و کوڕی قۆز

سلێمانی: 1985

# مەرگ و ئازار و نەورۆز

**لەسلێمانیەوە چوو بوو بۆ بەغداد بۆ چارەسەری دڵە نەخۆشەکەی. ڕۆژی 1985/4/24 پێمان ڕاگەیەنرا کەبگەیتە بەغداد، بێ ئەوەی بزانین بۆ؟!.**

1- لەڕێگەی بەغداد:

وتیان زوو بڕۆ
مەپرسە لەهۆ!
ئێستا من ئەڕۆم
ئەڕۆم، جارجارە ئەپرسم لەخۆم
ئەم ڕێگە دوورە بۆ دوایی نەهات!؟
تۆ بڵێی ئەمڕۆ ڕاوەستابێ کات!؟
خۆ مووشەدەمەی دڵم لێئەدات
خێراتر لەکات!
کوورەی دەروونی وەها جۆش داوە
کڵپە وبڵێسە و گڕی هەستاوە!
قازانی سەرم
تابڵێی گەرم!
هەستم ئەکوڵێ و وائەبێتە ئاو
هەموو شت ئەڕوا، هەموو شت تەواو
تەنیا کات وەستاو!
ئەی داد، ئەی بێ داد
بۆ من بەساتێ ناگەمە بەغداد



بزانم دایکم ماوە، مردووە؟
تاوانم چیە، من چیم کردووە؟
کات وام لێ ئەکات
کات لەمن ناڕوات!
بۆچی نازانێت ئێستاکە ئاوات
ئەوەیە: خێرا کات لەمن بڕوات؟.
تا پیایا بگەم، سا بەشکم مابێ
دایکم هیچ نەبێ هۆشێکی تیابێ
دەستی پیرۆزی بکاتە ملم
ئەمجارەش دڵم
بەچەن ماچێکی دایکێتی پڕ بێ
بیری شپرزەم ئارام و کڕ بێ
نیگای بەپەلەم تۆزێ دابینێ
پێکەنین لەجێی هەنسك و شینێ
بە زەردەخەنەی شیرینی لێوی
بڕەوێتەوە ژانی پشێوی
فرمێسکی شادی لەچاو بێ بەخوڕ
بۆ ناو کوورەکەی دەروونی پڕگڕ
بکوژێتەوە
کوڵی کاسەی سەر دامرکێتەوە!

★★★

ئەو ڕۆژە وتم: دایە، دایە گیان

ئەچین بۆ سەیران

وتی ناتوانم

ئازاری شانم

پەپوولەی هیوای ژیانی کوشتووم!

هەر بەناو زیندووم!!

ئەو ڕۆژە وتم: ئەم مانگەش ڕۆیی

وتی: ڕۆڵە گیان ڕۆیی ملی ورد

خۆ من نەورۆزم بەخۆشیی نەکرد!!

2 لەبەغداد:

هەی داد هەی بێداد

بۆچی وازوو من گەییمە بەغداد

دایکە تۆ مردوویت!!؟؟ ئەی دایە دایە

خۆزگە بەم جۆرە هەر نەمدیتایە!

بۆ شکا پشتم!؟

بۆ من گەیشتم!؟

خۆزگە ڕێی بەغداد

دوایی نەئەهات

وەك وام ئەزانی، بوەستایە کات

بمایە هیوا، بمایە ئاوات!

ئەی دایە دایە

خۆزگە ئەتزانی چی لەدڵمایە

ئای لەناکامی، لەبێ هیوایی!



ئای لەئازاری دایك جودایی!

ئای لەم هەڵوێستەی

کەدایك مردووی ئاوەها تیایە!

بۆ کۆستی دایك مردن وەهایە!!؟؟

3- لەنەورۆزی 1986 دا:

وام لەسەر گۆڕت، ئەی دایە دایە

من هەر لەیادو لەبیرم دایە

ئەو هەستە بەرزەت کەداوات ئەکرد

ئەتوت دایکی کورد

خۆزگە نەئەمرد

تا نەورۆزێکی بێ ئازار ئەکرد!

بەڵام سەد جار داخ

هەزار هەزار ئاخ

ڕاوەستانی دڵ

خۆزگە و ئاواتیش ئەخاتە ژێرگڵ!

دایە گیان بنوو، تۆ خەمت نەبێ

هیواو ئاواتت ڕۆژێ هەر ئەبێ

منداڵەکانت کەهاتن بۆلات

بەدەم مژدەوە پێتبڵێین ولات

ئێستا نەورۆزی بێ ئازار ئەکات

سلێمانی: 1986

# کامەران مووکری

ئەستێرەکانی ئاسمانی ئێمە دەگمەن و کەمن
کەئاوائەبن
جێگەیان دیارە وەکو کامەران
کاروانی ئێمە لەگەڵ ئەستێرە لەدێرینەوە
بەئەوینەوە
ئاوەڵ و یارە، یاوەری شەوان
★★★
ئەستێرەکانی ئاسمانی ئێمە پلەیان هەیە
یەکیان بەدەیە
کەدەرئەکەون، مژدەن و بانگن
لەئاسمانێکی ئاڵۆزی تووشا ڕێگە ئەبرن
ڕێ پیشاندەرن
ڕووناکیی شەون، لەجێگەی مانگن
★★★
کاروانی ئێمە کاری گرانە، یاری نەیارە
ڕێڕەوی تارە
گێژاوە ئاوی، بەردی تاوێرە
کاروانی ئێمە نیوەڕۆی شەوە، ڕۆژی گیراوە
ڕێگەی تەنراوە
بەتەنیا چاوی وا لەئەستێرە



کاروانی ئێمە ئەڵێ ئەستێرە ئەبێ نەسرەوێ
زیاتری ئەوێ
لەوێنەکانی وەکو کامەران
ئەی ئەستێرەکان بریسکەتانبێ لەم ڕێگە تارە
ئێوەمان یارە
بەڕۆژو بەشەو ئێوە ڕێنمان
★★★
هەموو بووەیەك لەم ژیانەدا کۆتایی ئەبێ
ئەستێرە نەبێ
کاتێ ئەکشێ لەهێڵی ئاسمان
زیاتر لەجاران گەورەتر ئەبێ، ڕێزی لێئەنرێ
ئەژی و نامرێ
بەختی ئەپژێ وەکو کامەران
★★★
بەڵێ کامەران بۆ نەتەوەکەی وەکو پەروانە
نەتەوەییانە
پەڕی لاوێتی سووتا بەچرا
چرای ڕێبازی نەتەوایەتی، بۆیە بەهەشتی
دەروون و هەستی
ئەم کوردستانەی کوردی پێبرا.

سلێمانی: لە چلەکەیدا خوێندرایەوە

# محەمەد ساڵح دیلان

وەرە ئاواز وەرن ئامێرەکانی ساز
وەرە سۆزی بزڕکاوی دەنگی هۆزار
وەرە ناڵەی تووڕە بوونی کەوی کۆسار
لەگەڵ هاژەی ئاڵۆزاوی تاڤگەکانا
لەگەڵ خوڕەی ئاوی لێڵی جۆگەکانا
وەرن هەموو یەکگرین و بەکوڵ بگرین
مەرگەساتی شیوەنێکی وەها پچڕین
کە زایەڵەی بگاتە لای هەوری ئاسمان
بیگرێنێ و دایبکاتە شەستە باران
تەپ و تۆزی ئەم پایزە ترسناکە بشواتەوە
پاداشتێکی وەرد و باخی وشکی هونەر بداتەوە
دەی هەورەککە بیکە بە تۆف، بەڕەهێڵە، یا بەزریان
بۆ کپ بوونی شاگەرووییەك کەسەردەمێ ئەیچریکان
نەك بەتەنیا دەماری لەش، یاخود هەناو
ڕەگی بەردی شاخەکانی ئەکرد بەئاو
ئەی هەورەکە، مەگرمێنە، دایکە باران
بالآتربوو لەگرمەی تۆ، دەنگی دیلان
ئەی کۆمەڵی باڵدارانی ئاوازە بێژ
زامێ دای لەجەستەی هونەر، نابێ سارێژ
بچریکێنن، چریکەتان، مەگەر بۆشین، یا بۆگریان
شوورەییە چریکەی دەنگ، دوای چریکەی بەرزی دیلان
ئەی تەلی ساز، مەرگی دیلان، بۆشاییە، کەلەبەرە



مەرگی دیلان کوستی منە، کۆستی تۆیە، هی هونەرە
***
وەرە هەڵبەست
وەرن بزوێنەکانی هەست
وەرە سۆزی هەستی ناسك
وەرە ئەندێشەی بەباسك
تێکەڵ ڕستەی شین و زاری
لەگەڵ وێژەی وردەکاری..
ڕەوانبێژی؛ لێکچواندن، ڕەگەز دۆزی، درکە و خوازە
هەرچی واتای جوانکارییە، چی بۆ هەڵبەست نۆتەی سازە
وەرن بگرین بۆ ئەو دەستەی ئەیهێنانە کوڕ و ئارا
بۆ نیگارو بۆ ڕووبەندی ڕیزی وشە لەجێی تارا
وەرە پێنووس، بۆ واقت وڕ، بۆ وەستاوی دەستەوەستان
بۆ خۆناکەی بەکۆتەرە، بەخۆڵەمێش، لەدوای دیلان!؟
وەرە بگری، کە گریانیش پرۆستۆی ڕەوای تۆیە
وەرە بگری کەوا ستەم لەگریانیش سڵ و کۆیە
***
ئەی وێژەوان؛ مەرگی دیلان بۆشاییە، تەمی پەستە
مەرگی دیلان کۆستی منە، کۆستی تۆیە، هی هەڵبەستە
***
باکێشەی زۆر، چەرمەسەری
ئاوارەبوون دەربەدەری
هەرچی تریش کەبۆ دیلان باری نوێ یە، یا دێرینە

وەکو زامی دڵ و ئازار، بابێن بۆ ئەم کۆڕی شینە
ئەی تاریکی ڕۆژی ڕوونی چوار دیواری بەندیخانە
ئەمجارەیان دیلانی دیل توند کراوی گۆڕستانە!
ئەی پێوەند و کۆت و زنجیر، ئیتر چنگی ژەهراویتان
ناگاتە سەر هەستی ناسک، سۆزی خاوێن، گیانی دیلان
ئەی کوردستان، دیلان شێتی سروشتت بوو ..
ئەی نەتەوە، دیلان پێزو پرشتت بوو ..
بەیادی کەن، دیلان لەڕێی نیشتمانا، ڕێگە و پرد بوو
بەیادی کەن، دیلان مرۆڤی تێکۆشەر، دیلان کورد بوو ..
***
ئەی نیشتمان، مەرگی دیلان، بۆشاییە، کارەساتە
مەرگی دیلان کۆستی منە، کۆستی تۆیە، هی خەباتە
***
بەڕێزەکان، ئەو بەهرەیەی هی ئێوە بوو، والەسەیوان
وەرن ببین بەکۆتەڵی چلەی ماتەم، چلەی دیلان
وەرن بڵێین دیلانی کورد، دەستی مردن نایمرێنێ
سازو ئاواز، وێژە و هەڵبەست، ویژدانی گەل ئەیژیێنێ

بەرێزەکان، مەرگی دیلان، مەرگی لەشە، نەوەك هی گیان
لەهەرجێیەك، پێویستیبێ، ئامادەیە گیانی دیلان
ئێستە بەدوا، دیلان لەناو دلاَ ئەژی، لەچاوانا
لەتریفەی مانگەشەوا، لەشەبەقی بەربەیانا
لەپێدەشت و لەسەر چیا و لەئاسۆدا، دیلان دیارە



لەئاهەنگ و زەماوەندی سەرکەوتنا، سەرقەتارە
لە نێرگزا، بەتاسەوە، بۆنی دیلان هەڵئەمژین
لەنەورۆزا، هەر ناپاك و ئەژدەهاکە، کەئەیکوژن
بەڕێزەکان، کەباخ و ڕەز بسووتێنرێ، دەنگی دیلان
ئەچێتە پاڵ دەنگی خیام، ئەبن بەتەم، هەورو باران
ئەبنە بەفر، شەختە و سەهۆڵ، تۆف و زریان، ئەبنە تەرزە
ئەبن بەبا، بەبروسکە، بەلافاوی ڕووی ئەم ئەرزە
کەڕەز نەما، لەتاو کوپەی بەتاڵی مەی، دوو هەستیار
نەخێر هەزار، بۆ گازەرەی پشتی تاوان، ئەبن بەدار
لەمەیخانەی بەبێ مەیدا، نەفرەت ئەکەن لەکاری بەد
ئەبن بەقین، سەری ئالۆز، دەسی یاخی، بەکفرەحمەد
بەڕێزەکان: ئەگەر هات و بەپێنج شەممان
ڕێتان کەوتە دوا مەڵبەند و گۆڕی دیلان
لەوێ نەبوو .. بۆ هەڵبەستی سۆڤی خوازی لەبارەگای
مەحویدایە
لەهەینی دا، بۆ ئاوازی شمشاڵ و نەی لەلای دەروێش
عەبدولاَیە ..
لەتاوە گۆز، لای مەولەوی، لەشەممانا، ئەلاَوەیسی
ئەچریکێنێ .
بە یەك شەممان، لەلای نالی، یا لای سالم، بژاری خار،
گوڵئەچێنێ ..
لەلای بێخود، لەلای نوری، لای کەمالی، بەدووشەممان
گوێ هەڵخستووی وشەی تەڕە

بەسێ شەممان، لەلای گۆڕان، لای جگەر خوێن، لای قەدری جان
لەشکاری پەپووی شەڕە
بەڕێزەکان؛ بەچوارشەممان
ئەگەر چوونە گردی سەیوان
گیانی دیلان لەوێ نەبوو .. لەو مەڵبەندە تەنگ و تارە
لەلای گۆڕی مامە کوڕنو، یا والەسەرگردی یارە
لەگەڵ گیانی شێخ مەحمود و پیرەمێردی پیری ڕێگە پیشاندەرا
لەگەڵ هەموو هونەرمەند و هەستیارێك و مرۆڤێکی تێکۆشەرا

★★★

وەکو خانی، کۆیی، سەلام، هەوری، بێ کەس، حەمدی، موختار
زێوەر، جزیر، قانیع، ئەسیر، کامەران و ڕەمزی و دڵدار
دەسگیراوی سروودێکی بالاترن بۆ ڕزگاری
لەنەورۆزی ئایندەدا، پێشکەشی کەن وەکو دیاری

★★★

بەڕێزەکان، وای ئەبینم خودی دیلان، جارێکی تر
بژییێتەوە
لەبێستانی داهاتوودا، گەشاوەتر
بڕوێتەوە
لەگەڵ گیانی ئازیزانا، بێنەوە کۆڕ، بێنەوە سەرشانۆی ژیان
سەی ئەزغەر وەك سەرقافڵەیەك، زیرەك وێڵی کۆڵوانەسوور، تایەر حەیران
مەردان بەئای ئای و سەبا، شەماڵ بۆ لەیل هەرێ لەیلێ، سێوە سەحەر



ئەحەی ناسر بەخاوکەرو، نیگای کابان لەشەقامی چۆڵ و سێبەر
کاوێس ئاغا شەڕی دەربەند بچریکێنێ، بیکا بەگۆڵدەست و دیاری
عارف لەلای جزیرەوە، مژدە بدات: بەفر باری، بەفر باری
قادر لەناو پەڕەی گۆڵی سەربەستیا چریکەی بێ، ڕەشۆڵ قەتار
قادری تر لەسەر قەلآی هەولێرەوە، مەلا کەریم لەسەرچنار
دەروێش ئەولا بەشمشێر و کەشکۆڵەوە، دەف بژەنێ، چالاك ئەکتەر
دووپەپوولەی وەکو کارزان، وەکو فرمان، بەرەو ئاسۆی ڕوونی هونەر
لەجەژنێکی سەرکەوتنا کۆڕێ بگرن، هەموو بیکەن بەگوڵمەزێ..
لێوی خەمی ساڵە هامان، زەردەخەنەی ڕزگاربوونی تێدا بزێ..

★★★

بەڕێزەکان: کۆچی دیلان، جگەر بڕو مەرگەساتە
کۆستی وێژە، کۆستی هەڵبەست، کۆستی هونەر، هی خەباتە
ئەی کاوەی کورد؛ توو کوردستان، بەشداری بە لەم گۆڕەدا
ئەی نیشتمان؛ تۆ پیرۆزییت، خەمخواری بە لەو گۆڕەدا

سلێمانی: 1990/12/13

# عەبدوڵڵا جەوهەر

لە ڕۆژانی شەوە زەنگ و نەزانینا
گەوهەرێبوو
بەبێ دەنگی لە مەیدانی مەترسیدا
رابەرێبوو
وەکو خامەی ڕەوانبێژی، سەرووی تواناو
پێوەرێو
لە فەرهەنگی خەباتی سەربەخۆیدا
سەروەرێبو
بە کورتی بۆ خەمی سەرجەم نەوەی مادی
جەوهەرێبو

سلێمانی: 1 / 6 / 1982



# فەرەیدوون عەلی ئەمین

تەمەن هێشتا لەنێوانی سپێدە و خۆری بەیانی
کوردستانێکی ئاڵۆزو پشێودا بوو
ئەستێرەی بەختی نەهاتی کوردەواری
بێ جریوەو نادیارو لەڕۆچوون و نشێودابوو
نەك بەتەنیا خاکی زێڕینی بەهەشتی نیشتمانم
بەشکراوو کۆڵەوارو ژێرەپێ بوو
هەست و هۆشی ناپەرۆشی خەڵکەکانی ناوسنووری خاکی
خۆشم سڕکراوو لارەرێ بوو
بیروڕایەك ڕەنگ و هێڵی پاکژی بۆ باڵەخانەی
سەروەریی ئەم کوردستانە بڕشتایە
ئەو کەسانە بەر لەدوژمن بەختەوەر بوون
هەڵگرانی بیری وایان لەبێشکەدا بکوشتایە
لەبەر بوورەو بەبێ بەڵگە ئەیاندانە بەر پلاری
نۆکەری بۆ سەرمایەداری خوێن مژە
بەناڕەوا ئەیانکردن بە پاشکەوتە
کۆنەپەرست، بەشۆڤێنی، بەخوێنڕێژو بەکورد کوژە!
پووره هەنگی لاوەکانمان تەرە ئەکران لەگەشبینی
لەڕێکخستن، لەڕێبازی کوردایەتی
پێوانەکان ئاوەژووبوون، بەمل کەچی بۆ داگیرکەر
ئەوترا بیری کراوە و مەردایەتی

بانگەوازی ئەو ڕۆژانە لەدەروونی نەخۆشەوە
لەڕێی خوادا، برایەتی گورگ و مەڕ بوو
بەرامبەر ئەو بانگەوازە، نەك هەرگورگ
مەڕەکانی خاوەن شکۆش گوێچکەی فیزیان تەواو کەڕبوو
کەسێ داوای یەکبوونەوەی کوردستانی کەرت و بەرتی بکردایە
دەیان دەست و دەنگی ناساز
ڕاست و چەپ لێی ڕائەوەستان، وەکو هاندان
بۆ تێشکان ئەیانزڕان بەتاوانی جیاوازی خواز
لەو گێژاوو بارودۆخە ناهەموارەی
باڵی کێشابوو بەسەر ئەم شوێنەوارە وێرانەدا
کۆمەڵێ بیری کراوە لەگیانێکی لەخۆبووردووی
جەربەزانەی بەهەڵمەتی شێرانەدا
بەرد و بنچینەی تەلاریان بۆ فەلسەفەی کوردایەتی
لەسەر خاکی کوردستانا پتەو دانا
فەرەیدوونی تازە خونچە چرایەکی هەڵگراوی
گەش و دیاری جێ هیوا بوو لەناویانا
***
ئێستا ئەی هاوبیری مەردی لەژیانا:
دەرکەناری پاڵەپەستۆی هەرزە گێلانی نەتەوەم
ئەی هەستی ناسکی زامدار بەو تیغانەی:
لەئاستی بزورگی تۆدا، خۆیان ئەبینی سووك و کەم
بنوو ئارام، ئەوا تەلاری پیرۆزی کوردایەتی



سەربڵند و ڕوو لەهەڵچوون و باڵایە
ئەوا کوردستانی ئەمڕۆ، بەو باوەڕەی تۆ چرای بووی
ڕێنمای بووی، سەرتاپاسەری ئاوایە
ئەوەی ئەوسا لەکلۆری کوولەکەدا بانگی ڕەوامان بۆ ئەدا بە
پەرێز و بە پەنهان
ئێستا سروودی ئاشکرای خۆش و سازی ئەوانەشە
کە سەردەمێ ئەبوونە کۆسپی ڕێگەوبان
ئەوا کاروانەکەی کوردی قارەمانم
لەپێشبڕکێی تێکۆشانا سەرکەوتووە و براوەیە
ئێستاکە ئاڵای کوردستان، لەویژدانی تێکڕای گەلا
لەبارەگای هاوبیرانا، شەکاوەیە
***
ئێستا ئەی هاوبیری مەردی لەژیانا
دەرکەناری پاڵەپەستۆی هەرزەگێلانی نەتەوەم
ئەی هەستی ناسکی زامدار بەو تیغانەی
لەئاستی بزورگی تۆدا خۆیان ئەبینی سووك و کەم
ئەوەی ئەوسا هەستی ئێمەی ئازار ئەدا
پێ خزاوی لیتەی دراو، دەسگیراوی ڕاووڕووتە
ئێستا ئەو بڕنەو لەشانە تێکۆشەرە
بەخۆی بزانێ نەزانێ، لەگەڵ داگیرکەرا جووتە
بەڕێزەکان: ئێمە و فەرەیدوونی بینا
سی خولی ساڵ پێش گلاسنۆس، پێشی بیرێسترۆیکا بووین

بەلاَم ئێمە نادیاری کوردستانێکی تاریك و
گەلێکی دیل و نەزان و ناتەبا بووین
ئێمە وتمان ئاسۆی بیری کوردایەتی فراوانە و
تێکۆشانمان بۆ نەتەوە جێی داغنیە
کوردایەتی بڕوانامە و کالاَی بالاَی
سەرتاسەری کوردستانە و کوردایەتی قۆناغنیە
ئێمە وتمان خۆری رزگاری ئەبێ هەر
لەدەم کەلی راپەرینی خۆمانەوە هەڵبێ لێمان
مژدەی خۆشی یەکگرتنی ریزەکان و
سەرفرازیی دواجارەمان، لەم رێ یەوە ئەدرێ پێمان
ئێمە وتمان کاتێ ئاشتی بۆ ئێمەی کورد
بۆ میللەتانی سەرزەوی گونجاوو راست و ڕەوایە
هەرکۆمەڵە و بەئامانجی دووری بگا
ئەمە سروشتی ژیانەو هەروا بووەو هەر وەهایە
ئەوەتا هەر  هەمان بیرەو لەجیهانا
دوای حەفتا ساڵ ئاگرو خوێن، بۆتە چراو رێنماو هۆ
بۆ سەروەریی ئەو گەلانەی ڕاپەڕیون
بۆ ئازادی و ئالاَی بەرزی نیشتمانێکی سەربەخۆ
ئەی گیانی پاکی فەرەیدون: ئێستا ئێمەی کوردیش یەکین
ئاواتی تۆ: نەتەوە کۆك و تەبایە
یەکێتیمان کێو لەبەریا خۆی ناگرێ
مەرگی دژو داگیرکەری ئەم کوردستانەی لەدوایە



بەڵێ یەکین، ئەو جیهانەش دەرئەنجامی
یەکگرتن و ڕاپەڕین و کۆچ و ڕەوی یەك تەن و گیان
بوونە دۆستی گەلێکی بێ پشت و پەناو
مرۆڤی زۆر لێکراوی خاکی وێرانی کوردستان
بەڵێ یەکین، ئەوی ریزی یەکێتیمان بشێوێنێ
مۆرکی ناپاکی ئەبێتە تاجی شانی
خوێنی پاکی شەهیدان و فەرەیدوونی بیروباوەڕ
ئەبن بەگڕ، ئەئاڵێنە لەش و گیانی
ئەیکەن بەپەنگ، بەخۆڵەمێش، ئەیدەنە بەر
گەردەلوولی نەفرەتی مێژووی نەتەوەی کورد و گێتی
ئەی نەتەوە، ئەی هاوبیران: فەرەیدوونی کوردایەتی
لەگۆڕەوە بانگمان ئەکا بۆ یەکێتی

سلێمانی
لەچلەیەکدا خوێندرایەوە

# ئەحمەد هەردی

کوڕانی ڕۆژی مەیدانی شەڕو ئاشووب و ئاژاوە*
وەرن ئەمڕۆ بە کۆمەڵ با بچینە کۆڕی سەوداوە
بپرسین بۆچی ئەم شارە وەها ما ت و خرۆشاوە
ئەڵێن سوارچاکی هۆنراوەی پەریپڕوخسارە هەستاوە
ئەچێ بۆ گردی سەیوان و لەوێ ساباتی هەڵداوە
ئیتر بۆ ڕازی تەنیایی لە خەڵوەتگەی نەبینراوە
بەبێ هەردی ئەوا شاریش هەوارێکی بەجێماوە
نەهات و کاەساتێکە لە واتای جوانی قەوماوە
دەساتوو هەقی ئەم خاکە کە خاکی ئەشك و خوێناوە ★
لەگەڵ مندا بلاوێنن کەژاوەی کۆچی ئەم پیاوە
کە بۆ وێژەو پەیامی سەربەخۆیی هاتە دنیاوە

سلێمانی 2006/11/29

* دێری یەکەمو نۆیەم هی خوالێخۆشبوە



# ئیحسان فوئاد

پەپوولەی باخی هۆنراوەو هەواداری بەشیریبو
لە ڕۆژانێکی ئاگردا خەمی ئازادی بیریبو
وەکو هاوبیری کاژێك و بزاڤی سەربەخۆیی کورد
سەری سەودا سەری کارو تەبایی و لانەگیریبوو

سلێمانی 2008/11/29


کامیل ژیر


ئەحمەد هەردی


جەمال نەبەز


عەبدولا جەوهەر


ئیحسان فوئاد


فەرەیدون عەلی ئەمین


فایەق عارف

دامەزرێنەرانی کاژێك 1959/4/14

# شاكیر فەتاح

## پەردەیەك لەچیرۆكی دڵداریێكی كۆن

كۆنە دڵدارێ بەپێوانەی خۆی بەپەرۆشەوە
لەناخی بیرو هەست و هۆشەوە
كڵی بیرۆكەی ئارامبوونێكی تازەی نایەوە
بەباوەڕەوە بۆ پیاهەڵدانی تاكە یارەكەی
بۆ ڕۆژانێكی پڕ دژوارەكەی
لە ئاهەنگێكدا بەزاتێكەوە هاتە كایەوە

وتی منی مەم
خاتوو زینەكەم
گەرچی بێ بەشە
ناشیریننیە، گوڵێكی گەشە
هەر تەنیا ئەوە ئەوینی دڵدار
خاوەنی وشە و پەیام و بڕیار

بەڵێ ژینەكەم
خاتوو زینەكەم
لەناو بیرما
لەشادەمارو ڕەگی پیرما
هەر دێت و دەچێ



واتای ڕەوایە
جێگەی هیوایە
لەپایزیشدا وزەی ئەوینە
پشكۆی ئاگرەو گوڕو تینێكم ئەداتەوە بەر
ئەوا ئەمجارەش تێ هەڵئەچمەوە
بەبێ كوولەكە بانگی بۆ ئەدەم
پڕ بەپڕی دەم
یا دەمی تینووم ئەنێمە دەمی
یا هەلاجێكیتری ئەم چەرخەش ئەیسپێرێ سەر
پەپوولەی ئەوین وەكو هەڵۆیەك
دای لەشەقەی باڵ بۆ سەر سەكۆیەك

ڕوانیی ئاهەنگی دڵدارانێكی بێ دەسگیرانی دڵ مردوانە
ڕوانیی نێو نیگای چاوی بێ برۆی ئەویندارانی ڕاكردوانە
ڕوانیی شاییە بێ بووكی تازە
ڕوانی چۆپیە بەبێ ئاوازە
ڕوانی تابلۆكان بەئاوەژوویی پیشان دراون
ڕوانی بینەران بەگوێرەی بالاّ داچەقێنراون
سەری بێ سەری شێوە دەروێشێ دێنن و دەبەن
گوایە لەكاری خامەی ڕەنگینی دەستی هونەرمەن!
ڕوانی بێ بۆنی گوڵی دەسكردی كاغەزو پەڕۆ
هەناسە مژین، هەناسەدانە

بۆ سەرنجێکی ڕەزامەندێتی
لەبێ بۆنەشدا بزەی دەسکردو چەپڵە ڕێزانە
ئەویندارەکە پیشی خواردەوە
لەداخی باوی ئەوینی نامۆ خۆی تەقانەوە
بوو بەوانەیەك بۆ ئەوینداری

پەتی رارایی و گرێی دەروونی پێ ڕەوانەوە
سەکۆکەی هەژان، بزربوو لەچاو شانۆ نامەکە کۆتایی پێ هات
بەبێ ئەنجامی گەشی دڵداری داخرا دەرگای هۆڵی کش و مات

ئەم هۆنراوەیەم بۆ چلەی شەهیدی وشە،
(شاکیر فەتاح)
لەڕۆژنامەی هاوکاریدا بلاّوکردەوەو بەسەر ڕژێمی
بەعسدا تێپەڕی!





# بەشیر موشیر

( 1 )

گەلێ ئازادیی لەیادو بیربێ
خاوەنی ڕۆڵەی وەکو بەشیر بێ
بەشیر موشیر بێ، کامڵ و ژیربێ
بۆ کوردستانی قەڵغانی شیربێ
ئەو گەلە ئەبێ بگا بە ئاوات
سەربەخۆ هەڵکا بەیداخی ولاّت

بەغداد: 1957

***

( 2 )

هەبو نەبو پیرێ هەبوو
درەنگ هات و زوو لە دەسچوو
ئەم لاوە ئەم گەورە پیرە
ئەم ساویلکە دانا و ژیرە

هەژارێبو، ساماندارێ
بێ سەوادێ، خوێندەوارێ
کێشەی نەبوو، خەمی هەبوو
نە دوویەکی قسە لەڕوو
لە خۆبایی، بەبێ هەوا
گەدایەکبو، فەرمانڕەوا
ڕاستی لەناو درۆیابو
ڕەش و سپی لە خۆیابو
وایئەزانی لەبەرچاوە
بلیمەتە، گەورەپیاوە
ناوی هەمیشە لەبیرە
هەم بەشیرە و هەم موشیرە

سلێمانی 2006

***

( 3 )

هەبو نەبو نەوجەوانێ
کامڵ و بیری موغانی
پیادەڕۆیە، شۆڕەسوارێ
بێ کەسێ خاوەن هەزارێ
ئەیوت لە جۆشی گریەمدا
من بووم فوومکرد بە مریەمدا
ڕۆمانی مریەم و بەشیر



لە مێژوودا ناچێ لەبیر
کە تیری بۆنایە کەوان
گوللەی بۆ خستە دەمانچە
زۆری نەبرد هێنایە ژان
کەس نەیزانی ژن یا کچە!
بەشیر خۆی سواری مەیدانبو؟
یانێردراوی یەزدانبو؟
ئەوە پرسیارێکی تووش و
فرە ڕەهەندو ئاڵۆزە
وەکو فریشتەکەی مریەم
هەم زانیە، هەم پیرۆزە

سلێمانی 2007

***

( 4 )

هەبو نەبو جەنگاوەرێ
ئاشتیخوازێ، شەڕنەکەرێ
کە دیماغی ئەخستەکار
کۆڵێئەدا بە ئیستیعمار
ڕۆژانێکی سەفەر بەربو
جەنگی یەکەم سەرتاسەربو
ئەمیش زابت قوماندانی
نەخێر شەڕ زۆریبۆهانی
بەخاکەناز کە ئەیوەشان

ئەیدایە بەر گوللەی ئەوان

بەدینی پێغمبەرو خوا

ئەو ئنگلیزە جۆرێ بوا

بە زینێکی وەها بەزی

لەشەرما دەستی خۆی گەزی

بەسەرێکی شکاوەوە

بەبنێکی دڕاوەوە

ئەمجارەش هەر لەبەسرەدا

هەمان نووچی ئەوجارەیدا

وێنە زۆرە، وێنە دیارە

مشتێ نموونەی خەرواره

بەشیر واتا هەموو میللەت

هەم ساویلکە، هەم بلیمەت

سلێمانی 2009



## سەعید گەوهەر

ئەگەر پرسییان پاڵەوانەکەی ماتەمی ئەمڕۆ

چ سەرداریێ یا بەهرەوەرێ بوو

بڵێن سەرتیپی لانەوازان و میوانی زیندان

بۆ ئەشکەنجەدان بەختەوەرێ بوو

کەوتیان بەخشین ڕادەی چەنێ بوو

لەبەرووبووم و لەناو دەروونی ئەم مرۆڤەدا

بڵێن سامانی: چاخانەیەك بوو

ئەویش بارەگای تەرخانی هەموو تێکۆشەرێ بوو

ئەی لەگەڵ شاخا ئاخۆ یادێکی دێرینێ هەبێ

لای شۆڕشگێڕان. لەلای هاوبیران؟

بڵێن جێگە پێی نەخشی توولە ڕێی کەژوکێوانە

گاهێ ڕابەرو گا تەتەرێ بوو

لەگەڵ ئەزموونی بیروباوەڕدا

شالووری کام ڕێ یاخوود پەپولەی دەوری کام چرا؟

بۆ کوردایەتی پەڕوباڵ سووتاو

بۆ سەربەخۆیی گیان لەسەردەست و سەودا سەرێ بوو
کاتێ کەبینی مێش و مەگەزی
چاوبزی دەوری قاوەخانەکەی بوونە خاوەن ماڵ
ئەمیش بێگانە .. وەکو هەڵۆیستێ
وەك برۆتستۆ گوللە ئاڕاستەی تەوقی سەرێ بوو
لەکۆمەڵێکی بێ پێوانەدا
بایەخی مرۆڤ بە ڕواڵەتە. ڕاستی ئاوەژوو
پاڵەوانەکەی ماتەمی ئەمڕۆ
تالەژینا بوو نەمان ئەزانی چ گەوهەرێ بوو
ئەگەر پرسییان سەنگی محەکی ئەم گەوهەرەتان!؟
بڵێن کەلەپچە، ئامێری لێدان،
ژانی برسێتی، ئەرکی تێکۆشان..
ئەوان ئەزانن بۆ قوربانی دان چ بێسەرێ بوو
کە وتیان جێگەی ئەم شەوچرایە؟!
بڵێن ویژدانی نەتەوەی کوردو ئاسۆی کوردستان
گەوهەرئەمێنێ، تاکو هەتایە
ئەژی هەروەك چۆن بۆخۆڕاگرتن شاسەنگەرێ بوو

سلێمانی

لەچلەکەیدا خوێندرایەوە



# دۆعا

سەرنجمدا لەگوڵزارێ گش و بێ دەنگ
هەزارانێ لەپۆلێنی پەپوولە و هەنگ
چڕابوونە دەم و لێو و مژینی نەوشکوفەی گوڵ
گوڵیش بۆ ماچی ناوزاری هەماهەنگ بوو بەکامی دڵ
بەهەشتێ بوو لەسەر گۆی ئەرز
لەئاستێکا بڵند و بەرز
نەچاودێری، نەکەس گرتن
نەکرداری لەپڕکوشتن
نەکۆت و بەند
نەچوون و چەند
نەڕێگەو چێ لەیەك تێکدان
نەناپاکی و دەس و تاوان
دەئەم ڕەوشە لەلای ئێمەی بەناوئینسان
نەنگ و خەوشە، سەری تێدا دەچێ ئاسان
وەکو (دوعا)ی چرۆی تازەی نەمامێکی ئەوینی پاك
کە کلتووری ڕەشی بڕوا وەرانی بۆ کەلێنی خاك

سلێمانی 2008

# سۆرانی مامە حەمە

## پەیڤێك بۆ شەهیدی وشە

## بۆ گوڵی سۆران

کێیێ ئەئاوا!
دەستی بچێتە جەستەی گوڵێکی
بۆنخۆشی وەکو سۆرانی وشەی
ڕەنگین و ڕەسەن!؟
گوڵ بۆنی خۆشی، نەك هەر بەهاران
وەرزی خەزانیش
باڵدار و بێ باڵ دێنێتە جۆشی
ئاوازی دەگمەن

*

ئەو دەستەی گوڵی سۆرانی وەران
کاتی هەڕەتی بۆن و بەرامەی
دەستی سەرێکە
کرمۆڵ و دەبەنگ
ئەی داری گەندەڵ: ناشێ نەزانی
خۆتکردە خار و سۆران بەگوڵشەن.
بۆ ماچی گڵکۆی:
ئەو گوڵ، ئێمە هەنگ

سلێمانی: 2008



# مەرگی خۆشەویست

**دڵی کچان مەشکێنن، ڕێی هەڵبژاردنیان لێمەگرن. مەبنە ئاگر و نەوت و بیانسووتێنن، مەیانسووتێنن، ئێوە ئەیانسووتێنن ئەگەرچی خۆشیان ئاگرەکە بکەنەوە!**

زمان لاڵ، دەنگ کپ، دیدە کوێر، گوێ کەڕ
ئەژنۆ تێکشکێ، سەرکاسبە، چاو تەڕ
پرسەی مەترسە و شیوەنی بەکوڵ
کوورەی ئاگرە و کەوتۆتە ناو دڵ
خۆشەویستەکەم توخوا خۆی سووتان
زەویی راچەنان، ئاسمانی گریان
پەلکە زێڕینەی قژی خاوی شۆڕ
لەگەڵیا ناژی و ناچێتە ناو گۆڕ
بوو بە دووکەڵ و بوو بەخۆڵەمێش
گلێنەی چاوی منی خستە ئێش
نەرمەی پەڕەی گوێی ئاوەڵی پەنجەم
گڕی تێبەربوو، بوو بە مایەی خەم
روانین و تیلە و ترووکەی چاوی
نیگا و پرشنگی بەتین و تاوی
گلێنەی گەش و بیلبیلەی رەشی
سپێنەی سپیی سادەی بێ خەشی
بوون بە خەیاڵ و کاری رابوردوو
یادی سامانی زۆری لەدەس چوو
گۆنای ناسکی وەکو توێی ئاوی

بەتینی گڕی برژانگی چاوی
مۆمی سوتاوە و هیچی نەماوە
لای کیمیا گەران هەڵم و هاڵاوە
کوڵمی خڕپن و پەمەیی و جوانی
بۆتە پەنجەرەی جومجومە و دانی
چەرە دووکەڵی لێوی ئاڵ و گەش
دانی کردۆتە خەلووزێکی رەش
زمانی تەڕ و پڕی دەم و مژ
ئێستاکە بۆتە داری کۆڵەوژ
چەناگەی خڕی ناوەراست چاڵی
جیا ناکرێتەوە لەسووتووی خاڵی
پێستی زۆر سپی ملی و ناوشانی
سنگی نەرمۆڵە و گۆشتن و پانی
گەردنی ساف و بەرز و هەڵوەستاو
کۆڵووی تەنوورن، چرچ و هەڵقرچاو
باڵ و مەچەك و پەنجەی کشاوی
نینۆکی بەبێ بۆیە نەخشاوی
نەوت و شاپلێتە و گڕن بەجارێ
پارچە بە پارچە ئەکەونە خوارێ
گەنگەمووی جوانی نەرمی وەك پەڕی
تووکی بن باڵی نەخشی مەڕمەڕی
دەستی شکاوم ئێستا نەماون
بەوێنەی بڕۆی هەڵکوڕژاون
ئەو مەمکەی لافی بەرزیی لێئەدا
وەریوە و شەماڵ تۆزەکەی ئەبا



قەدی باریك و رێك و هەڵکشاو
لوولە و چەماوە، گرژە و بزڕکاو
گوڵە گەشەکەی سەرپێستی سای سك
کە من نارەوا پێمئەوت ناوك
گڕ و دووکەڵی دامردۆتەوە
دەمی زریکە و ڕۆی کردۆتەوە
لەجێی ڕان و پووز، دوو پارچە ئێسقان
هاتوونەوە یەك وەکو ژێکەوان
ئەو پێیەی ڕەوتی لەسەر پەنجە بوو
مایەی هەڵپەڕکێ و سەما و لەنجە بوو
کۆتەرە داری سووتاو و ڕەشە
خۆڵەمێشەکەی بۆ سەرم هەشە
ئەی کچی جوانی جوانەمەرگی زووم
لەکێ بپرسم هۆی کۆستی کەوتووم؟
بۆ تۆڵەی خوێنی سووری هەڵقرچاو
کێکەم بەپشکۆی کۆتەرەی سووتاو
بیهاڕم، بیکەم بەتۆز، خۆڵەمێش
یا زیندە بەچاڵ، یاخود ریشەکێش
کێ بێ سوێی زامی تۆی پێنەمێنێ
هێندە مەزن بێ و ئەوەندە بێنێ
هەرچی ڕوداوە و چی بەسەرهاتە
نابن بە بیانووی ئەم کارەساتە
هەر هەناسەیەك لە ژیانی تۆ
زیاتربوو لەسەد تەخت و شا و شکۆ
ئێستاکە ئاخۆ منی کۆستکەوتوو

ئەبێ بڵێمچی و لەکوێ بکەم ڕوو
ناڵە و سکاڵای دەروونی مەستم
کوڵ و کۆ و گڕ و ئازاری هەستم
لای کێ دەربڕم، کێ بێ پزیشکم
کێ بێ چرای ڕێ و تروسکە و تیشکم؟
ئەی ڕۆژی دوێنێ ئەی شەوی ئەمڕۆ
بەجێم مەهێڵەو جارێ تۆ مەڕۆ
سوێندت بۆ ئەخۆم، ئەم سوێنە فەرزە
بەوەی لام جوانە و بەنرخە و بەرزە
سوێندم بەتاسەی دووریی جارانت
بە چاوەڕوانی پێشی ژوانت
بەبزەی لێوی یەکەم تەماشات
بەنەخشی دڵەی هەمیشە لەلات
بە تاوی تیلە و بەنیگای گورجت
بەشان بادان و شەپۆلی پرچت
بەچێژ و تامی ماچی ناودەمت
بەگەرمی و نەرمی باوەش و مەمت
بەدەنگی خۆش و بەستە و گۆرانیت
چریکەی بەرز و چپەی پەنهانیت
سوێندم بە کورکە و نووزەی گریانت
بە راچەنینی هەنسکی جوانت
بەزەردەخەنەی ئاشتبوونەوەمان
بە دەرکەوتنی تیشکی گەشی دان
بە سۆز و سازی پێکەنینەکەت
بە وردە لەرزەی لەش لەرینەکەت



بە گێڕانەوەی سەرگروشتەی شەو
بە وشەی گێژی وڕێنەی دەم خەو
بە پاڵکەوتنت، بە دانیشتنت
هەستانە سەرپێ و بەڕۆیشتنت
سوێندم بە توانا و نەترسیی جەرگت
بە هۆش و هەستی سەردەمی مەرگت
هۆشی شپرزە و هەستی ئاڵۆزاو
خواستی ژیاننەوە و تینووی تۆزێ ئاو
پەل هاویشتن و داوای یارمەتی
چاوەڕێی دەستی خێرای پیاوەتی
ڕوانینی لێڵ و هەناسەی خنکاو
نووزەی کزۆڵەی بەئاستەم تیا ماو
سوێندم بەمانە و زام و ئازارت
بە بەردی گۆڕ و خۆڵی مەزارت
هەزار گوڵی گەش بێنە سەر رێگەم
ئەو ڕێیە بەردەم، روویان تێنەکەم
دیمەنی باڵا و بەرزیی رەفتارت
وێنەی سروشت و کار و کردارت
تێکەڵ بە یادی نزیك و دوورت
ژانی جەستەکەی برژاوی سورت
هەمیشە چەسپی بیر و هۆشم بن
خۆراکی هەست و ژین و گۆشم بن
ئەبێ هەر تۆبی رووگەی سەرئەرزم
سرووشی خامە و نموونەی بەرزم
دڵێکم هەبوو وێنەی پۆڵا بوو

گریان لەلای من پیشەی ساوابوو
ئێستا فرمێسکی خوێنین ئەڕێژم
ئازاری زامی دەروون ئەچێژم
دڵم شکاو و هەستم بریندار
هۆشم شێواو و بیرم پڕ ئازار
توخوا جوانم ڕۆ جوانی جوانەمەرگ
جوانی بێ پەڵەی ئارایشت و بەرگ
جوانی باڵاتر لە وشەی جوانی
جوانی تایبەتیی پەنجەی یەزدانی
ئەشێ بەشی من سووتانی دڵ بێ
هیواش ناکام و نێژراوی گڵ بێ
دوێنی ئاگری جوانیی بێ هاوتات
ئەیسووتان دڵی هەمیشە لەلات
ئەمڕۆش ئەوگڕەی ئاڵایە لەشت
بستێ زەمینی کردە جێ و بەشت
هەمان دڵەکەی کردۆتە کوورە
کوژاندنەوەی ستەم و دوورە
هاکا توێ بەتوێ منیشی برژان
بووم بە میوانت لەگردی سەیوان

سلێمانی: 1983



# بە کورتی

- ژیر: نازناوی کامیل نیزامەدین جەلالە.
- 1934/12/20 لە سلێمانی لە دایکبووە.
- لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیرە.
- باوکی: وەك دەرچوویەکی شەشی سەرەتایی سەردەمی عوسمانی و وەك فەقێیەك بۆ ماوەی چەند ساڵێك خوێندەوارییەکی باشی هەبوە جگە لە کوردی، عەرەبی و فارسیزانیشبووە. خەتی زۆر خۆشبووە. بەو هۆیەوە خەڵکی ڕووی ئەوەیان لێناوە کە سکاڵاو نامەو کومبیالە و گرێبەستیان بۆ بنوسێ بەبێ بەرامبەر. مەشقی خوێندەواری بە مناڵەکانی ئەکرد.
- باپیری شێخ جەلال: موفتی شارباژێر بوە. ماوەیەکیش فەرمانبەر بووە لە دادگا. کوڕی شێخ تەهای شێخ سەلامی قازیی شارباژێربوە. ئەمیش بە چوار پشت ئەچێتەوە سەر زانای ئاینی شێخ نیزامی کە ئارامگەکەی لە گوندی چنارەی نزیك دەربەندیخانە و تا ئێستەش زیارەتگەی خەڵکییە. باپیرە گەورەیان پیر خدری شاهۆی زەردەشتییە.
- خاڵی باوکی، شێخ سەلامی عەزەبانی: هەستیاری نەتەوەیی بەناوبانگو سیاسەتکارو ڕۆشنبیری گەورەی سەردەمی خۆیبووە.
- مامی: ا.ب. هەوری: هەستیاری نەتەوەیی و نووسەر و پەروەردەکار بووە.
- برای، فازیل نیزامەدین: نووسەر و چیرۆکنووس و فەرهەنگسازبوە. خاوەنی فەرهەنگەکانی ئەستێرە گەشەو شیرین و شیرینی نوێبوە.

- خەزوری، شێخ حەسەنی شێخ حەمە مارف: ڕۆشنامەنووس و وەرگێڕ و ڕادیۆکاربووە.
- دوو خوشك و شەش بران كە دوانیان، هیواو جەمال، ئەندازیارن.
- پارێزەر: كامیل ژیر: دەرچووی كۆلێجی مافە لە بەغداد، هەشت كۆرس زمانی ئینگلیزیی لە پەیمانگەی ئەمەریكی و یەك كۆرس زمانی ئەلمانی لە پەیمانگەی گۆتە لە بەغداد خوێندووە. ماوەی پێنج مانگیش لە چنێڤ / سویسرا هەوڵیداوە فێری زمانی فەرەنسی ببێ. ساڵێكیش لە پەیمانگەی هونەرە جوانەكان لە بەغداد، هونەری نواندن و دەرهێنانی خوێندووە. دوو بڕوانامەی لە بواری كارگێڕیدا لە لە بەغداد وەرگرتووە، سێ بڕوانامەی ڕێزلێنانی لە بواری ڕۆشنبیریدا وەرگرتووە.

☒ **بەرهەمە چاپكراوەكانی**:

1- **ئەم كۆمەڵە هۆنراوەیە (كوردایەتی و جوانی)**: بە گشتی بەهاكان (قیم) ی كوردایەتی و جوانیی ڕەوشت و جوانیی سروشت و جوانیی ئافرەتی لە خۆگرتووە و بریتییە لە ژمارەیەك هۆنراوەی تازەو هەندێ هۆنراوەی هەڵبژاردە لە كۆمەڵە هۆنراوەكانی پێشووی كە لەم ڕۆژگارەشدا، هەمان گیان و گوڕو كاریگەرێتییان تێدایە. لە ئاستی وێژەیشدا، هەمان گیان و گوڕو كاریگەرێتییان تێدایەو، هەمان قورسایی خۆیان هەیە. دیوانەكانی پێشووش، لە بازاڕدا نەماون، بۆیە لێرەدا چاپكردنەوەیان بە پێویست زانرا.

2- **كوردایەتی و كۆمیدیای گەندەڵی**: بریتییە لە بیست كورتە چیرۆكی ڕامیاری لە بەرگێكدا بە شێوازی لاكرتی (سخریە، ساتیر) بەو گەندەڵیانەی لە دەسەڵاتدا بەربڵاون. (2008) لە سلێمانی چاپكراوە.



3- **كوردایەتی بیرو بزاڤە**: بریتییە لە برێك باری سەرنج و بیرەوەرییە سیاسییەكانی نووسەر لە نێوان (1948-1994) دا وەك وەڵامدانەوەش بۆ بەڕێزان: شۆڕش قادر، هیمدادی حسەین، گۆڤاری تایم، گۆڤاری جەماوەر، گۆڤاری پەیامی مرۆڤایەتی، ڕۆژنامەی هاوبیر، عەتا قەرەداغی، د. جەمال نەبەز، د. عوسمان بەرزنجی، زانیار قرگەیی، ئاسۆس هەردی، كاندێش، ڕۆژنامەی هەواڵ، ڕۆژنامەی رایە الحریە، سیروان كاوسی، مەلا بەختیار، چێنەر جوڵا، بۆتان جەلال، نەوشیروان مستەفا و عیماد ئەحمەد. هەروەها هەندێ پەرچدانەوەشی گرتۆتە خۆ بەرامبەر بەڕێزان: فریاد ڕەواندزی، د. كوردۆ عەلی، شێركۆ بێكەس، ڕێبین هەردی، د. كەمال مەزهەر، ئەحمەد حامید و د. حسەین محەمەد عەزیز، لەگەڵ شەش بابەت: بارزانی و كاژیك، خاوەن فایلەكان، گەمەی عێراق، دەستوری كوردستان و عێراق، كێشەی كوردو یاسای نێودەوڵەتی، خۆپیشاندانەكەی 2004/2/14 و شتی تریش. (2006) لە سلێمانی چاپكراوە.

4- **كوردایەتی و سەربەخۆیی**: لەم پەرتووكەدا، سەرەتا پێناسەی كوردو كوردستان و كوردایەتی ئەكات زانستیانە هانی بزافی كورد ئەدات كە لە بازنەی سەپاو دەرچن. لە هۆی نەبوونی سەربەخۆیی ئەدوێ. وەڵامی پرسیارەكانی هۆی سەرنەكەوتنی میرنشینیەكان و حكومەتەكەی شێخ مەحمود و كاژیك و پاسۆك ئەداتەوە. ئەو ڕاستییە ئەسەلمێنێ كە پێكەوە ژیان لەگەڵ داگیركەرانی كوردستاندا، بەهەر ناوێكەوە ئەستەمە. ئەڵێ سەركردایەتی پارتییەكوردییەكانی ئێستا لە ئاستی هەلومەرجی سەربەخۆییدا نین. نەخشەو بەرنامە بۆ سەربەخۆیی كوردستان دائەنێ و هەموو ئەگەرەكان لەو بارەیەوە ڕەچاوئەكا. لە دەرگای هەندێ بابەتیكەش ئەدات (2002) لە سلێمانی چاپ كراوە.

5- **أفكار:** كتاب باللغة العربية. يردفيه، بشجاعة وأقتدار، وبأحداث الأفكار على آراء عدد من الباحثين الذين ينظرون إلى المسألة الكوردية بمنظار ظاهرة التعاطف وباطنه التظليل قصداً أو جهلاً. كما يصحح آراء عدد آخر من الكتاب المخلصين لهذه المسألة. ثم يأتي بآرائه الموضوعية لأنشاء وتنظيم الأمن القومي والرأي العام في كوردستان. كما يأتي بحل واقعي للعقدة المستعصية لأعادة توحيد الأدارتين في جنوب كوردستان. ثم يلقي الأضواء على جملة من المفاهيم الخاطئة السائدة في عقول مغلقة بسبب مؤثرات قرون من الأحتلال والآضطهاد التي نتج عنها سيلا من مركبات النقص والخوف والخجل والأنحراف وعدم الثقة بالنفس أضافة إلى ابحاثه القانونية لأصلاح النظام القانوني في كوردستان مع الترجمة الكوردية لبعض المصطلحات القانونية المتداولة في المحاكم وغيرها من المواضيع. طبع الكتاب في (2002) في السليمانية.

6- کوردایەتی و دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ: ئەشێ بڵێین ئەم پەرتوکە کە لە بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ لە سوید / ستۆکهۆڵم ساڵی (1994) لە (107) لاپەڕەدا چاپیکردبوو، چاپی یەکەمی (کوردایەتی و سەربەخۆیی)ە کە بابەتی برگەی (4)ی سەرەوەیە، لەگەڵ هەندێ جیاوازی و دوای ئەوەی هەندێ بابەتی نوێی خرایەسەر.

7- هەڵبەستەکانی ژیر: کۆی هۆنراوەکانێتی، تا ساڵی (1993) کە دەزگای چاپەمەنی ڕۆژ لە سوید کۆیکردبووەوە و لە (428) لاپەڕەدا چاپیکردووە لەتەك توێژینەوەیەکدا بەناوی (پراوەکانم لە هەڵبەستداو وانەیەك لە بارەی هەڵبەستەوە). کە بە هەردووکیان (463) لاپەڕەی گرتۆتەوە.

8- **گەورە پیاو:** بریتییە لە سێ شانۆنامە بە هۆنراوە. لەتەك چاپی دوومی (ئافرەت و نوشتە) کە ئەمیش هەمان دەزگا لە سوید لە (117) لاپەڕەدا چاپیکردووە.



شانۆنامەی یەکەم (ئەحەی جاو) بە شێوازێکی کۆمیدی لە بارەی ئەو پیاوەوەیە کە لە سلێمانی هەندێ کەس پێیانئەوت (شێت!) هەندێکیش پیانئەوت (وەلی!).

شانۆنامەی دووەم (نازە) کێشمەکێشێکە لە نێوان بەگ و جوتیارو ڕۆشنبیرو دەوڵەمەندو پزیشك و پیشەسازو ئەندازیارو تێکۆشەر و گێرەشێوێندا.

شانۆنامەی سێیەم (گەورە پیاو) بە شێوازێکی کۆمیدی لە بارەی بەشیر موشیری ناودارەوەیە.

شیاوی وتنە، ئەو بەرهەمانەی لە سوید چاپکراون، ژمارەیەکی کەمیان گەیشتنە کوردستان.

9- **جوانی:** تایبەتە بەو هۆنراوانەی لە بارەی جوانی ئافرەتەوە وتراون. (1983) لە سلێمانی چاپکراوە.

10- **کوردایەتی:** تایبەتە بەو هۆنراوانەی لە بارەی کوردایەتییەوە، ساڵەکانی (1958) تا (1960) وتراون، لە تەك پێشەکیەکی مامۆستا جەمال نەبەزدا.

11- **نازەنین:** یەکەم کۆمەڵە هۆنراوەکانێتی کە لە نێوان (1954) تا (1957) وتراون.

12- **ئافرەت و نوشتە:** شانۆنامەیەکی کۆمیدییە، ساڵی (1956) چاپکراوەو لەسەر شانۆی قوتابخانەی ئامادەیی کوڕان لە سلێمانی، نمایشکراوە.

☒ **لە بواری ڕامیاریدا**:

1- ئەندامی حزبی شیوعی عێراقی بووە (1948) بۆ (1958) لەو بڕوایەوە کە کورد لەو ڕێگەیەوە ئەگاتە مافی چارەنووسی خۆی، بەهۆی چالاکییەکانی لەو حیزبەو ڕێکخراوەکانیدا، چەند جار زیندانی کراوە. لە خوێندن پچڕێندراوە. (1954-1955) ڕاپێچی شوعەیبە کراوە،

(1957) تا (1958) وەك دوور خراوەیەكی سیاسی، نێردراوە بۆ ئـەبو غرێب.

2- لـە دامەزرێنـەران و ئەنـدامی سـەركردایەتی كۆمەڵـەی ئـازادی و ژیانەوەو یەكێتی كورد (كاژیك) بووە كە بۆ ماوەی (15) ساڵ لە خەباتی نهێنی و ژێر زەمینیدا بوە.

3- پەیوەندیی نهێنی لەگەڵ پاسۆكدا هەبووەو دوای ڕاپـەڕین، لەگـەڵ چوار هاوبیریدا، مەكتەبی سیاسی پاسۆكیان پێكهێنا.

4- ســاڵی (2004) لـــە دامەزرێنـــەرانی كـــۆڕی ســـەربەخۆیی كوردستانبووە.

5- سەرپەرشـــتیاری گۆڤـــاری (هیـــوا) بـــووە (1957) و (1958) هـەروەها سەرپەرشـتیاری ڕۆژنامـەی سـەربەخۆیی ئۆرگـانی پاسـۆكبوە (1991) تا (1993).

6- ساڵی 1963 حاكمی عەسكەری گشتی ڕەشید موسڵیح فـەرمانی گرتنی بۆ دەركردووە بە تۆمەتی ئەوەی ئۆتۆمبێلێكی بۆ مـەلا مـستەفای بـارزانی كڕیـوە.. ئـەمیش ئـەڵێ: ئەگـەلا بمبوایـە پاسـكیلێكم بـۆ خـۆم ئەكڕی!.

7- سـاڵی (1974) (1975) دادوەرو پـشكنەری دادبـوە لـە شۆڕشـی ئەیلول.

8- ئێـستا سـەرۆكی كۆنگرەی نیـشتمانی كوردسـتانە / سـەركردایەتی باشور.



یەكێك لە شانازییەكانی كامیل ژیر، لاپـەڕەی پـاكی ژیانیـەتی، كەچـی جارێــك لــە پــەرتووكی (دیــدی نەتــەوەیی و نانەتــەوەیی – 2002) كەوتەبەر هێرشێكی ناڕەوای نووسەرێك. بەڵام زۆری نەخایان، هـەر ئـەو نووســەرە، هەســتی بــە هەڵــەی خــۆیكرد، وەك لــەم ڕوونكردنەوەیــەدا دەرئەكـەوێ كـە بـە ئامـادەبوونی بـەڕێزان: (د. عەبـدوڵا ئـاگرین، فوئـاد محەمەد ئەمین سـەراج و فـەرهاد عەبدولحەمیـد پاڵـەوان) نووسـیوێتی و واژویكردووە.

## ڕوونكردنـــــــــــەوە

یەكەم: لەبەرئەوەی هێندێ زانیاریی هەڵەم، لە سەر بەڕێز كاك {كامیل ژیر}، لە پەرتووكی {دیدی نەتەوەیی و نانەتەوەیی} نووسیبوو و بڵاومكردبووەوە. لێرەدا زۆر بە پێویستی دەزانم، ئەو هەڵەیە ڕاستكەمەوە و زۆر بە ڕاشكاوی بڵێم: بۆم دەركەوت، هیچیان ڕاست نین. بەڵكوو ئەوانە تەنیا پڕوپاگەندەی نەیارەكانی كاك {كامیل} بوون، هچ بنەمایەكی ڕاستیان نەبووە و نییە، تا ئێستەش، هیچ كەس و هیچ لایەنێكیش، هیچ جۆرە بەڵگەنامەیەكیان بە دەستەوە نییە، تا هیچ تۆمەتێكی ناڕەوا بدەنە پاڵ ئەو. چونكە ئەوەی لە بارەی كاك {كامیل}ەوە زانراوە، هەموو ژیانی لە پێناوی كوردایەتییدا، بە پاكیی بەختكردووە.

بۆیە دوای ئەوەی پڕوپووچی ئەو پڕوپاگەندانەم بۆ دەركەوت، بە هەموو توانامەوە، ئەو جۆرە تۆمەتانە پووچدەكەمەوە و زۆر ئازایانە، داوای لێبووردنی لێ دەكەم، هیوادارم، تەمەندرێژ و لەشساغبێ.

دووەم: ئەم ڕوونكردنەوەیە، لە یەكەم پەرتووكی داهاتوومدا چاپ و بڵاودەكەمەوە.

دوكتۆر حوسێن موحەممەد عەزیز

سولەیمانیی

2009. 02. 28

# نـــــاوەڕۆك


| بـــابـــەت | لاپـــەڕە | بـــابـــەت | لاپـــەڕە |
|---|---|---|---|
| بەرگی ناوەوە | 1 | گوندەکان و هەڵەبجەو ڕاپەڕین | 41 |
| ئەرکەکان | 2 | دوانزە سوراەی مەریوان | 49 |
| بێ پێشەکی | 3 | بۆ کچێکی مەهابادی | 52 |
| هەمان سوارەم | 5 | داستانی ئەوینی کوردستان | 55 |
| لە مەزادێکی ئاشکرادا | 6 | بۆ خاوەن شەهید | 62 |
| هذا من فضل ربي | 7 | ڕازی مەڕی شار بۆ مەڕی کێوی | 64 |
| سەرانی کورد | 8 | ئۆپەرێتی نازە | 70 |
| بێبارانی | 9 | بۆ جوانێکی هەنگاری | 80 |
| پەژارەی نامۆیی | 10 | نامەیەك بۆ ئەدیدی هەنگاری | 82 |
| بوون و چوونم | 13 | درەختی کوردایەتی | 87 |
| هزری کوردایەتی | 14 | مرۆڤایەتی | 90 |
| کێ وەکو من | 15 | هەڵوێستەیەك | 93 |
| پایز | 17 | ڕازی باخەون | 94 |
| پیتگەلی نامۆ | 19 | تابلۆیەك لە ڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجەدا | 96 |
| کێن لە قەندیلن؟ | 22 | تاسەی گەشبینی | 100 |
| گەریلا و غوریلا | 23 | باوەڕو بەرگە | 103 |
| کاری نەهات | 25 | شانۆی ژیان | 106 |
| کۆڵ و باری ڕۆژگارت بۆچییە | 26 | بێبازاڕی | 108 |
| هیوا | 28 | لە بیرەوەریەکانی ساڵانی دێرین | 110 |
| تەمەن | 30 | خەمی ئەوینداری | 113 |
| ونبوون | 31 | ڕەنج و ئەنجام | 115 |
| دووریی ئازیز | 32 | ئۆلومپیاتی خۆمان | 117 |
| بیرت ئەکەم | 34 | پێنووس و ویژدان | 125 |
| جیابوونەوە | 36 | دروود لە گورگ | 126 |
| الافتراق | 37 | شایی تەڕەماش | 128 |
| بۆ جەژنی پەنجام | 38 | ئەی پێنووسەکان | 131 |





| بـــابـــەت | لاپـــەڕە | بـــابـــەت | لاپـــەڕە |
|---|---|---|---|
| گورگانە شەوێ | 134 | دواتیر | 213 |
| زەنگ | 141 | دوڕو یاقووت | 215 |
| کاروان و نەورۆز | 145 | ئەوین | 218 |
| لە جەژنا | 147 | خۆری خۆشەویست | 219 |
| خەم | 148 | ئەگەر | 220 |
| نەورۆزی کورد | 149 | بەڵێن | 221 |
| گۆرانی جەژن | 151 | سزا | 222 |
| ئاسۆی هیوا | 153 | ترس | 223 |
| کوردستانی من | 154 | نەوبەهاری پایز | 224 |
| ئامانجی من | 156 | دۆزەخی ئەوین | 225 |
| کوردایەتی | 157 | شاکارێکی سروشت و ڕازێکی دێرینانە | 227 |
| سروودی لاوان | 161 | ڕازێکی کلاسیکیانە بۆ جوانێکی سەردەم | 229 |
| سروودی سلێمانی | 164 | نازو پاساو | 230 |
| سروودی ئاشتی | 165 | هەنگوینی تاڵ | 232 |
| سروودی کوردایەتی | 167 | هەڵی لە دەسچوو | 233 |
| عەولە سیسەی قارەمان | 168 | خۆسووتاندن | 234 |
| چەپکێ گوڵ | 173 | نیگا | 235 |
| کۆمیدیای برایەتی | 182 | مەیدە بە ڕووما تاکی دەروازە | 236 |
| بەهاری کوردستان | 187 | ئەمشەو | 237 |
| گوڵاڵە | 194 | سکاڵایەك | 240 |
| بۆ جوانێکی دیل | 196 | لە چاوەڕوانیدا | 241 |
| هەژار لە جەژنا | 199 | لە شاری شاران بۆ گۆلی بابان | 242 |
| من خاوەنی پۆڵێ یارم | 200 | دوا داوام | 245 |

| بـــابــــەت | لاپــەڕە | بـــابــــەت | لاپــەڕە |
|---|---|---|---|
| ڕۆژی گەڵا | 247 | چاوەڕوانی | 288 |
| چرکەی ناهەموار | 249 | ئەندێشەی چاوەڕوانی | 290 |
| کۆنە ڕێساو بەرامەی گوڵ | 251 | لەمن مەترسە | 291 |
| چوون و نەچوونم | 252 | چـــاو | 294 |
| کراسێك و لاگیرەیەك | 253 | تـــۆڵــــــە | 295 |
| ئەندێشەی خۆشەویست | 256 | جۆشی ئەوین | 296 |
| چرکەکانی چاوەڕوانی | 258 | پاڵەپەستۆ | 297 |
| بەجێم مەهێڵە | 259 | خۆزگە | 298 |
| ئەندێشەی نازە | 261 | ئەڵێن و ئەڵێم | 301 |
| تۆ بەکارم جۆشی کوورەی بۆچیە | 262 | لە پاش باران کەپەنك | 303 |
| بۆ پیری موغانم | 264 | بیرێکی ئاڵۆز | 305 |
| وەستان | 266 | جەژنی سی ساڵەی خۆشەویستی | 306 |
| لە نهێنییەکانی بەر پێشانگەکان | 267 | یەکەم نیگا | 309 |
| فریشتەی خەو | 269 | بێ ئارایشت | 310 |
| دڵی من و شوێنەواری | 271 | نامەو بەڵێن | 311 |
| هەنجیر | 272 | ژوان و چاوەڕوانی | 312 |
| بۆ جوانێکی ئاڵۆز | 274 | دەرکەوتنی خۆشەویست | 313 |
| هاواری نیگای دیل | 275 | جوانی دەگمەن | 314 |
| تاوانی بەرگ | 278 | شەپۆلی قژ | 315 |
| هەژاندن | 280 | تەلیسمی چاو | 317 |
| بادەی موو | 281 | ئاوێنەی ڕوومەت | 318 |
| بادەی هەناسە | 282 | خاڵۆی خاڵ | 320 |
| زەماوەند | 284 | گوڵ و لێو | 323 |
| لالەزاری لێو | 286 | خواستی ماچ | 324 |
| تابلۆی برژانگ | 287 | چێژی زمان | 325 |





| بـــابــــەت | لاپــەڕە | بـــابــــەت | لاپــەڕە |
|---|---|---|---|
| گەردنی بەرز | 326 | باوك | 357 |
| دیمەنی پێست | 327 | دایك | 358 |
| نیگاری مەم | 328 | مەرگ و ئاوازو نەورۆز | 360 |
| چلوورەی قەد | 329 | کامەران موکری | 364 |
| ئەندامی ڕێك | 331 | محەمەد ساڵی دیلان | 366 |
| شۆڕشی پێکەنین | 332 | عەبدوڵڵا جەوهەر | 372 |
| ڕەوش و لەنجە | 333 | فەرەیدون عەلی ئەمین | 373 |
| ڕوخساری تۆراو | 334 | ئەحمەد هەردی | 378 |
| بەستەی ئاشتبوونەوە | 335 | ئیسحان فوئاد | 379 |
| سۆزی دەنگ | 336 | شاکیر فەتاح | 380 |
| تاسەی دووری | 338 | بەشیر موشیر | 383 |
| یاد و ئارەزوو | 340 | سەعید گەوهەر | 387 |
| پرسیاری بێ وەڵام | 342 | دوعا | 389 |
| کەنیزەکی ناو چوار دیوار | 345 | سۆرانی مامە حەمە | 390 |
| کارتێکردنی جوانی | 346 | مەرگی خۆشەویستی | 391 |
| بایبوون و پەشیمانی | 347 | بەکورتی | 397 |
| دوو هەڵوێستە | 348 | | |
| جوانێکی تاك | 349 | | |
| دڵێکی شکاو | 350 | | |
| تەوژمی جەنگ | 353 | | |
| تاکەی خەیاڵیش سزا بچێژێ | 354 | | |
| پرسیارێك | 355 | | |